# کورتەمێژوویەکی نێربازی
# لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا

نووسینی: کوردیار

www.pertwk.com

**پێشکەشە بە:**

- شاعیری زمان پاراوی کورد (شێخ رەزای تاڵەبانی).
- ئەوانەی راستییەکانی مێژوو بێترس دەخەنەبەرچاو.

مافی چاپکردنەوە و فۆتۆکۆپی ئەم کتێبە بۆ نووسەر پارێزراوە.

| | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | پێشەکی | 5 |
| 1 | نێربازی | 11 |
| 2 | پێشـــینەی مێـــژوویی دیـــاردەی نێربـــازی و شوێنی لە یاسا و ڕێساکاندا | 24 |
| 3 | بەدواداچـــونێکی دیـــاردەی نێربـــازی لـــە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا | 33 |
| 1/3 | نێربازی لەسەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلامەوە تا کۆتایی چەرخی عەبباسی یەکەم | 36 |
| 2/3 | میسر و چەند نمونەیەکی نێربازی | 69 |
| 1/2/3 | کوشتنی سوڵتانێکی هەتیوباز | 70 |
| 2/2/3 | سەلاحەددین هەتیوبازێکی لەخواترس | 71 |
| 3/2/3 | شێخێکی ئەنگوستیلەباز | 72 |
| 4/2/3 | قازییەکی حیز و چەند پۆزشێك | 74 |
| 3/3 | ئێران یا وڵاتی نێربازان | 76 |
| 1/3/3 | نمونەی مێژوویی | 78 |
| /1/3/3<br>2 | ئەمیر یوسفی برای سوڵتان مەحمود و طغرلە لووس | 80 |
| /1/3/3<br>3 | سوڵتان مەحمود و ئەیازی چاوباز | 81 |
| /1/3/3<br>4 | سزای نێربازی لای تورکانی غوز | 83 |
| /1/3/3<br>5 | ســوڵتان ســنجەری ســەلجوقی .. نێربــازێکی سادی | 84 |
| /1/3/3<br>6 | ســـوڵتان جـــلال الـــدین منکبرنـــی و تـــەرمی هەتیوەکەی | 85 |
| /1/3/3<br>7 | کینەتۆزی دوو هەتیو | 86 |
| /1/3/3<br>8 | نێربازی لای حەشاشەکان | 88 |
| /1/3/3<br>9 | نێربـازی لـە دەربـاری سـەفەویدا (1501–1722ز) | 88 |

| | | |
|---|---|---|
| 2/3/3 | نمونەی ئەدەبی | 92 |
| 4/3 | نێربازی لەسایەی خەلافەتی عوسمانیدا | 106 |
| | پەراوێز و سەرچاوەکان | 111 |





www.pertwk.com

**پێشەکی:**

ئێوارەیەکی ناوەڕاستی حوزەیران لەگەڵ چەند برادەرێك دانیشتبووین قسەی خۆشمان دەکرد, کاتێك کەناڵی ئاسمانی (BBC) وەك عادەتە لەسەری سەعاتدا هەواڵەکانی خۆی پێشکەشکرد, لەنێو ئەو هەواڵانەدا باسی ئەو کۆبونەوەیەی کەشیشە بەرپرسەکانی سەر بە کەنیسەی کاسۆلیکی کرا لە دالاسی ئەمەریکا بەمەبەستی دانانی چەند رێوشوێنێك تا منداڵی کوڕ لەدەست کەشیشەکانی کەنیسە بپارێزن, ئەو کەشیشانەی کە ژمارەیەکیان لەسەرەتای ئەو مانگەدا بەتۆمەتی نێربازی و بەزۆر لاقەکردنی منداڵی کوڕدا, بەگوێرەی یاسای کەنەسی سزادران.

هەواڵێکی ویژدان هەژێنەری وا بووە سەرباسی بابەتەکانی دانیشیتنەکەمان و هەریەکە و بەپێی دید و بۆچوونەکانی خۆی کە خواهەڵناگرێ وەك یەك نەبوون, قسەی لەسەر مەسەلەکە دەکرد, لەراستیدا ناهەقیشیان نەبوو, کەشیشێك کە خۆی بە نوێنەری مەسیحی خودا و خزمەتکاری کەنیسە و پارێزەری راستی و ئاشتی و خۆشەویستی دەزانێ, لە یەکەمین فرسەتیدا و لەنێو ئەو هەموو ئازادیە بەرفراوانەی ئەوروپای رۆژئاوادا, پەلاماری منداڵێکی بێدیفاع دەدات و زامێکی قووڵ لە دەروونی ئەو و ویژدانی مرۆڤایەتیدا دروست دەکات.

دیارە یەكێ لە برادەرەكانمان هەواڵەكەی قۆزتەوە و دابەزییە سەر ڕۆژئاوای ئیمپریالیزم و فەلسەفەی لیبرالیەت و دیموكراتیەتی ڕۆژئاوای بەگەورەترین بەڵای وەخت ناساند, جەنابی پێیوابوو وڵاتەكانی ڕۆژئاوا بەسەرۆكایەتی ئەمەریكا سەرمایەدارن و بوونەتە مۆتەكەی سەر سینگی گەلانی دواكەوتوو و ڕێگرێكی چاوبرسین لەبەردەم گەشەسەندن و خۆشگوزەرانیان دا و بۆئەوەی ڕێگەی پێشكەوتن نەگرنەبەر و هەمیشە بازاڕێكی گەرم بۆ كاڵاكانیان دروستكەن, گۆبەند و پیلانیان بۆ دەنێنەوە و بەگژیەكیاندا دەكەن, ئەم برادەرە دواتر كەوتە باسی تێكڕای ئەو دەرد و نەخۆشییە جەستەیی و دەروونی و كۆمەڵایەتییانەی وڵاتەكانی ڕۆژئاوا, ئەو وڵاتانە وێڕای گەشەسەندن و پێشكەوتنی زانست و تەنكەلۆژیا نایانەوێ و نەیانتوانیوە چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزنەوە. هەر بۆ سەلماندنی قسەكانی چەندە نموونەی دیاردەكانی ئیغتیصاب و باندەكانی كۆیلەی سپی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئایدز و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیەكانی خێزان و زۆربوونی منداڵی زۆڵ و چەندین و چەندین نمونەی دی بە ژمارە و ناوی شوێنەكان هێنا و تاڕادەیەك سەرنجی ئامادەبووانی بۆ ڕاستی بۆچوونەكانی ڕاكێشا.

برادەرێكی دیكەشمان وەك مەلایەكی سەلەفی یەكسەر پەلامارێكی توندوتیژی كردە سەر تەواوی كلتوری ڕۆژئاوا كە بەپێی بۆچوونی ئەو لەسەر كوفر عەلمانییەت دامەزراوە و ناتوانێ جگە لە ناكامی مرۆڤ بەرهەمێكی بەسوود پێشكە بە مرۆڤایەتی بكات, ئەم برادەرە جگەلەوەی نمونەكانی هاوڕێ چەپەكەمانی زوو زوو دەهێنایەوە, خواهەڵناگرێ بۆخۆشی چەند نموونەی سەیر سەیری هێنایەوە كە لەوانە ئامارێكە باس

لە باندە هاوجنسبازەکانی ئەمەریکا و ئەو تاوانانەی کەنیسەی (ابناء الله / نەوەکانی خوا) لە ئەرجەنتین و ئەمەریکا دەرهەق بە منداڵانی کوڕ کردبوویان, کە خۆی لە ڕفاندن و بەزۆر لاقەکردنیان لەپێناوی مەسیحدا دەبینێتەوە. ئەم برادەرەمان بەدەنگێکی زوڵاڵ دەیگوت: لەسایەی حوکمی ئەمەریکای کافر و عەلمانی 10٪ ی تێکڕای خەڵکی ئەو وڵاتە بە ئاکاری قەومی لوطەوە خەریکن و وا بڕوا بنەچەیان نامێنێ, ئەی ئەوە نییە کلینتۆن لە دوا ساڵەکانی حوکمیدا لە کۆشکی سپی چاوی بە نوێنەرانی باندی هاوجنسبازان کەوتووە و بڕیاری هاوکاری و بەرەسمی ناساندنی داون! ! ئەی ئەوە نیە لە سوید وا یاسای جووتبوونی پیاو و پیاویان دەرچواندووە و لە کەنیسە مارەدەکرێن.. ئا ئەمەیە ئازادی و ڕێبازەکەی ڕۆژئاوای کافر بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤ؟! !

بەڕاستی کۆڕەکەمان هەتا بڵێی گەرم بوو, لەم نێوەدا ڕۆژئاوای سەرمایەدار و ئیمپریالیزم و عەلمانییەتی کافر بەتەواوەتی خرانە نێو قەفەسی تاوانبارییەوە, کە بۆ یەکێك مێژووی نەخوێندبێتەوە قسەکان زۆر بەجێ بوون, هەتا من خۆم پێنەگیرا و وتم: ئێ بابە خۆ کلتوری ڕۆژهەڵاتەکەی ئێمەش لەسەر میراتی ئیمپریالیزم و عەلمانیەت دانەمەزراوە, ئەی ئەو دیاردە سەیر و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانە چین کە سەدان ساڵە دەستی لە بینی کۆمەڵگاکانی ناوچەکە ناوە, لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە بۆچوون و نمونەکانیانم سەلماند, هەوڵیشمدا وا باس لەو دیاردە دزێوانە بکەم کە پەیوەندی بە دیموکراتی و عەلمانییەت و خودی ڕۆژئاواوە نییە, ئەوەندەی دیاردەیەکە پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە لە هەرکوێیەك بێت, جا دەسەڵات چ عەلمانی بێ و چ تیوکرات, چ دیکتاتۆر بێ و چ

دیموكرات, بەڵام چەند فاكتەرێك هەن كە ئەو دیاردە درێوانە لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتی و مومارەسەكردنەوە لە كۆمەڵگایەكەوە بۆ كۆمەڵگایەكی دی دەگۆڕێن و تێڕوانینی خەڵكیشی بۆ دیاری‌دەكەن.

دیارە لەبەرئەوەی دیاردەی هاوجنسبازی و بەتایبەت نێربازی بابەتی گەرمی گفتوگۆی دانیشتنەكەمان بوو, هەوڵمدا چەند نموونەیەك لە كتێبە مێژوویی و ئەدەبییەكانی تایبەت بە رۆژهەڵاتی ئیسلامی كە ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێ‌دەڵێن, بخەمەڕوو و گفتوگۆی لەسەر بكەین, باسی ئەو واقیعە كۆمەڵایەتییەی گەلانی ناوچەكەم هێنایەگۆڕێ كە لەسەر كۆمەڵگا و كلتوری ئێمەی كوردیش بێ كاریگەر نەبووە, لەراستیدا پێشتر كە ئاگایەكم لە مێژوو نەبوو, كاتێ بەرهەمە شیعرییەكانی (شێخ رەزای تاڵەبانی, مستەفا بەگی كوردی, نالی, مصباح الدیوان و حەریق)م بەرچاودەكەوت لە خۆمم دەپرسی بۆ دەبێ ئەم كەڵەشاعیرانە شیعریان بەسەر (هەتیوێكی سنەیی) و (سەرقافڵەچی یار) و (ئەم تاقمە ممتازە) و (سۆراخی قنگ) دا وتبێ و لەپای چ كەوتونەتە شەڕەشیعرەوە سەبارەت بەوەی پیاو تالبی عەشقی كچ بێ یان كوڕ. جا هەیانە وەكو عبداللە بەگ (مصباح الدیوان) كە وتویە:

**كوڕ یا كچی خۆش صورت یك جنتە یەك لذت**
**كوڕ بوی وەكو كوثر قد شاخەی طوبی كچ...**
**كوڕ شهدی لبی معلوم كچ وەك عسلی بی موم**
**یك لازمە یك ملزوم نشئە كوڕ و صهبا كچ...**
**كوڕ سروی گلستانە كچ عشرتی مستانە**
**بو وقتی تماشا كوڕ بو هنگامی تەوانا كچ.**

هەشە وەکو نالی (1797–1855ز) عەشقی مەجازی بە کچ ڕەوا بینیوە چونکە:

**کوڕ تازە و تەڕ مادام سادە وەکو خوشکی بێ**
**أما کە ڕووا سەبزە دیبا کوڕ و زیبا کچ**

هەشیانە وەکو (حەریق 1851–1907ز) بەگژ ئەو (کوفر)ەی نالیدا چۆتەوە وتویە:

**کچ تەبعی کەچ و ناقص کوڕ تەبعی تەڕ و خالص**
**هەم صحبت و هەم جالس خۆش منظر و سیما کوڕ...**
**سەد حەیفی کو تۆ (نالی) بەو پیریە منداڵی**
**بەم تەرزە لە عەشق ئەدوێی زیبا کچ و دیبا کوڕ.**

شایەنی باسە بەو چەند نموونە مێژوویی و ئەدەبییانەی هێنامەوە کۆڕەکە هەم گەرمتر و هەم خۆشتر بوو, بەڵام وەك ئاکامی هەر گفتوگۆ و دانیشتنێکی دی هەرکەسە و بەمایەی خۆیەوە هەستا, بەڵام من لەلای خۆمەوە بڕیارمدا کە تەنیا بە قسەی شەو وازنەهێنم و جارێکی دی چاوێك بە هێندێك کتێبی مێژوویی و تێکستی ئەدەبی گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بخشێنم و ئەوەی بێتەبەرچاوم کۆیان بکەمەوە و وەریانگێڕم و هێدی هێدیخولیای نوسینی کورتە مێژوویەکی نێربازیم لەو ناوچەیەدا کەوتەسەر, گەر ئەوانیش هەمان خولیای سەلماندنی بۆچوونەکانیان هەیە وەك کورد دەڵێ: ئەوە عەرز و ئەوە گەز.

(کورتە مێژوویەکی نێربازی), کە وێدەچێ وەك ناونیشان شتێکی عەنتیکە و سەیر بێت و بەخوێندەواری کورد ئاشنا نەبێت و لەنێو کتێبخانەی مێژوویی و ئەدەبی کوردیدا هاوتای


www.pertwk.com

نەبێت, بەڵام بڕوابکەن چەندە هێنام و بردم لەو ناونیشانە پوخت تر و گونجاوترم نەبینییەوە. هەربۆیە دەست لە دەست و قوەت لە خوا کەوتمەکار.

لێرەدا ئومێد دەکەم ئەم نوسینە بە بیرێکی کراوە لێی بڕوانرێ و لەلایەن مێژوونوسان و سوسیۆلۆجست و ئەدیبەکانمانەوە هەنگاوی نوسینی ئەکادیمی گەورەتر و قوڵتری بەدواوە بێت, نەك هەر لەم بوارە, بگرە لە سەرجەم دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابووری و کلتووری کۆمەڵگاکەمان و گەلانی دراوسێماندا و رووداوەکان و دیاردەکان چۆن بوون و چۆن هەن رابگوازرێن. هەروەها پێویستە لێرەدا بڵێم کە رۆڵی من لە نوسینی ئەم کورتەمێژووییەدا تەنیا کۆکردنەوەی تێکستەکان و رێکخستن و وەرگێڕانیان بووە و هیچی دی, قەتیشم ئیدعای مێژوونوسی و شاعیری و قەڵەم بەدەستی نەکردووە و نایکەم و لەمڕووەوە هەر وتومە (عكس رخسار خرشيد أز خفاش مپرس). بەڵام بڕواشم هەیە کە جارجارە حەز و خولیا توانا شاراوەکانی مرۆڤ دەبزوێنن و ئەگەر زوو بیقۆزێتەوە دەتوانێ شتێ بە شتێ بکا, هەربۆیە بێ گوێدانە گەرمای چلە, ملم لە کارەکەم نا, دواتر داوای لێبوردن لە هەر هەڵەیەکی مێژوویی و ئەدەبی دەکەم گەر کرابێ و لەسەر قەولی (ناری) دەڵێم:

**ئەهلی دانا قەت لە (نووسەر) ناگرێ هەرگیز غەڵەت**
**چونکە نەفسێکی ئەدیب و عاقڵ و ژیری نییە**

**کوردیار**
**شەقڵاوە**
2002 / 8 / 10

( 1 )

## نێربازی ( Pederasty )

نێربـــازی یـــا هـــەتیوبازی یـــاخود منـــداڵبازی لادان و نەخۆشییەکی سێکسییە و بەواتای ئەنجامدانی کـاری سێکسـی لەنێوان دوو مرۆڤی بەرەگەز نێردا, کە (بکـەر / فاعـل) وەکـەیان پێگەیشـتووە و لـە کوردەواریـدا یـەکێك لـەو ناوانـەی سـەرەوە هەڵـدەگرێت و (کـارپێکرا / مفعـول)وەکەشـیان زۆربـەی جـار مێردمنداڵــە و نــاوی (هــەتیو) یــا (حیــز) یــان (قونــدەر)ی لــیدەنرێت. ئەمـــەش ئەوەدەگەیـــەنێت کـــە کـــوردیش وەك میللـــەتانی دیکـــەی رۆژهـــەڵاتی ئیســـلامی ئـــەم نەخۆشـــییە سێکسییەی ناسیوە و وێـرای ئـەوەی تێکـڕای مەسـەلەکەی بـە دیاردەیەکی دزێوی کۆمەڵایەتی داوەتەقەڵـەم, لـەنێوان بکـەر و کـارپێکراودا جیاوازییـەکی دانـاوە و کەسـی دووەمیـانی واتـە (حیز)وەکە بە سووکتر و بێنرختر و بەدڕەوشتتر هاتۆتەبەرچاو, چـونکە ئـیرادەی خـۆی لەدەسـتدەدا و دەبێتـە ئـامرازێکی چاوشکاوی خۆشی کەسی بکـەر کـە زۆربـەی جار بەتەمـەنتر و بەهێزتر دەردەکەوێت, مەسـەلەیەکی وا کـە لای رۆژئاواییـەکان بەهەمان دید و تێـڕوانین تەماشـا ناکرێـت, ئـەوان هـەردوولا بـە هاوجنسـباز (Homosexuqlite) دەناسـن و نـاوی (Inversion) یـان دەخەنەسـەر کـە بـەواتای (پێچـەوانە یـان لادەر یـان هەڵگـەڕاوە) دێـت, بەوپێیـەی ئـەو جـۆرە کەسـانە لـە حاڵەتـە سروشـتییەکە لایانـداوە و رۆڵـی سروسـتی سێکسـی خۆیـان نابینن. ئینجا چ ئەمیان بێت و چ ئەویان فەرق ناکات[1].

شـــایەنی باســـە بایەخـــداران و زانایـــان ســـەبارەت بـــە تووشـبووانی ئـەم نەخۆشـییە سێکسـی و دەردە کۆمەڵایەتییـە لێکدانەوەی جۆراوجۆر و پاساوی جیاجیا دەهێننەوە, ئـەوەش لەڕاستیدا بۆ خودی ئاڵۆزی پێکهاتـەی مـرۆڤ و هەمەچەشـنەیی ئەو فاکتەرانە دەگەڕێتەوە کە ئاسەواریان لەسەر مـرۆڤ بـووە و دەبێت, هەر لـە هۆکـاری بۆمـاوەیی و بیۆلـۆژی و دەروونـی تـا دەگاتـە چـاولێکەری و کاریگـەری ژینگـەی کۆمەڵایـەتی, هـەر بەوپێیەش مرۆڤە نێربازەکـان یـاخود هاوجنسـبازەکان بـۆ دوو جـۆر دابـەش دەکـرێن" بەشـی یەکـەمیان لـە سروشـتەوە وا دروسـت بـوون کـە نێربـاز بـن, ئەوانـە هەڵەیـەك لـە پێکهاتـەی ئەندامەکانی لەشیاندا هەیە ئینجا لە دەماغ بێت یا لـە شـێوازی ناڕێك و پێکی کاری گلاندەکان و رژانـدنی ئەنزیمـەکانیان بێـت, بەم گروپـە دەووترێـت هاوجنسـبازە سروشـتییەکان کـە لادانـە سێکسییەکەیان بەدەست خۆیان نییە, ئەمانە ژمارەیـان لەچـاو بەشی دووەمـدا زۆر کەمـە کـە (هـاڤلوك ئـەلیس / Havelock Ellis) ی‌ە لێکۆڵەر رێژەکـەیان بـە 2٪ دانیشـتوانی کۆمـەڵگای مرۆڤایـەوتی دادەنێـت و دەتوانرێـت لـە شـارەکان و دەرەوەی شـــارەکاندا ببینـــرێن و چارەســـەرکردن و گێڕانەوەشـــیان بـــۆ حاڵەتـە سروشـتی و ئاسـاییەکە گـەر مـەحاڵ نـەبێت ئـەوا زۆر زەحمەتـە, مەسـەلەکیی وا کـە تـا نوکـە زانسـت لەبەرامبـەر چارەسەریدا دەستەپاچەیە[2].

دیارە تێگەیشتنی راستییەکی وا گران نابێـت گـەر زانییمـان تاقیکردنـەوە زانسـتیەکان سـەلماندوویانە کـە پیاوێـك نییـە بـەمانای تـەواوی ووشـەکە پیـاو یـاخود نێـر بێـت, بـۆ ژنـیش بەهـەمان شـێوە مەسـەلەکە وایـە, واتـە رێـژەی نێرایـەتی و

مێیایەتی لای هیچیان 100٪ نییە و هەریەکەیان بەشێك لەم و بەشێکی لەوی تری تیایە, بۆ نمونە پیاو هەیە ڕێژەی نێرایەتیەکەی 85٪ ە و 15٪ ی تری مێیینەیە, ئەو ڕێژەیەی کە کەمی و زۆرییەکەی کاریگەری لە ئارەزوو و سروشت و ئاکاری سێکسی مرۆڤەکە دەکات, هەربۆیە بوونی ئەندامی سێکسی نێرینە لە پیاوێکدا مەرجی پیاوەتی تەواو و کامڵی نێرینەیی سێکسی ئەو پیاوە ناگەیەنێت, زۆر ڕێدەکەوێت کەسێکی وا لە شکڵی پیاوەتیدا ئاکاری ژنانەی لە ڕۆشتن و قسەکردن و جل لەبەرکردن و تەنانەت لە ئارەزووی سێکسیشدا هەبێت[3].

ئەم لێکدانەوەیەی لەسەر هاوجنسبازە سروشتییەکان دەخرێتەپێش چاو وای لە هێندێك زانایانی وەك (مانیوس هیرشفیلد) کردووە بەچاوی سووك نەڕواننە نێربازە سروشتییەکان و بەبەدڕەوشت و ناپەسەندیان نەدەنەقەڵەم, بەڵکو چاو لەو ئاکارەیان بپۆشن کە سروشت بەسەریدا سەپاندوون و هەوڵبدرێت سوود لەلایەنە ئیجابییەکانیان وەربگیرێت, بەوەش مافی ئازادی نێربازییەکەیان پێبەخشیون.

هیرشفیلد پاش ئەوە ناوی ژمارەیەکی زۆر پاشا و ئیمپراتۆری نێربازی وەك ئەسکەندەری یەکەمی تزاری روسیا, ئیدواردی دووەم پاشای ئینگلترا کە بووە قوربانی خۆشەویستی (بیرزجانستون). فردریکی گەورەی پاشای بروسیا, هێنری سێیەمی پاشای فەرەنسا کە دەربارەکەی پڕکردبوو لە منداڵی لووس, و هەروەها لویسی دووەمی پاشا بافاریا دەکات و ناوی زۆر لەو شاعیر و نووسەر و ئەدیبە ناسراوانەی ئەورووپا دەهێنێت کە هاوجنسباز بوون, دەیەوێت

بۆ خوێنەری روونبکاتەوە کە ئەو جۆرە کەسانە پێویستە بەڕێزەوە سەیریان بکرێت و سیفەتی نەخۆشییان بخرێتە پاڵ نەك تاوانباری، هیرشفیلد دەڵێت: (لەجیاتی سووکایەتی و هەڵپەساردن، پێویستە تێگەیشتنمان بۆ رەوشی ئەو لادەرانە هەبێت و سوود لە تواناکانیان وەربگرین، هەروەك چۆن یۆنانییەکان پێشتر دەیانکرد)[4].

گروپی دووەمی نێربازان ئەوانەن کە هاوجنسبازییەکەیان سروشتی نییە، بەڵکو چاولێکەری و فێربوونە لەژێر کاری ژینگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ناسروشتییەکاندا، واتە لێرەدا مەسەلەکە پەیوەندی بە سروشتی ناوەوەی نێربازەکەوە نییە ئەوەندەی پەیوەندی بە خراپی ژینگە و کۆمەڵگا و فاکتەرە دەرەکییەکانەوە هەیە، دیارە بوونی هێزی سێکس لە مرۆڤدا بەرادەی جیاواز وەك یەکێك لە غەریزە سەرەکییەکان و هۆکاری زۆربوون، رادەی ئەو گۆڕانکارییانەی لەسەر مرۆڤدا دێت لە قۆناغی هەرزەکاریدا و ئامادەیی کۆمەڵگا و دەسەڵات کە تا چ رادەیەك ئەتوانن وەڵامدەرەوەی پێویستیە سێکسییەکانی تاك بن، سیستمی پەروەردەیی و زۆر فاکتەری تری کۆمەڵگا کە لە رووی ئیجابی و سلبییەوە کاریگەری مەزن لە ئاڕاستەی سروشتی یان لادانی سێکسی لاوان دەکەن و پێویستە بەباشی لەبەرچاو بگیرێن. بەواتایەکی دی کۆمەڵگا و دەسەڵاتێکی گەندەڵ بەمانای بەرهەمهێنانی تاك و نەوەیەکی لادەر، دیارە مرۆڤایەتیش بۆخۆی مێژوویەکی دوورودرێژی لەسایەی جۆرەها شێوازی دەسەڵاتی سیاسی گەندەڵ و نامرۆڤانەی (پاشایەتی چەوسێنەر، ئاییني چەپێنەر، کۆمۆنیستی خەسێنەر، لیبرالیەتی دەوڵەمەندانی تالانکەر)

بردۆتەسەر و تا ئێستاش خەون بەبەهەشتی کامەرانی و یەکسانی و کۆمەڵگایەکی یۆتۆپیاوە دەبینێ و بەجۆرێك رەشبین و سەرلێشێواوە تا لە شوێنێك پشکۆیەك خامۆش دەکا لەجێگایەکی تر بورکانێك سەری لێهەڵدەدا[5].

لەراستیدا لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی چەند ساڵەی بایەخداران و زانایانی کاروباری سێکسی دەریانخستووە کە هەرکەسێك جا چ پیاو بێ یا ژن, لە قۆناغی منداڵیدا بە حاڵەتێکدا تێدەپەرێ کە ئارەزوویەکی سێکسی بەلای رەگەزی خۆیدا (چ نێر بێ یا مێ) دەچێت, کە بەرەو تەمەنی هەرزەکاری و لاوی دەچێت و لەرووی سێکسییەوە پێدەگات گەر هەلومەرجی تێکەڵی و پەیوەندی لەگەڵ رەگەزی بەرامبەردا بۆ لوا ئەوا زووبەزوو مەیلە سەرەتاییەکەی لەبیردەکات, هەروەك شێخ رەزای تاڵەبانی دەڵێ: (مودەتی مەیلی نێربازی و ئێستاکە مەیلی مێ دەکەم), بەپێچەوانەشەوە ئەوا مۆتەکەی لادان و هاوجنسبازی چاوەرێیەتی و چارەنووسیشی یا هەتیوبازێکی ناپەسەند دەردەچێت و یا حیزێکی ریسوا.

د. علی الوردي لە یەکێك لە کتێبەکانیدا ئاماژەی بە دیاردەی نێربازی لە شارەکانی عێراقدا لەسەردەمی خەلافەتی عوسمانیدا داوە و رێژەی جۆری دووهەمیانی بە (40٪) ی دانیشتوانی عێراق مەزەندە کردووە[7], رێژەیەکی وا کە نزیك لە نیوە دەبێتەوە و بۆ کۆمەڵگایەکی موسڵمانی وەك ئەو وڵاتە نەك هەر زۆرە بەڵکو سەرسوڕهێنەریشە, بێگومان ئەوەش ئەگەر راستییەك نیشاندا ئەوا فەسادی دەزگای خەلافەتی

عوسمانی و گەندەڵی كۆمەڵگاكەمان دەخاتەبەرچاو كە پاشتر باسی پێشینە مێژوویيەكەی دەكەین.

الوردي فاكتەرەكانی بڵاوبوونەوەی نێربازی, بەوچەشنە سەیروسەمەرەیە لە عێراقدا بەم شێوەیەی خوارەوە ریزدەكات:

1- **پەروەردەی كوڵان و گەڕەكەكان:** منداڵانی گەڕەكەكان لەسەرئەوە راهاتبوون كە نێربازی بەئازایەتی بزانن و لایەنی نێرایەتی خۆیانی پێ تێركەن و شانازی بە مەسەلەكەوە بكەن و بۆئەوەش ناوی (كسر العین / چاوشكێنی) یان لێنابوو. ئەم عادەتە بەشێوەیەك لەناخی منداڵدا دەمایەوە بەگەورەییش لەكۆڵینەدەبۆوە, هەربۆیە تەنانەت پیاوانی پێگەیشتووش شانازییان بە چاوشكاندنی كەسانێك كردووە. جگە لە بڵاوبوونەوەی دیاردەی (الشد / بەزۆر لاقەكردن) لە شارەكاندا كە تێیدا كۆمەڵێك هەڵدەستان بە دەستوپێ بەستنەوەی كەسێك و بەمەبەستی سوككردنی سواری دەبوون, حاڵەتێكی وا كە تێكشكانێكی دەروونی تەواوی بۆ كارپێكراوەكە دروست دەكرد و تا دوا تەمەنی رووینەدەهات سەر لە ئاستی خەڵكی بەتايبەتی بكەرەكانی بەرزبكاتەوە[8]. دیارە لەنێو كوردەواریشدا ئەو دوو مەسەلەیە بووە و لە قسەی گشتیشدا رەنگیداوەتەوە كە دەڵێن (پیاو ئەو پیاوەیە پیاو بگێ) یاخود (كەسێ بەزۆر بگێن حیز نابێ).

2- **حیجاب و چەپاندن:** وەك الوردي دەڵێت شتێكی سروشتییە لە كۆمەڵگایەكدا چەندە چەپاندن و مەسەلەی جیاكردنەوەی رەگەزی نێر و مێ لەیەكتری بایەخی زۆرتری پێبدرێ بەهەمان رادەش رێژەی نێربازی لەو كۆمەڵگایەدا

زێدەتر و بەربڵاوتر دەبێ, چونکە مرۆڤ بەپێی سروشتی خۆی حەزی بە هاوڕێیەتی و تێکەڵاوی رەگەزی بەرامبەرە و چێژی لێدەبینێ, جا لە حاڵەتێکدا و لەبەر هەر هۆیەك بێت گەر نێر لە مێ جیاکرایەوە, ئەوا پەیوەندیکردن بە هاوجنسەوە دەکاتە ئەلتەرناتیڤ, هاوجنسێك کە لە رووخسار و شێوە و رەوشتدا جۆرە لێکچوونێکی لەگەڵ رەگەزەکەی بەرامبەردا کە مێیە هەبێت[9], یان منداڵی کوڕی تەمەن نێوان (11 ساڵ و 15 ساڵ) واتە پێش گەیشتن و دەرکەوتنی ریش و سمێڵ و رەق بوونی ماسولکەکانی, ئەو قۆناغەی کە تێیدا کوڕ لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ کچدا دەبێت. دیارە خەڵکانی کۆمەڵگا داخراوەکانی رۆژهەڵاتی ئیسلامی بەکوردیشەوە هەستیان بەو مەسەلەیە خەتەرناکە کردووە بۆیە قۆناغی سەرەتا و هەرزەکاری کوڕیان بە مەترسیدارترین قۆناغی ژیانی رۆڵەکانیان داوەتەقەڵەم.

دیارە هەر فاکتەرێکی وایە کە هانی (أوحد مراغەیی) شاعیری گەورەی سەدەی هەشتەمی ئێرانی داوە لەڕووی ئامۆژگارییەوە رووی دەمی خۆی بکاتە باوکانی کۆمەڵگا داخراوەکەی ئێران و بڵێت:

**سادە رخ, نزد انکە خویشش نیست**
**شب چرا میرود کە ریشش نیست**
**مرد بی ریش و دختر خانە**
**نیستند از حساب بیگانە**
**هرکە او را درست باشد پس**
**نرود در قفای کودك کس[10]**


www.pertwk.com

واتە:

منـــــاڵی لـــــووس بەریتـــــە لای بێگانـــــە
بزانـــــە عاقیبـــــەت پەنـــــدی زەمانـــــە
کـــوڕی بـــێ ریـــش لەگـــەڵ کچـــدا چ فەرقـــە
بـــۆ هـــەر بێگانەیـــە بـــێ مـــێ و بێگانـــە
ئەگـــەر هـــاتوو لـــە مـــاڵا ریشـــی دەرکـــرد
دەبـــا دەرچـــێ کـــە ئەوســـا بـــۆت ضـــمانـــە

هەر لە شوێنێکی تردا مراغەیی دەڵێت:

بـــە شـــنایش چـــەمی بـــری چـــون بـــط
دانـــش امـــوزش و فصـــاحت و خـــط
.. گـــر تـــو دانســـتەی بیـــاموزش
ورنـــە نـــگـــذار و بـــدمکن روزش

واتە:

کوڕانتـــان فێرمەکـــەن وەك مـــراوی
لەگـــەڵ خۆشنووســـی و فـــەنن و زانیـــاری
بـــەڵام بۆخـــۆت نەیاندەیتـــە کەســـی دی
نـــەبا رۆژیـــان ببـــێ شـــەوگاری تـــاری

بێگومـان ئـەم بەدبینییـەی شـاعیر لـەخۆڕا نیـە, بـەڵکو گەندەڵی ئەو کۆمەڵگایە کـاری تێکـردوە کـە وەك دواتـر باسـی لێوەدەکـەین نێربـازی تێیـدا دیاردەیـەکی زۆر بـەربڵاو و کـاری وەزیر و گوزیر, زاهید و شاعیر و زۆرینـەی پیـاوانی کۆمەڵگاکـە بوون. شایەنی باسە باوکانی کـوردیش لـەبارەی ئـەم قۆناغـەی

کوڕەکانیانەوە قسەیەکیان هەیە کە دەڵێت (هەزار دینار بدە کورت شەوێك لە ماڵان نەنوێ, گەر نوست میلۆنێیشی پێوەبەستن نەتەوێتەوە), ئەم قسەیە لەگەڵ ئەوەی زێدەڕۆیی تێدایە بەلاَم بۆ ڕۆژی خۆی جۆرە راستییەکی تێدابووە.

لەراستیدا زێدەڕۆیی لە مەسەلەی چەپاندنی سێکسی و جیاکردنەوەی رەگەزەکانی نێرومێ لەیەکتری ئەو حیجابە توندوتیژەی بەسەر کۆمەڵگاکانی رۆژهەلاتی ئیسلامیدا سەپێنراوە, دەتوانرێت بە فاکتەرێکی بنەڕەت و سەرەکی دەرکەوتنی دیاردەی نێربازی و هاوجنسبازی جۆری دووەمیان بدرێتە قەڵەم, ئەوەش زێدەڕۆیی نییە, چونکە وەك زانایان تێبینییان کردووە تەنانەت گەر گیانەوەرانیش لەرووی سێکسییەوە بچەپێنرێن و لە رەگەزی بەرامبەر جیابکرێنەوە, ئەوا ناچاردەبن بۆ خامۆشکردنی ئاگری شەهوەتیان کارێك ئەنجامبدەن کە هەر لە مرۆڤ دەوەشێتەوە. ئەویش پەنابردنە بۆ هاوجنسەکەی تا کرداری سێکسی لەگەڵدا بکات[(11)]. کەواتە فەراهەمکردنی ئازادی تێکەڵی سنورداری رەگەزەکان, پەرەسەندنی ئاستی هۆشیاری سێکسی و کۆمەڵایەتی, پیادەکردنی بەرنامەیەکی زانستی بۆ پەرەپێدانی تواناکانی هونەری و وەرزشی و جەستەیی و دەرونی لاوان, فەراهەمکردنی هەلومەرجی ژیانێکی شەرافەتمەندانە بۆ لاوان تا هەست بە بوون و رێزی خۆیان لە کۆمەڵگادا بکەن و بەرپرسیارێتی ژنهێنان و خێزان دروستکردن لەئەستۆ بگرن. ئەوانە و چەند هەنگاوی ئیجابیانەی دیکە دەتوانن لە رێژەی لادانی لاوان و نێربازی کەم بکەنەوە, ئەوەش ئەرکی پلەیەکی دەسەڵات و خێزانە, چونکە هەڕەشەی دۆزەخ و قسەی زلی

سەر مینبەرەكان و نوكەشەقی پۆلیسی بەندیخانەكان ناتوانن چارەسەری مەسەلەیەكی وا بن, هەروەك كابرای كوردە دەڵێت: (پیاو كە كێری هەستا سێ بەشی عەقڵ و دینی لەدەست دەدا)[12].

3- هەروەها (د. الوردي) لە رووی مێژووییەوە دیاردەی نێربازی لەعێراقدا بۆ كەلتوری سوپای ئینكشاری (هێزی نوێ) دەگێرێتەوە. كە پێش ئەوانیش مەمالیكەكان بوون, ئەوانەی كە لەلایەن دەزگای خەلافەت و دەسەڵاتدارانییەوە بە منداڵی لە بازارەكانی كۆیلە لە دەرەوە و ناوەوە دەكڕان و ئەركی پێویستیان پێدەسپێردرا, جوانەكانیان دەكرانە خزمەتكار لە دەربار و ماڵی سوڵتان و وەزیر و فەرماندە سەربازی و لێپرسراوەكاندا, ئەوانە وەك ئامرازێكی سێكسی بەكارئەهێنران لەپاڵ كارەكەی خۆیاندا, هێندێكی تریشیان بۆ كاری بەڕێوەبەرایەتی و سەربازی دەخرانە خوێندنگای تایبەتەوە دوور لە رەگەزی مێ دەچەپێنران, هەربۆیە نێربازی و پەنا بۆیەكبردن لەو خوێندنگایانەدا لەنێوان خوێندكارێك و ئەویدی, یاخود لەنێوان خوێندكارێك و مامۆستا بێژن و چەپێنراوەكەیدا كارێكی ئاسایی بووە[13] فاكتەرێكی وا كە هەردەچێتە ریزی فاكتەری دووەمەوە.

لێرەدا پێویستە بوترێت ئەوانەی لەئەنجامی چەپاندنی سێكسی و داخراوی كۆمەڵگاكەیانەوە نێربازی دەكەن ژمارەیان زۆر زیاترە لە نێربازە سروشتییەكان, بەڵام هەلی گەڕانەوەیان بۆ باری ئاسایی سێكسی لەبارتر و ئاسانترە, هەركاتێك هەلومەرجی ژنهێنان و تێكەڵ بوونیان لەگەڵ رەگەزی

بەرامبەردا بۆ هەڵکەوت, ئیدی عادەتە کۆنەکەیان لەبیردەکەن. دیارە ئەم نێربازە چەپێنراوانە رێـژەیان لـە شـارەکاندا زۆرە و لـە گوندەکانـدا یـان نـین یـاخود هـەر زۆر کـەمن. چـونکە ئـەو ئازادییە رێژەییەی لەنێوان رەگەزی نێر و مـێدا لـە گوندەکانـدا هەیـە کـە یـەکتر ببیـنن و کـارکردن و قسـەکردنیان فەراهەمـە, هـەروەها ئاسـانی پرۆسـەی ژنهێنـان و دامەزرانـدنی خێـزان و بەردەوامبوونی, ئەمانە تێکڕا وادەکەن مەیلی کـوڕی هـەرزەکار بەلای شۆخە کچی ئەگریجە رەشمار و چاوبەخوماردا بچێت, بەپێچـەوانەی شـارەکانەوە کـە مـەیلی هـەرزەکاری تێـدا روودەکاتـە مەیخانـە و شەرابنۆشـی و چـاوی سێکسیشـی لەدەستی ساقی شـەرابگێڕ بـووە کـە لـەو کۆمەڵـە داخراوانـەدا هەمیشە کوڕ بوون. بە قەولی مستەفا بەگی کوردی:

**سەبا یارانی مەجلیس گەر هەواڵی من دەپرسن لێت**
**بڵێ کێشاویەتە مەیخانە چاوی بێچووە عەیارێ[14].**

4- (ابـن خلـدون)ی زانـا و کۆمـەڵناس لـە (المقـدمـة) کەیـدا نێربـازی وەك دیاردەیـەکی بەدڕەوشـتی شارنشـینی و بەسـیمایەکی گەنـدەڵی شارسـتانییەکان دەداتەقەڵـەم و پێیوایـە چـینە دەوڵەمەنـد و تێرەکـان پـاش گەیشـتنیان هەموو رێگایەك دەگرنەبەر تا ورگ و ژێر ورگیان تێرکـەن و دەست دەدەنە بـەرەڵلایی و لـەپێناوی بـەدیهێنانی چـێژ و تـام و خۆشـی جۆرەهـا هونـەری خـواردن و کـردن و خواردنەوە دادەهێنن و ملـی پێـوەدەنێن, بـەوەش روو لـە داوەشـین دەکـەن و کێرڤەکـەیان بـەرەوخوار کـە داڕمانـە شۆڕدەبێتەوە[15]. بێگومان ئەم بۆچوونەی ابن خلـدون تـا رادەیەکی زۆر بۆ لێکدانەوەی دیاردەی لادانەکان و لەوانە


www.pertwk.com

نێربازی لە شارستانییەتە کۆنەکاندا ڕاستە و بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان نرخی خۆی لەدەست نەداوە. لەڕاستیدا ئەو لێکدانەوەی ابن خلدون زیاتر چینی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداران لە پاشاکان و خەلیفەکان و سوڵتانەکان و وەزیر و والی و ئومەراکان دەگرێتەوە لەگەڵ دەست و پێوەند و کارمەندە سەربازی و بەڕێوەبەرایەتییەکانیان و ئەو شاعیر و نووسەرانەی لە دەربارەکاندا بەباڵای دانیشتوانیدا چڕیویانە.

لێرەشەوە دەتوانرێت بوترێت گەر دیاردەی نێربازی کەسانی ڕەشۆک و دوور لە دەسەڵات بە نەخۆشی دابنرێت, ئەوا هەمان سیفەت لەلای شا و خەلیفە و سوڵتان و دەست و پێوەندەکانیان بە نەخۆشی و تاوان بدرێتەقەڵەم, چونکە خودی ئەوانە لە بنەڕەتەوە زۆردارن و بەکەڵەگایی خەڵکییان ژێردەست کردووە و پلەوپایەکەیان دەکەنە ئامرازێکی زۆردارانە بۆ دابینکردنی چێژ و تێرکردنی حەزە بێسنورە نەخۆشەکانیان و شمشێریش بە ڕووی ئۆپۆزسیۆنەکانیاندا بەرزدەکەنەوە و خوێنیان حەڵاڵ دەکەن, لەلایەکی ترەوە ئەوانە پشت دەکەنە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی و پابەندی دادوەری و بەها بنەڕەتییەکانی دەسەڵاتدارێکی نمونەیی نابن و هەمیشە لە خولیای مەبەستە تایبەتییەکەی خۆیانن, لەوەش بترازێ ئەو چینە کارایەکی زۆر سەلبی و خراپ لە تەواوی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگادا دەکەن و دەبنە یەکەمین هەڕەشە لەسەر بەها کۆمەڵایەتییە سوودبەخشەکان یان باوەکان. چونکە وەك دەوترێت (الناس على دين ملوكهم) واتە خەڵك لەسەر ڕێبازی پاشاکانیان ڕێدەکەن, چونکە ناچاردەکرێن.

نموونەیەکی بچوك لەسەر نێربازی دەسەڵاتداران کە شێوازی ئەشکەنجەدانی (Sadisme) ئاوێتەببوو لە کتێبی

(تـأريخ طبرسـتان) دا دەخوێنینـەوە کـە لـە باسـی حکومـەتی (علاء الدولة حسن بن رسـتم) ئامـاژەی بـە یـەکێ لـە دەسـت و پێوەندەکانی ئەمیر داوە کە ناوی (حرب لارجـانی) بـووە, ئـەم کابرایە تا بڵێی سەرسەری و زۆردار بووە, لە ئاکارە دزێوەکانی ئەگێڕنەوە کە ئافرەتیهێناوە و شەرابی داوەتێ و پاشـان لـوت و گـوێی بڕیـوە و خسـتویەتە ژێـر غولامێکییـەوە, ئینجـا خـۆی لەپشتەوە سواری غولامەکەی بووە و دواتر پێش و پاشی ژن و غولامەکـەی بـە مـۆم داغ کـردووە, تـا لـە ئاکامـدا غولامـەکانی فرسـەتیان لـێهانی و لـەنزیك شـاری لارەوە لـە ئەسـپەکەی هێنایانـەخوارەوە و پـاش بڕینـی هـەردوو دەسـت و قاچـی کوشتیان[16].

سوڵتان سەنجەری سەلجوقیش هەمان بەزمی هـەبوو, پـاش ئەوەی ماوەیەك نێربازی لەگەڵ غولامێکی خۆیدا دەکرد, ئینجا فەرمانی دەدا بەخراپترین شێوە بیکوژن[17].

پـێش ئـەوەی ئـەم باسـە جێـیبهێڵین دەکـرێ بڵـێین کـە نێربازەکـانیش لـە ڕووی پلـە و کـاری هاوڕەگەزبازییەکەیانـەوە جۆراوجـۆرن, هەیانـە لـە هـەموو هەلومەرجێکـدا پـەنا بـۆ هاوڕەگەزەکـەی خـۆی دەبـا و حیسـابێك بـۆ ڕەگەزەکـەی بەرامبـەری دانانێـت, هەشـیانە لـە هـەردوو ڕەگـەز چـێژ وەردەگرێت و هەرچییەکی بۆ بلـوێ خـۆی لـێلانادا, بەقـەولی مامۆستا نجم الـدين مـەلای ڕەحمـەتی ئەوانـە (ذوالجنـاحين)ن, هەنـدێکیش هـەن هەمیشـە لەگـەڵ ڕەگـەزی بەرامبـەردا کـاری سێکسی ئەنجام دەدەن, بەڵام لە ڕووی ناچاریشـەوە جارجـارە پەنا بۆ ڕەگەزەکەی خۆیـان دەبـەن, هەشـیانە بـەپێی قۆناغـە جیاوازەکـانی ژیانیـان ئـارەزووی سێکسـییان دەگۆڕێـت و هەمیشە لە حاڵەتێکی نەگۆڕ و چەسپاودا نامێنێتەوە.

( 2 )

## پێشینەی مێژوویی دیاردەی نێربازی و شوێنی لە یاسا و ڕێساکاندا

نێربازی وەك لادانێکی سێکسی و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ساڵ و شوێنی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی بۆ دیاری‌نەکراوە, ئەم دیاردەیە وەك هەر دیاردەکانی تری پابەند بە مرۆڤ تەمەنی هاوتای تەمەنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە, هەربۆیە ناتوانرێت مەسەلەی دەرکەوتنی بەناوچەیەکی جیاواز و نەتەوەیەکی دیاریکراو و شارستانیەکی تایبەتەوە ببەسترێتەوە. بەڵکو لە هەر شوێنێك مرۆڤ ژیاوە, ئەویش بووە, بەڵام چەندە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگا ئاڵۆزتر بووە, چەندە ژمارەی مرۆڤ روو لە زیادبوون بووە و چینە کۆمەڵایەتییەکان مەییوون, کەی مرۆڤ ماڵئاوایی لە ژیانی سروشتی و تێکەڵاوی رەگەزەکانی کرد و لە شارەکاندا پەستێورا, کەی چینەکانی مرۆڤایەتی گەیشتنە ئاستێك چینێك بەزۆری زۆردارەکی لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاساییەوە شوێنی پلەیەك بگرێت و جگەلەوەی ئارەزووەکانی بەسەر چینە بێدەستەڵاتەکەدا دەسەپێنێ و رەگەزی مێش بکاتە ئامرازێکی سێکسی و بەهەزارەهایان لەودیوی شورەی قەڵاکانیان بپەستێوێ, لەبەرامبەریشدا چینی بەرامبەر پێیان ناکرێ بە شەش حەوت برا مێینەیەکیان دەست کەوێت و چاوەڕێی مردنی باوکیان بکەن تا دایکیان بە میراتی بەرکەوێت(18). لە حاڵەتێکی وادا چینی یەکەم بۆ وەدەستهێنانی خۆشی و چێژی زیاتر و تێرکردنی لایەنە سادیسم و زۆردارانەکەیان کەوتونەتە نێربازی و لەبەرامبەریشدا

چینی نـەدارا و بێدەسـەڵات بـەهۆی چـەپاندنی لەرادەبـەدەر و بـەهۆی دەسـتنەکەوتنی رەگـەزی مـێ و لـە رووی ناچـارییەوە گرفتـاری هـەمان نەخۆشـی کۆمەڵایـەتی بـوون, هەنـدێك جـار مـۆتیڤی رق و بێـزاریش هـانی سـەربزێوەکانی داون دەسـت لـە منداڵە لوسەکانی دەوڵەمەندەکان بوەشێنن و لەداویان بهاون و چاوشکێنیان کەن, لـە دیـدی شـێخ رەزاوە سـەربزێویکی وا بـە حەیا و بەشەرەفە و جێی رێزە کاتێك دەڵێت:

**ئـــەوەی هـــەیبێ حـــەیا و شـــەرەف و نـــامووس**
**ئەبـــــەد ناکـــــا رەفیقـــــی تـــــاقمی لـــــووس**
**گــەر خۆتیــان بــۆ بەکوشــت بــەیت و نــەیانگێی**
**قســـــەی وات پێـــــدەڵێن نـــــەیگرێ قـــــامووس**

کەواتـــە نێربـــازی مێژوویـــەکی دێرینـــی هەیـــە و زیـــاتر دیاردەیەکی کۆمەڵگای شارنشینە و لـە تـەواوی شارسـتانییەتە کۆنەکانی چین و هیند و یونان و رۆمان و نەوەکانی دوای ئەوان و تا ئێستاش بینراوە و دەبینرێت, مێـژوو بۆمـان دەگێرێتـەوە کە نێربازی لەسەردەمی سۆکرات و ئـەفلاتون دا واتـە سـەدەی چوارەم و سێهەمی پێش زاین دیاردەیەکی بەربڵاو و باو بووە و یونانییـەکان بـەکارێکی دزێویـان دانـەناوە, لـەوەش تێپـەرێت یاسـای یۆنـانی رێگـای‌داوە و پیـاوانی دەوڵـەت و لێپرسـراوان پێیان ئاسایی بووە لەگەڵ (غولام/هەتیو)ەکانیان بچنە شـوێنە گشتییەکان.

دەڵێن کە سۆکرات پێی‌وابـوو کـە سـەیرکردنی مامۆسـتا بـۆ منداڵ بەچاوی عیشق و خۆشەویستی کارێکی پێویست بووە بۆ گەیانـدنی زانسـت و زانیـاری و لەخزمـەت پرۆسـەکەدا بـووە, ئەگەر مەسەلەیەکی وا بۆ سوکرات راستیش نەبێت ئـەوە کـەس

ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات کە ئەفلاتونی قوتابی سۆکرات لەدڵەوە عەشقی منداڵ دەبوو, ئەو پێیوابوو کە ئاساییە پیاوێك عەشقی پیاوێك بێت.

هەروەها لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆمان و دوایین قۆناغەکانیدا نێربازی دیاردەیەکی تەواو بەربڵاو بوو, وێڕای ئەوەی یاسا سزای توندی بۆدانابوو, مەسەلەیەکی وا کە نەبووە رێگر لەبەردەم ژمارەیەکی زۆر لە ئیمپراتۆر و (ئەشرافەکانی) دەربارداتا لەرێگای ئەو لادانەسێکسییەوە چێژ وەرگرن, چونکە ئەوانە هەمیشە لەسەروو یاساوە بوون[19].

لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا لەگەڵ ئەوەی نێربازی دەبینرا بەڵام بەپێی یاسای کەنیسە و کەشیشەکان کە زۆربەیان بەهۆی چەپێنراوی سێکسیان ممارەسەیان دەکرد. بەتاوان دەژمێردرا و سزاکەشی کوشتن بوو, یاساکانی روسیای تزاری, نەمساوی, ئەڵەمانی و ئینگلیزی تێکرا پێیان لەسەر توندترین سزای نزیزکبوونەوەی نێوان دوو هاوجنسی نێر دادەگرت, تا ناپلیۆن هات و تەواوی سزاکانی تایبەت بە نێربازی رەتکردەوە جگە لە حاڵەتی (اغتصاب / Viol / بەزۆرگاین) دا کە مەسەلەکە لە ئارەزووی هەردوولا تێدەپەڕێت[20].

سەبارەت بە رۆژهەڵاتەکەی لەمەڕ خۆشمان گەر بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان قەزاوەت بکەین دەکرێت بە لانکی نێربازی بدرێتەقەڵەم. دیاردەیەکی بەوجۆرە کە لەگەڵ پەرەسەندنی شارستانییەکاندا بەجۆرێك پەرەیسەندووە کە دەتوانرێت سەدەکانی نێوەڕاستی تێدا لە رووی سێکس و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە (سەدەکانی نێربازی) ناوبنرێن.

یەکەمین ئاماژە بۆ دیاردەی نێربازی لەم ناوچەیەدا لە بەشی 19 ی (سفر التكوين) ی تەوراتی کتێبی پیرۆزی جووەکاندایە و لەژێر ناونیشانی (خراب سدوم / وێرانی سەدوم)دا بەپێی ئەم نوسراوە ئایینیە کۆنە خەڵکی شاری سەدوم کە پایتەختی گوندە بچوکەکانی دەوروبەری ڕووباری ئەردەن بووە بە گەنج و پیرەوە نێرباز بون, کاتێ: برازاکەی حەزرەتی ئیبراهیم کە ناوی (لوط) بووە چۆتە سەدوم نیشتەجێ بووە و ڕۆژێکیان دوو پەری لەلای یەزدانەوە دەبنە میوانی, تێکڕای خەڵکی شار دەوری ماڵەکەی دەدەن و داوای لێدەکەن ڕێگایان بدات سێکس لەگەڵ ئەو دوو پەرییەدا بکەن کە لە شێوەی دوو گەنجی جواندا بوون, کاتێ لوط ڕێگایان نادات و پێیان دەڵێت وەرن دو کچی لۆکم هەیە لەگەڵ ئەواندا رابوێرن و واز لە میوانەکانم بهێنن, خەڵکی شار گوێی بۆناگرن و بەزۆر ئەیانەوێت کارەکەیان ئەنجام بدەن و ئاگری شەهوەتیان دامرکێنن, هەربۆیە پەلاماردەبەن, پەرییەکان ئەو ڕۆژە خۆیان و لوط و خێزانەکەی دەگەیەننە شاری (صوغر) و بەیانی ڕۆژی پاشتر بەفەرمانی یەزدان ئاگرو گۆگرد بەسەر سەدومدا دەبارێنن و ژێرەوژووری دەکەن[21].

لە کتێبی پیرۆزی موسڵمانانیشدا کە (قورئان)ە لە چەند شوێنێکدا ئاماژە بۆ نێربازی قەومی لوط و سزادانیان لەلایەن خوداوەندەوە دراوە و وەك خەڵکێکی گوناهبار و خراپکار باسکراون و کە بە کارێکەوە خەریکن پێش ئەوان کەسی تر نەیکردووە, لە سورەتی الأعراف دا هاتووە (ولوطاً اذ قال لقومه تأتون الفاحشة ما سبقكم بها من أحد من العالمين, انكم

لتأتون الرجال شهوة ومن دون النساء بل انتم قوم مسرفون.. وامطرنا عليهم مطراً فأنظر كيف كان عاقبة المجرمين)[22].

**واتە:** (لوط بە قەومەكەی خۆی وت ئەوە چیە دەستان داوەتە خراپەیەك پێش ئێوە كەس نەیكردووە, ئێوە زێدەڕۆیی دەكەن و وازتان لە ژن هێناوە و بە پیاوانەوە خەریكن, بارانێكی وامان بەسەریاندا باراند و سەیركە چارەنووسی تاوانباران بەكوێ دەگات).

هەروەها قورئان لە ئایەتی (25–35) ی سورەتی (العنكبوت) دا ئاماژەی بە نێربازی قەومی لوط داوە و بە فاسق و گوناهباری داناون كە شایەنی سزای یەزدان بوون و كراونەتە پەند بۆ خەڵكانی دوای خۆیان. لە سورەتی (الشعراء) یشدا جارێكی دی باس لە نێربازی ئەو قەومە كراوەتەوە لە ئایەتی (165 و 166)دا دەڵێت: (تأتون الذكر ان من العالمين, و تذرون ما خلق لكم ربكم من أزواجكم بل أنتم قوم عادون).

**واتە:** ئەی قەومی لوط لەم جیهانەدا پەنا بۆ نێر دەبەن سێكسی لەگەڵدا بكەن و خۆتان لە رەگەزی مێ لادەدەن كە خوا پێی بەخشیوون, ئێوە قەومیكن زۆرتان تێپەڕاندووە.

بەداخەوە نە لە تەورات و نە لە قورئاندا ئەوە شینەكراوەتەوە كە بۆچی خەڵكی سەدوم وازیان لە ژن هێناوە و رێبازی نێربازییان گرتۆتەبەر, ئایا تێكڕای خەڵكی شارەكە وابوون و كەسیان تێدا نەبووە نێرباز نەبێ؟ ئەگەرنا ئەی چۆن رەگەزی خۆیان پاراستووە؟ ئایا نێربازییەكەیان سروشتی بووە یان بۆخۆشی و یاخیبوون بووە لە پەیوەندییە سێكسییە ئاسایی و سروشتییەكانی نێوان نێر و مێ؟ ئەی گەر شارەكە

وێرانکرا و خەڵکە نێربازەکەی سەریان تێدا چوو ئیتر مانەوەی ئەو دیاردەیە و پەرەسەندنیشی بەوشێوەی دوایی باسی لێوەدەکەن مانای چی دەگەیەنێت؟ تۆ بڵێی کەسانێك لەوانە لە سزا یەزدانیەکە رزگاریان بوبێت و خۆیان گەیاندبێتە گوندەکانی دەوروبەر؟!!

هەرچۆنێك بێت زاراوەی (لوطي) لە رێگای قورئانەوە چۆتە زمانی عەرەبییەوە و بەواتای کەسێکی نێرباز دێت و شێوەی فەرمانی وەرگرتووە بۆتە (لاط, يلوط, لوطي, ملوطاً بە, لائط) کە دەبوایە لە بنەڕەتەوە (سدومی) بکرایەتە هاوتای نێرباز, چونکە خودی لوط نێرباز نەبووە و دژی کارێکی بەوچەشنە وەستاوە. ئەوەی پێیهەستاون خەڵکی سەدوم بوون. بەوەش عەرەب بۆئەوەی بزانن خراپەیەکی گەورەیان دەرهەق بە لوطی پیاو چاك کردووە, هەربۆیە لەکاتێکدا باوکانی موسڵمان ئامادەبوون ناوی گیان لەبەران لە منداڵەکانیان بنێن, کەچی یەکێ نابینی ناوی (لوط)بێ, کە لە بنەڕەتدا ناوی پێغەمبەرێکی خودایە.

شایەنی باسە زانایانی شەریعەتی ئیسلامی لەسەر مەسەلەی نێربازی و سزاکەی هاوبیر و هاودەنگ نەبوون, ئایا وەك (زنا) مامەڵەی لەگەڵ بکەن کە سزاکەی (100 شەلاق)ە گەر رەبەن بێت (الزانية والزاني فأجلدوا كل واحد منهما مائة جلدة ولا تأخذكم بهما رافة) واتە: (پیاو و ژنی داوێن پیس سەد شەلاقیان لێبدەن و روحمیان پێمەکەن. سزای سەنگساریش بۆئەو پیاوو ژنە داوێن پیسانەن کە جگەلەوەی شەرع بۆی حەلاڵ کردون خراپە لەگەڵ نامەحرەمدا دەکەن واتە (الرجم


www.pertwk.com

حتـى المـوت / بـەردەباران تـا مـردن) هـەروەك پێغەمبـەری موسڵمانان پەیڕەوی کردووە و ئیمامەکانی ئیسلامیش لەسەری رێکەوتوون, ئایـا بـەم جـۆرە بێـت یـان سـزای نێربـازی لـە زنـا جیابکەنەوە[23].

لەراستیدا ئەو رایەی زۆرینەی زانایان پەسەندیان کـردووە و قورئان و حەدیسی پێغەمبەریان بۆ کردۆتە بەڵگـە کـە لـە (أبـو موسى الأشعری)یە ریوایەت کراوە و دەفەرموێ: (اذا اتى الرجل الرجل فهما زانیان, و اذا اتت المرأة المرأة فهمـا زانیتـان) واتـە: (گـەر پیاوێـك سێکسـی لەگـەڵ پیاوێکـدا کـرد و ئـافرەتێکیش بەهەمان شێوە لەگەڵ ئافرەتێکی تـردا ئـەو کـارە بکـات ئـەوا هەردووکیان زناکارن, هەربۆیە ئەوانە نێربازییان بە زنا لەقەڵەم داوە و حـــوکمی ئـــەو گوناهـــە شـــەرعییەی بەســـەردا دەسەپێنن[24].

بەقەولی شاعیرێکی فارس:

**برقیـاس خـویش دانـی هـیچ کـایزد درکتـاب**
**أز چ معنـــی دو زن کردســـت مـــردی بهـــا**
**ور زنـا کـردن چوکشـتن نیسـت از روی قیـاس**
**هـــردو را کشـــتن چـــویکد پگـــر آمـــد جـــزا** [25]

واتە:

**بـــــەپێی شـــــەریعە و تێکســــــتی دینـــــی**
**هــــــەردوو ژن بەیـــــــەك زەلام حیســــــاوە**
**کاتـــــێ کابرایــــــەك هــــــەتیوێ بگـــــێ**
**لـــــــەجیاتی ژنـــــێ دوو ژنـــــــی گـــــاوە**

لەم بارەیەوە (سید رضا) لە بەشی هەشتەمی تەفسیری (المنار) دا قسەی لەسەر نێربازی کردووە و بەکارێکی بەد و خەتەرناکی دادەنێت لەسەر گیان و بەدەنی مرۆڤ و بەتوندی ڕەخنە لەو لێکۆڵەر و نووسەرانە دەگرێت کە دەیانەوێت پاساوی جیا جیا بۆ ئەو دیاردەیە بهێننەوە و دەیەوێت پێیان بسەلمێنێت کە ئەو کەسەی لە لاوێتیدا بەو دەردەوە گرفتار دەبێت و ڕۆڵی بکەر (نێربان) دەبینێ, کاتێك دەچێتە تەمەنەوە هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێت بە پارەیەکی زۆر پیسترین زەلام سواری خۆی کات و ئابڕوویەکی بۆ نامێنێتەوە[26].

لەم بارەیەوە باسکردنی دید و ڕای ئیمامی (مالك) کە یەکێکە لە چوار ئیمامە گەورەکانی ئەهلی سونەت و جەماعەت سەبارەت بە نێربازی سەرنجڕاکێش دێتەپێش چاو, چونکە ئەو ئیمامە پێیوابوو کە پیادەکردنی حەدی شەرعی بۆ نێربازی پێویست ناکات و نێربازیشی لە زنا جیاکردۆتەوە, چونکە لە رووی ناو و شوێن و ئاکامیشدا لە زنا جاوازی هەیە, ئیمامی مالك لەگەڵ ئەوەی سزای گرتن یاخود دورخستنەوەی بۆ کابرایەکی نێرباز داناوە, فەتوایەکیشی لەو رووەوە داوە کە نە شیش بسووتێ و نە کەباب, ئەویش ئەوەیە کە هەر پیاوێك غوڵامێکی هەبێ کە موڵکی خۆی بێ, گەر سواری بوو ئەوە سزای شەرعی ناکەوێ (ان الحد لا یلزم من یلوط بغلام مملوك)[27].

لێرەدا پێویستە جارێکی دی بگەڕێنەوە بۆ قورئانی پیرۆز, ئەو کتێبە ئاسمانییەی وێرای ئەوەی بەتوندی دژی ئاکاری نێربازی قەومی لوط وەستاوە و بەتاوانبار و فاسقی ناوبردوون نەفرەتی یەزدانی پێ ڕەوا بینیون, کەچی لە چەند سورەتێکدا



www.pertwk.com

وەك پاداشتێکی ئەو دنیای پیاوچاکان باسی لە منداڵی جوان کردووە کە ئەرکی (خزمەت و شەرابگێڕانیان) هەیە, ئەو منداڵانە وەك لوءلوء وان و هەرگیز ناچنە تەمەنەوە و پیرنابن, بڕوانە:

سورەتی (الطور) ئایەتی (24): و یطوف علیهم غلمان لهم کأنهم لؤلؤ مکنون.

سورەتی (الواقعة) ئایەتی (17–18): یطوف علیهم ولدان مخلدون, بأکواب و اباریق و کأس من معین.

سورەتی (الأنسان) ئایەتیٍ (19): و یطوف علیهم ولدان مخلدون اذا رأیتهم حسبتهم لؤلؤاً منثورا.

دیارە تێکڕای موفەسیرەکان باس لەوەدەکەن کە ئەو غیلمانانەی بەهەشت ئەو غیلمانانە نین کە لەدنیادا هەن و جگەلە خزمەت نەبێت کە شەرابگێڕانە ناکرێنە ئامرازێکی سێکسی, بەقەولی نالی شاعیر:

**جەنەت پڕی ولدانە, خادیم هەموو غیلمانە**
**خانم کەتی یا حوریین یەکسەر هەموو حەسنا کچ**

لەم نێوەدا (یحیی بن اکثم 159–242ك) موفتی خەلافەتی عەباسی لە سەردەمی مەئموندا مەسەلەکەی بەجۆرێکی دی لێکدەدایەوە, یەحیا کە وەك مەسعودی باسی لێوەدەکات نێربازێکی عەجایەب بووە و 400 هەتیوی لوسی لەماڵدا ڕاگرتووە[28].

ئەم کابرایە لەشەرع و زانستە ئاینییەکاندا زۆر باڵادەست بووە و چەند دانراوی لەو بارەیەوە هەبووە کە گرنگترینیان کتێبی (التنبیه) بووە, یەحیا دەیوت:

(قد اكرم الله تعالى أهل جنته بأن أطاف عليهم الغلمان في حال رضاه عنهم لفضلهم على الجواري, فما بال لا اطلب هذه الزلفى والكرامة في دار الدنيا معهم)[29].

واتە: خوا کاتێ لە بەندەی خۆی ڕازیبێ بەوە پاداشتی دەداتەوە کە لەبەهەشتدا مێردمنداڵی جوانی پێدەبەخشێ بەوەی لە کەنیزەك بەنرخترن, ئیتر من بۆچی ئەو خۆشی و پاداشتە بۆخۆم لەم دنیا دەست نەخەم و بەخۆمی ڕەوا نەبینم.

دیارە کەسانی دیکەش هەبوون کە بێ گوێدانە ئەو سزا و چارەنووسەی کە خودا بەسەر قەومی لوطدا هێناوییەتی و جگەلەو نەفرەتەی پەیامهێنەری ئیسلام لەوانەی کردووە کە لە پاشەوە کاری سێکسی ئەنجام دەدەن, ڕێبازی نێربازییان گرتۆتەبەر و لەوبوارەدا خراپ هەتیوی خۆیان تاوداوە کە بەداخەوە زۆربەیان ئەوانەبوون کە بەناوی ئیسلامەوە حوکمیان کردووە و خۆیان بە پارێزەری ئیسلام و موسڵمانان نێوزەد کردووە, ئەوانەش خەلیفەکان, سوڵتانەکان, ئەمیر و وەزیر و دەستوپێوەندەکانیان کە ڕێبازی چێژوەرگرتنیان بۆخۆیان کردۆتە ئامانج و خەڵکی ڕەشۆکیان بەناوی خودا و پێغەمبەر و ئیسلامی پیرۆز هەڵخەڵەتاندووە و بەرەو چارەنووسێکی ڕەشیان بردوون. مەسەلەیەکی وا کە بەپێی هەموو تێڕوانینەکان دەبێ ناوی (تاوان)ی لێبنرێ و پاساوێکی دیکەی بۆ نەهێنرێتەوە.

( 3 )

## بەدواداچونێکی دیاردەی نێربازی لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا


www.pertwk.com

وەك پێشتر ئاماژەی پێدراوە نمونەمان لە تەورات و قورئاندا بۆهێنایەوە, ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست لەدێرزەمانەوە دیاردەی نێربازی تێدا بینراوە و قەومی لوط نمونەیەکی زەقیان بووە لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ئەردەندا, ئەو دیاردەیەی کە بە وێرانکردنی سەدوم بنبڕ نەکرا, بەڵکو لە قۆناغە مێژووییەکانی داهاتوودا پەرەشیسەند, ئەویش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو دیاردەیە لەبنەڕەتەوە دیاردەیەکی ئینسانییە و لەگەڵ بەردەوامبوونی مرۆڤدا بەردەوام دەبێت, بەتایبەتی لەو ناوچەیەدا کەهەم لانکی شارستانییەت و دەوڵەتە کۆنەکانی وەك: ئاشوری و سلوقی و ساسانی بووە کە تێکڕایان بەهۆی قۆناغە مێژووییە چینایەتییەکەیانەوە بازاڕی کۆیلەکڕین و فرۆشتنیان گەرم بووە و چینە داراکان و دەسەڵاتدارەکانیان بەگشتی زۆردار بوون و پابەندی فەلسەفەی چێژوەرگرتن لە نیعمەتی دنیایی بوون, هەمیش ئاینیان کردۆتە ئایدیۆلۆژیەتی ڕەسمی دەوڵەتەکانیان کە ڕۆڵی لە چەپاندنی سێکسی کۆمەڵگا و ناعەدالەتی سێکسیدا بینیووە کە زادەی ناعەدالەتییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکە بووە و لەگەڵ زۆرداری دەسەڵاتداراندا قووڵ بۆتەوە.

ئەمە جگە لەو شەڕ و شۆڕەی کە لەنێوان دەوڵەتەکانی ناوچەکەدا دەقەومان و دەبووە هۆی بارینی هەزارەها کۆیلە بەسەر لایەنە سەرکەوتووەکاندا کە زیاتر لە بازاڕەکانی کۆیلەدا دەفرۆشران و جوانەکانیشیان لە دەربارەکاندا دەکرانە خزمەتکار و لەڕووی سێکسییەوە سوودیان لێوەردەگیرا. لەبەرئەوە ئاساییە لەکاتی چاوخشاندن بە مێژووی ئەو دەوڵەت

و شارستانییەتانە دیاردەی نێربازی ببینرێ. هەربۆنموونە هێرۆدۆتی مێژوونووسی یونانی لە سەدەی پێنجەمی پێش زایینیدا ژیاوە باس لەو دیاردەیە دەکات کە لە دەرباری پادشای ئەخمینیەکاندا بووە و دەنووسێت: (هەروەها لە دەورانی پاشایەتی داریوشدا بایەخ بە مێردمندالآن دەدرا لەدەرباردا, لەم قۆناغەدا پێویست بوو ناوچەکانی بابل و ئاشوور هەزار قنطار –واتە 100 رەطل– زیوو پێنج سەد هەتیو رەوانەی ئێران بکەن)[20].

دیارە سەرچاوە مێژوویی و شوێنەوارناسەکان بەئاسانی ئەو دیاردەیە لە قۆناغەکانی ئیمپراتۆریەتی ئاشووریدا دەبینن و بەشێك بووە لەو سیستەمە کۆیلەگەرییەی کە دەوڵەتێکی شەڕخواز و میللیتاریستی ئاشووری لەسەر دامەزراوە, شێخ رەزای خۆشمان کاتێ هەجووی خەڵکی کەرکوك دەکات و, دەیەوێت ئەو سیفەتەیان بۆ بچەسپێنێت و ئاوڕ لە مێژوو دەداتەوە دەڵێت:

**كأناس على دين الملوك ليس متروك**
**لە (بختنصر)ەوە پیشەیان گاندانە ئەهلی کەرکوکی**

بەهەرحاڵ ئێمە لێرەدا نامانەوێت لە بەدواداچوونێکی دیاردەی نێربازیدا بەقوڵایی مێژوویی دێرینی ڕۆژهەڵاتدا شۆڕبینەوە بەڵکو هەوڵدەدەین بەپێی ئەو تێکستانەی لەبەردەستماندان نزیکەی هەزارە و نیوێکی تەمەنی ئەو ناوچەیە وەربگرین, ئەو قۆناغە مێژووییەی تێدا شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی لە نیوەی یەکەمیدا باڵادەست بووە و پاشتر دەسەڵاتی سیاسی نەتەوە موسڵمانە ناعەرەبەکانی وەکو

مەغۆل و فارس مەمالیك و تورکە سەفەوی و عوسمانییەکان یەك بەدوای یەکدا شوێنی گرتۆتەوە کە ئەوانیش هەر خۆیان بەدرێژەپێدەری (السلف الصالح) داناوە و ئایدیۆلۆژییەتی رەسمی دەوڵەت و هێزی شەرعییەت پێدانی دەسەڵاتدارییەتیان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام وەرگرتووە.

(1/3)

## نێربازی لەسەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلامەوە تا کۆتایی چەرخی عەبباسی یەکەم

راستیەکی بەڵگەنەویستە کە کۆمەڵگای عەرەبی لەسەردەمی جاهیلیدا بەگشتی لەسایەی رژێمێکی عەشیرەتی کۆچەر و نیمچەکۆچەر لە بیابانێکی پان و بەریندا ژیانێکی سادە و سروشتیان گوزەراندووەو لەلایەن شارستانییەتەکانی دەوروبەردا کارێکی ئەوتۆیان لەسەر نەبووە. هەربۆیە کابرایەکی عەرەب جگە لە حوشتر و ژنەکەی یان دۆستەکانی خولیایەکی تری نەبووە, بەئازادی لەگەڵ ژنانی عەشیرەتەکەی خۆیدا تێکەڵی هەبووە و بەرێبواریش چاوی بە چاومەستانی عەشیرەتەکانی دیکە کەوتووە و شیعر و گۆرانی بەباڵادا چڕیوون و ژن و ژنخوازی لەگەڵدا کردوون. هەربۆیە لە ژینگەیەکی وادا کە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو رەگەز تاڕادەیەکی زۆر ئازادە و جۆرەها شێوازی جیاواز لەدڵداری و خۆشەویستی و خێزان دروستکردن و.. هتد بەخۆیەوە دەبینێ, دیاردەی نێربازی دیاردەیەکی شاز و دزێو و ناپەسەند دەبێت و لەگەڵ شێوازی ژیانی عەشیرەتی و هەڵکردنی بیاباندا نایەتەوە. هەربۆیە ناتوانرێت دیاردەیەکی وا لەو قۆناغە

مێژوویییــــەدا بەدیاردەیــــەکی ئاشــــکرای کۆمــــەڵگا دابنرێــــت و سەرچاوە مێژووییەکان لێی بێدەنگن[31].

بەڵام لێرەدا نابێت ئەوەشمان لەیادبچێت کە لەپێش هـاتنی ئـاینی ئیسـلامدا تێکـڕای عـەرەب لـە بیابانەکانـدا نـەژیاون و دەوارنشین نـەبوون, بـەڵکو هێنـدێکیان شارنشـین بـوون و لـەو شـارانەی سـەرەڕێگای کـاروانی بازرگانیـدا بـەکاری بازرگـانی و پاراســتنی کاروانــەکان و دابینکردنــی شــوێنی حەوانــەوەی بازرگانانەوە خەریك بوون.

لەم نێوەدا شاری مەککە بایەخێکی تایبـەتی خـۆی هـەبوو, چـونکە لەگـەڵ ڕۆڵـە بازرگانییەکـەی لەناوچـەکەدا, کرابووشـە ناوەنـدێگی ئـایینی و سـاڵانە بەهـەزارەها کـەس بـۆ سـەردان روویان تێدەکرد کە ئەوەندەی تـر بازاڕەکـەی گـەرمتر دەکـرد, ئـەوەش شـێوازێکی تـری پەیوەنـدی ئـابووری و کۆمەلایـەتی ئــاڵۆزتری بەســەر دانیشــتوانی شــارەگەدا دەســەپاندکە لــە بیابانییــەکان و بگــرە لــە شــارە بچــوکەکانی دەوروبەرشــدا نــەدەدیتران. شــارێکی وەك مەککــە کــە وێــڕای گیــانی زاڵــی بنەماڵەیی و عەشیرەتی و ئازادی سێکسـی هێـدی هێـدی لـەژێر کـارای رەوشـە ئابوورییەکەیـدا چـینە کۆمەڵایەتییـەکانی تێـدا زیاتر دەمەیین و دیـاردەی کۆیلایـەتی و خـاوەن کۆیلـەیی تێـدا شــەقلی دەگــرت. هەربۆیــە لــە هەلومــەرجێکی بەوشــێوەیەدا ئاســاییە کــە لــەنێو خــەڵکانێکی زۆری دانیشــتوانی مەککــەدا هاوجنسبازێکی سروشتی دەرکەوێت یاخود کەسانێك هـەبووبن لەژێر کارای مەینۆشین و جاڕس بوون لـە پێشـی کـەنیزەکانیان زێدەڕۆییان بۆ پاشی کۆیلـەکانیان کردبێـت. کەسـانێکی وا کـە


www.pertwk.com

سەرچاوە مێژووییەکان لەبەر کەمی و درێوی کارەکانیان پشتگوێیان خستوون و بۆیان تۆمار نەکردووین.

وێڕای ئەو راستییەش ئەتوانین قورئان و چەند بارەکردنەوەی ئاکار و چارەنووسی قەومی لوط تیایدا بە بەڵگەیەکی بەهێز بۆ بوونی دیاردەی نێربازی لەنێو عەرەبی جاهلیدا بەتایبەتی لە مەککە بهێنینەوە. ئەویش هەر وەك دیاردە سلبیەکانی تری کۆمەڵگای ئەو سەردەمە وەك: قومار, مەیخۆشین, زیندەبەچاڵ کردن, سووخواردن.. هتد, باشکردنیشی بەمەبەستی ئامۆژگاریکردنی خەڵك و دوورکەوتنەوەیان بووە لەو کارەی کە قورئان بە تاوان لەقەڵەمی داوە. دووریش نییە باسکردنی قورئان لە منداڵی جوانی شەرابگێڕ لە بەهەشتدا وەك باسکرا جۆرە هاندانێك و دڵخۆشکردنێك نەبێت بۆ ئەو کەسانەی خولیایەکی وا لەسەریاندا گەڕاوە, تا لەم دنیا تاوانێکی وا ئەنجام نەدەن و خۆڕاگرین و لەودنیا لەگەڵ لاوێکدا کە قەت پیر نابێت ببنە هاودەم و چێژێکی نەبڕاوە کە بەجۆرێکی دییە و رۆحیە بۆ هەتاهەتایە وەرگرێت, ئەوەشیان خوادەزانێ.

لەڕاستیدا بۆ وەرگرتنی هەواڵی هاوجنسبازانی کۆمەڵگای عەرەبی جاهیلی سەرچاوە مێژووییە بایەخدارەکان لەسەداسەد دەست سپی نامان هێڵنەوە, هەر لەم روەوە نووسەران هەواڵی (تخنث / نێرەموکی) (أبو جهل) ی دوژمنی سەرسەختی پەیامهێنەری ئیسلام و (حکم بن أبی العاص) ی ئەشرافی قورەیشییان بۆ راگواستووین.

هەروەها وەك لە (ابو سفیان) ی باوکی معاویەی یەکەمین خەلیفەی ئومەوی دەگێڕنەوە کە زۆرجار ناوبراو قنگی خستۆتە

سەر بەردێك یا دارێك و خوراندوویەتی و وتویە: نەبەخوا, کەست لێ نزیك ناخەم. هەربۆیە لە ڕۆژی شەڕی بەدردا عوتبەی کوڕی ڕەبیعە هاواری لە ئەبوسوفیان دەکرد:

**(یا مصفر استە / هەی قنگ ئاڵۆشاوی)**[32].

سەرچاوەکان لەسەروبەندی ڕۆژگاری بانگەشەی ئایینی ئیسلام و حوکمڕانیەتی محەمەد (د.خ) ڕوداوێکیان بۆ ڕانەگوێزاوین باس لە نێربازی کەسانێك بکا کە سزایەکی شەرعی درابن, بەڵکو پێشتریش ئاماژەی پێدرا تەنیا چەند حەدیسێك لە پێغەمەرەوە کە لە ڕێگای أبو موسی الأشعری و ابن عباس و اوزاعیەوە ڕوایەت کراوە و شافعی کردویەتیە ئەساس باس لەوە دەکات کە نێربازی زنایە و خودا نەفرەت لەوانە دەکات کە لەپاشەوە سواری ژنەکانیان دەبن وەك ڕوونکردنەوەیەکی ئایەتی (223)ی سورەتی (البقرة) کە دەڵێت: (نساؤکم حرث لکم فاتوا حرثکم انی شئتم) واتە: (ژنەکانتان کێڵگەتانن لەکوێوە دەتانەوێت بچنە سەری بەرهەم بهێنن). دیارە دواتر بەشێك لە شیعەکان ئەو (لەکوێ)یەوەیان بەئارەزووی خۆیان لێکدەدایەوە و لەکاتی عادەی ژنەکانیاندا ئاگری شەهوەتیان لەپاشەوەیاندا دادەمرکاند و ئەو ڕێبازەیان گرتەبەر. لێرەدا دەتوانرێت باسکردنی قورئان بە قەومی لوط لە سێ سورەتی (الأعراف) و (الشعراء) و (العنکبوت) ی مەککیدا و دانانی نێربازی بە زنا لەلایەن پێغەمبەرەوە بکرێتە بەڵگە بۆئەوەی کە لەو سەردەمەدا دیاردەی نێربازی هەبووە, بەڵام کەم و هەواڵەکەی ڕانەگوێزراوە.

لەگەڵ سەپاندنی دەوڵەتی ئیسلام و بەرفراوانبوونی لەسایەی دەسەڵاتی خەلیفەکانی ڕاشیدیدا پەیوەندییە

ئـــــابووری و کۆمەڵایەتییـــــەکانی عـــــەرەب و دەزگـــــا بەڕێوەبەرایەتییــەکان خــەملێن و گــۆڕانی گــەورەیان بــەخۆوە دیـت, وێـڕای ئـەوەش هێشـتا ئـەو گرفتانـەی کـە لـە ئـەنجامی بـەزۆری شمشـێر گێڕانـەوەی یاخییـەکانی کـە پـاش وەفـاتی پێغەمبەر ئایینی ئیسلامیان لەخۆیان داماڵیبوو کە بـە (حـروب الــردة / شــەڕی هەڵگــەڕاوەکان) دەناســرێت لەســەردەمی ئەبوبــەکری ســدیقی یەکــەمین خەلیفــەی راشــیدی, هــەروەها کوشــتنی خەلیفــەی دووەم عومــەری کــوڕی خــەتتاب و ئــەو ئاژاوەیــەی بووەهــۆی کوشــتنی عوسمــانی کــوڕی عــەففانی خەلیفەی سێیەم و شەڕە نێوخۆییەکانی (الجمـل) و (صـفین) و شــەڕێ خەلیفــەی چــوارەم (علــی کــوڕێ ئــەبو تالــب) لەگــەڵ خەواریجەکان و دوایی کوژرانی خۆی.

تێکــڕای ئەوانــە ئاســتەنگی گــەورەیان خســتەبەردەم پێگەیشتنی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری دەزگـای خەلافـەت و مێژوونوسانیان بەو روداوانەوە سەرقاڵ کردووە و لەمەڕ دیاردە کۆمەلایەتیەکان شتێکی وایان بۆ نەنووسیوین.

لەگەڵ ئەوەش دەبێت ئـەو راسـتیە لەبیرنـەکرێت کـە پـاش دەسـتپێکردنی پـەلامارەکانی سـوپای عـەرەبی ئیسـلامی بـۆ قەڵمڕەوەکانی دەرەوەی حیجاز و نیشـتەجێبوونی عـەرەب لـە (أرض السواد) و شام و میسر, هێشتا خەڵکەکە خولیای تـاڵانی شەڕ و وەدەسـتهێنانی کـەنیزەك بـوون ئاکـاری جـەنگاوەری و گیــانی عەشــیریەتی و بیابانییــان لامــابۆوە و نــە چــینەکانی ســەرەوەیان بەتــەواوی تێربووبــوون تــا پشــت کەنــە پێشــی کەنیزەکــەکانیان و نــە نەدارەکانیشــیان وا چــەپێنرابوون کــە رێبازی نێربازی بگرنەبەر.

وێـڕای ئـەو ڕاسـتییەش هێشـتا سەرچـاوە بایەخـدارەکان هـەواڵی بـوونی دیـاردەی نێربازییـان لـە سـەردەمی خەلافـەتی ڕاشــدین دا بــۆ ڕاگواســتووین وەك ئــەوەی کــە دەوترێــت لەسـەردەمی ئەبوبـەکردا دوو کـەس لـە کەلاوەیەکدا خـەریکی یەکتر بون و بەفـەرمانی ئـەو خەلیفەیـە دیوارەکـەیان بەسـەردا ڕووخانـدن[33] , یـاخود عـەلی دوا خەلیفـەی ڕاشـیدی فـەرمانی سـووتاندنی دوو پیـاوی داوە کـە پێکـەوە سێکسـیان کـردووە, لەکاتێکدا بەهیچ جۆرێك لەڕووی شـەرعەوە سـووتاندن ناکرێتـە سزای هاوجنسبازان.

پـاش قـەتڵ و عـامکردنی نـەوەکانی پێغەمبـەر (حەسـەن و حسـێن) لـە دەشـتی کەربـەلا و کۆتایهـاتنی شـەڕی دەسـەڵات بەقازانجی خێزانی (بنی أمية) و دامەزراندنی دەوڵـەتی ئومـەوی (41–132ك) لەلایــەن معاویــەی کــوڕی ئــەبو ســفیانەوە و گواسـتنەوەی پایتـەختی دەوڵـەتی ئیسـلام لـە مەدینـەوە بـۆ دیمەشـقی شـام, گۆڕانکـاری گـەورە لـە زۆربـەی بوارەکـانی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و بەڕێوەبەرایـەتی دەوڵـەت ئیسـلامدا ڕوویاندا و هێمنییەکی نێوخۆیی کـاتی بـاڵی بەسـەر ناوچـەکەدا کێشــایەوە و پــەلامارە دەرەکییــەکان کــە بــە (فتوحــات) دەناسـرێت دەسـتیان پێکـردەوە, ئـەوەش جـارێکی دی و لـە پێشـوو زیـاتر دەرگـای دابـارینی کـەنیزەك و کۆیلـەی بەسـەر دەوڵەتـدا کـردەوە, لێـرەدا پێویسـتە ڕاسـتییەك بـدرکێنرێ, ئەویش ئەوەیـە کـە ئـایینی پـیرۆزی ئیسـلام بەلەبەرچـاوگرتنی پەیوەندییـە ئـابووری و کۆمەڵایەتییـەکان و دۆخـی شەڕوشـۆڕ. ڕێگەی بە کۆیلایەتیداوە و کڕین و فرۆشتنی مرۆڤێکی لەلایـەن مرۆڤێکی دییەوە بـە گونـاه دانـەناوە, بـەڵکو لـەوبوارەدا تـەنیا داوای لە خاوەن کۆیلە کردووە کە ئازاری کۆیلەکانیان نەدەن و

زۆردارانە رەفتاریان لەگەڵ نەکەن, مەسەلەیەکی وا کە رێگەی لە گەرمبوونی بازاڕی کۆیلایەتی و کۆیلەراگتن لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئیسلام و دەوڵەمەندانی موسڵمانانەوە نەدەگرت, بگرە بەپێی تێکستی دینی هەمووکاتێك کابرایەکی موسوڵمان دەیتوانی چەندەی بۆدەلوێ کەنیزەك و غیلمان راگرێ و لەرووی سێکسیشەوە بۆیهەبوو لەگەڵ کەنیزەکەکانی رابوێرێ[34].

بەهەرحاڵ وێڕای ئەوەی لەسەردەمی خەلافەتی ئومەویدا عەرەبە موسڵمانەکان بەباشی لەمەیدانی کەنیزەکبازی و رابواردن و مەینۆشیدا جڵەویان بۆ حەز و ئارەزووەکانیان بەردابوو, سەرچاوە مێژووییەکان چ لەنێو خەلیفە و دەستوپێوەندەکانی و چ لەنێو خەڵکە ئاساییەکەشدا هەواڵی هاوجنسبازی و دیاردەی نێربازمان بۆ رادەگوێزن.

دەگێڕنەوە کە لەوسەردەمەدا لە شاری مەدینە دەلاڵێکی نێرەموك هەبوو ئافرەتی ئەو شارەی بە ساغی نەهێشتبوو و زۆربەیانی تاقیکردبۆوە, ئەم کابرایە زۆرجار دەبووە دەلاڵ لەنێوان پیاو و ژنێکدا و پاش ئەوەی ژنەکەی فت ئەکرد, پیاوەکەشی سواری خۆی دەکرد[35].

هەروەها (الأحوص) ی شاعیری زمان پاراوی عەرەب کە هاوتا و هاوزەمانی (الفرزدق) بوو, لەم قۆناغەدا لەپاڵ سێکسبازییەکەی لەگەڵ ژنانی شاری مەدینەدا فەلسەفەی چێژوەرگرتنی کردبوە رێباز و خولیای نێربازیش لە کەللەیدابوو, الأحوص لە شیعرێکیدا دەڵێت:

**وما العيش الا ما تلذ و تشتهي**

**وان لام فيه ذو الشنان و فندا**

واتە:

**ژیان لەپێناو خۆشی و چێژ نەبێ هەر نەبێ چاکە**
**خەڵکی چی دەڵێن با بڵێن گوێچکەم کەڕو بێباکە**

وەك لـەم کابرایـە دەگێڕنـەوە کـە دوودەگـیش بـووە, جارێکیان لـە دەربـاری خەلیفـە وەلیـدی کـوڕی عەبدولمەلیکدا (86–96ك) دا هەوڵی داوە چـەند غیلمـانێکی نانـەوای دەربـار بدا بەسەرخۆیدا, هەربۆیە کەوڵ کرا و ڕۆنی قرچاویان بەسـەردا ڕژاند[36].

لەکاتێکدا بـاس لەسـەردەمی خەلافـەتی ئومـەوی دەکرێـت, ناکرێت بەهیچ جۆرێك ئاوڕ لە ئاکاری یازدەهەمین خەلیفەی ئەم بنەماڵەیە نەدرێتەوە کە وەلیدی کـوڕی یەزیـدە (125–126) و کـۆی سەرچـاوە مێژوییـەکان لەسـەرئەوە کـۆکن کـە ئـەم کابرایە خەلیفەیەکی فاسد و فاسق بووە و نـەك هـەر بـەردەوام خـەریکی مەینۆشـی و ڕاوشـکار و دانـس و گـۆرانی بـووە, نێربازێکی عەیار هەژدەش بووە.

(الذهبي) مێژونووس یەکێکە لەوانەی کە هەوڵیداوە لەیەکێك لـە کتێبـەکانیدا بـەرگری لـەم خەلیفـە نێربـازە بکـات و چـەند تۆمەتێکی لەکۆڵ بکاتەوە و دەڵێت (ئەوە ڕاست نیە کـە وەلیـد کافر و زەندیق بووە, بەڵکو ئەو مەیخۆر و هەتیوباز بوو)!![37]

لەگـەڵ ئـەو نموونانـەی باسمـانکردن و بەرجەسـتەی ئەوەدەکەن کە لەسەردەمی خەلافەتی ئومەیدا چ لەنێو خەڵکی ڕەشۆك و چ لەنێو دەست وپێوەندەکانی خەلیفە و بگرە خودی خەلیفەی ئیسلامیش نێربازیان کردووە, هێشتا نـاتوانین ئـەوە بسەلمێنین کە ئەو دیاردەیە لەوسـەردەمەدا بـاوبووە و خـەڵکی


www.pertwk.com

بەچاوێكی ئاسایی تێیان روانیوە و هۆگری بوون. نموونەش بۆئەوە روداوێكە كە خاوەنی (لطائف اللطف) بۆ راگواستوین لەسەر (معن كوڕی زائدة) كە ئەمیرێك و كەسایەتییەكی نزیكی بنەماڵەی ئومەوییەكان بوو. لەوكتێبەدا هاتووە:

(پیاوێك بە معن كوڕی زائدة گەیشت و پێیوت: میرم سوارم كە! ئەویش فەرمووی: حوشترێك و ئەسپێك و هێسترێك و كەرێك و كەنیزەكێكی بدەنێ, ئینجا وتی: گەر بمزانیبا خوا شتێكی تری بۆ بەنی ئادەم دروست كردووە بۆ سواربوون بشێ پێم دەبەخشی. دواتر ئەم قسەیەیان بۆ (مەعلی كوڕی ئەیوب) گێڕایەوە و وتی: هەزار رەحمەتی خوا لە معن بێت, ئەگەر دەیزانی هەتیویش بۆ سواربوون كراوە ئەویشی دەدایە..)[38].

دیارە ئەو سەردەمەی تێیدا نێربازی تێدا بووە دیاردەیەكی باوی دەرباری خەلیفەكانی ئیسلام و ئاكاری دەست و پێوەندەكانی ئەو دەزگایە لە وەزیر و ئەمیر و قازی و شاعیرەكان و لەوێشەوە بۆ ناخی كۆمەڵگا رۆچوو, بریتییە لەسەردەمی خەلافەتی عەباسی كە مێژوونووسان بە پۆپەی دەسەڵات و شارستانییەتی دەوڵەتی ئیسلامی لەقەڵەم دەدەن, بێگومان لەم قۆناغەدا جگە لە ئامادەیی سایكۆلۆجی و سێكسی عەرەبە شارنشینەكان بۆ پیادەكردنی ئەم شێوازە لادانە سێكسییە, فراوانبوونی قەڵەمڕەوی دەوڵەت و گەرمبوونی بازاڕی كۆیلایەتی و ئەو ئاستە بەرزەی كە دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی خەلافەت و هاوچینەكانیان ژیانیان تێدا دەگوزەراند, فاكتەری سەرەكی بڵاوبوونەوەی نێربازی بوون. ئەمە و جگە لە جاڕس بوونی خەلیفەكان و دەست و پێوەندەكانیان لە سواربوونی كەنیزەك و هەوڵدانیان بۆ وەدەستهێنانی چێژ و

خامۆشکردنی ئاگری شەهوەتیان لەڕێگایەکی ترەوە کە هەتیوبازییە.

لەراستیدا غیلمان یاخود مێردمنداڵی کۆیلە لە تەواوی دەسەڵاتی خەلافەتی عەباسیدا بەشێکی سەرەکی سەرخانی دەزگای خەلافەت بوون و شوێنێکی تایبەتیان لە دەربار و بافتی کۆمەڵایەتی ئەو قۆناغەدا داگیرکردبوو, ئەوانە لەڕێگای شەڕوشۆڕەکانی دەوڵەتەوە دیل دەکران و لە بازاڕی کۆیلەدا دەفرۆشران, هێندێکیشیان لەڕێگای بازرگانیەوە دەهێنران کە بەشێکیان ڕەشپێست بوون لە باشوورەوە دەهێنران و کاری پاسەوانی و زۆرجار کشتوکاڵییان پێدەکرا و بەشێکی تریشیان لە باکورەوە واتە ئاسیای بچوک و ناوچەکانی سلاڤیا و ڕۆمانیا دەکڕران, جگە لە تورکەکان و ئەوانەی لە هەرێمی پشت ڕوبار (ماوراء النهر)ەوە دەگوێزرانەوە بەغدا و ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی خەلافەت. ئەوانە لە شێوە و ڕەنگوڕوودا لووس و ناسك و سپیکەلە بون و کە لەلایەن خەلیفە و دەرباریيانەوە دەکڕران ئیشی جۆراوجۆریان پێدەسپێردرا[39].

شایەنی باسە غیلمانەکانی کۆشکی خەلیفەی عەباسی کاری هەمەجۆریان دەکرد, هێندێکیان دەوری نامەهێنان و بردنیان دەگێڕا و پێیان دەگوتن (الرسائلي / نامەبەر), هێندێکی دیکەیان شەرابیان لە بەزمی مەینۆشی خەلیفە و دەرباریيان دەگێڕا پێیان دەگوترا (الشرابي / شەرابگێڕ), هێندێکی تریش دەخەسێنران و خزمەتی (جناح الحريم / حەرەمسەرا)ی کۆشکیان پێدەکرا, ئەمە جگەلەوەی باوەشێنی خەلیفەی دەکرد و لە هاتووچۆکانیدا کاری بەردەستی دەکرد, ئەوانەیان

کە لە ڕەنگ ڕوخسارییاندا ناسك و لووس بوون و جوانترین بەرگی ڕەنگاوڕەنگیان دەپۆشی و خۆشترین بۆن و گوڵاویان لەخۆیان دەپرژان و وەك ژن خۆیان دەڕازاندەوە و ئارایشتیان دەکرد[40].

دیارە خەلیفەکان جگەلەوەی لە شەقامی (دار الرقیق / خانەی کۆیلە) و لەناوچەی (باب النخاسین / دەروازەی کۆیلە) لە بەغدا مێردمندالی لووسیان بۆ دەکڕرا, گەوادی تایبەتیشیان هەبوو کە لە دوورترین هەرێمەکانی دەوڵەتی خەلافەتدا یاخود لەدەرەوەی قەڵەمڕەوی دەوڵەتدا هەتیویان بۆ دەناردنە بەغدا[41], یاخود ماوە نا ماوەیەك و وەك دانپیانانێکی شەرعیەتی دەسەلاتی خەلیفە لەلایەن والی و لێپرسراوی هەرێمەکانەوە دیاری ڕەوانەی بەغدا دەکران کە نایابترینیان هەتیوی لووس و کەنیزەك بوو[42].

هەربۆیە لەوسەردەمەدا لە شاری بەغدا توێژێکی بازرگان پەیابوون کە بازرگانییان بە هەتیووە دەکرد, ئەو هەتیوانەی ناویان نرابوو بە (المؤجرین / بەکرێدراوەکان) و خۆیان دەخستە ژێر هەرکەسێکی پارەی بدابا و لەو ڕووەوە جۆرەها هۆنەری سێکسبازییان داهێنابوو وەك (التفخیم / قەپاتکردن) یاخود (التفخیذ / بەناوگەڵ)[43] هەر لەم ڕووەوە سەرگوزشتەیەك لە هەتیوێکی ئەم سەردەمە دەگێڕنەوە و دەڵێن: بەهەتیوێکیان وت: ئەم جلە تازانەت لەکوێ بوو؟

وتی: پرسیارێکی عەنتیکە دەکەن, بۆخۆتان سکەی پارەکە لە شەرواڵەکەمدا دەبینن و پێم دەڵێن ئەم جلە تازانەت بەچی؟[44]

لەلایەکی ترەوە خانەی مەینۆشینی جووەکان و کەنیسەی مەسیحییەکان مەڵبەندێکی تری بەدەستهێنانی چێژ و

بڵاوبوونەوەی نێربازی بووە, ئەو شوێنانەی خزمەتکاری لـووس و بەچـکە مەسـیحی ناسـکیان لـێبووە و شـوێنی پیاسـە و حەوانەوەی خەلیفە و ئەمیر و شـاعیرە چێژخواز و نێربازەکـان بووە.

شـایەنی باسـە لەوسـەردەمەدا ئـەو هەتیوانـە بازاڕیـان زۆر گـەرم بـوو کـە چاومەسـت, برۆپەیوەسـت, قـژخاو, گۆنـا ئـاڵو نێوقـەدباریك, حـەوزپان, شـان بـەرز, سمـت تـۆپز و باڵاڕێـك بوون[45].

لەم بارەیەوە پرسـیاریان لـە (أبـو الخلیفـة فضـل الحجـاب) کردووە کە گێڕەرەوەی هەواڵ و شـیعر و ئەنسـاب و شـارەزایی زانسـتی حـەدیس و تەفسـیر و زمـان بـووە و سـاڵی 305 ك وەفاتی کردووە و پێیان وتوە: چ شتێکی دنیات زۆر لاخـۆش و بەتامە؟

وتویە: (رغیف أزهر, و بطیخ اصفر, و شراب أحمر, و غـلام أحور[46]) واتـە: نـانی سپی و, کاڵـەکی زەرد, و شـەرابی تـرێ رەش, و هەتیوێکی چاومەست.

هەربۆیە لەسەردەمی خەلافەتی عەباسیدا تێکستی مێژوویی یەکجار زۆرمان سەبارەت بە دیاردەی نێربازی لـەلای خەلیفـە و دەسـتوپێوەندەکانیان لەبەردەسـتدایە, ئـەو خەلیفانـەی کـە ژمارەیـەکیان وەك (ئـەمین و موعتەسـەم و واثـق) تـاڕادەی عەشـقی غوڵامـەکانیان و شـیعر بەباڵاچـڕینیان نێربـاز بـوون و کاروباری دەوڵەت و موسڵمانانیان خستوبوە پشتگوێ.

لەڕاستیدا وێڕای ئەوەی (ابن الأثیر) لە باسی خەلیفە هارون ئەلڕەشـیدی عەباسـیدا (170–193ك) دەڵێـت کـە کۆشـکی هاورن پڕی بووە لە غیلمانی جوان کە بـە ڕێکـوپێکترین شـێوە



www.pertwk.com

خۆیـان دەڕازانـدەوە[47], بـەڵام بـەپێی زۆرینـەی سەرچـاوە مێژووییەکان هارون وەك خەلیفەیەکی هەتیوباز ناناسرێت, ئـەو زیـاتر خولیـای کـەنیزەکی هـەبوو و ئـاگری شـەهوەتی لەورێگایەوە خامۆش دەکرد و هاوجنسباز نەبوو. بەپێچەوانەی ئەمینی کوڕی کە لە ساڵی (193) تـا سـاڵی (198) ی کۆچـی خەلافەتی کرد و لەسەردەستی مەئمونی برای بەکوشـتن چـوو, خەلیفە ئەمین بـەپێی تێکـڕای سەرچـاوەکان نێربـازیی کردۆتـە ڕێبـاز بـەجۆرێك بەتـەواوەتی لـە کەنیزەکـەکانی دابـڕاو بـوو لەگەڵیان نەدەنوست[48].

ئەمین وێڕای ئەوە لەتەمەنی پێنج ساڵییەوە باوکی خستییە بەر خوێنـدنی قورئـان و ئـەدەبی عـەرەبی و دوو کەسـی زانـای وەك (الأصمعي) و (الكسائي) بۆ کردە مامۆستا و بەنازێکی زۆر پەروەردە ئەکرا[49], بەڵام دەربـاری بـاوکی ئەونـدە پـیس بـوو نەیدەتوانی بەرامبەر شـەپۆلی لادان و هاوجنسـبازان خـۆڕاگرێ. هەربۆیـە کاتـێ پێگـەیی خولیـای هـەتیوبازی کەوتەسـەری و کەنیزەکی لەخۆی دوورخسـتەوە. سـت زوبەیـدەی دایکـی هـەر لەسەرەتاوە هەوڵیدا بـۆ حاڵـەتی ئاسـایی بگێڕێتـەوە, بـەوەی کەنیزەکی دەهێنا و وەك کوڕ دەیگۆڕین, قەنەواچەی ئەخسـتە ژێرشانەکانیان و قـژیانی کورتـدەکردەوە, مەسـەلەیەکی وا کـە زۆر کاریگـەری لەسـەر ئـەمین نـەکرد و ڕێبـازی هـەتیوبازی بەرنەدا, لەوڕووەوە غوڵامێکی هەبوو ناوی (کـوثـر) بـوو, زۆری خۆشدەویست و زۆربەی کاتی خۆی لەگەڵ ئـەودا بەسـەردەبرد و شیعری بەسەردا هەڵدەدا.

لـەو شـیعرانەی کـە (سـیوطـي) ڕایگواسـتووە, شـیعرێکە دەڵێت:

**کـــــــوثر دینــــــــی و دنیـــــــای**
**و ســــــــــــقمي و طبــــــــــــيبي**
**اعجـــــــز النـــــــــاسِ الــــــــذي**
**يلحـــــــى محبـــــــاً في الحبيــــــب**

**واتە:**

**کەوســــەر دینمـــــە و هــــەم دنیاکەمــــە**
**دەردی دەروون و هـــــــەم دەواکەمـــــــە**
**ئـــای کـــە ویصـــالی ئـــەو مـــانگ روخســـارە**
**ئومێـــــــــــدی دڵ و تەمەنناکەمـــــــــــە**

کاتێك شـەڕ لـەنێوان ئـەمین و مـەئمونی برایـدا هەڵگیسـرا و لەشـەڕێکی سـەختدا سـوپاکەی ئـەمین شـکا, هـاتن هـەواڵی شـەڕەکە بـە ئـەمین بگەیـەنن, ئـا لەوهەلومەرجـە ئـاڵۆز و پڕئاستەنگەدا, ئەمین وتی: توخوا کەی ئێستا وەختی ئەوەیە, ئـەوە مـن و کەوسـەر خـەریکی ماسـیگرتنین و ئـەو دووانـی گرتووە و تائێستا من هیچ! !

دەمێکـیش شـەڕ لـە کۆشـکی خەلیفـە نزیـك کەوتـەوە و کۆشکیان دایەبەر مەنجەنیق, ئەمین هـەر خـەیاڵی لای کەوسـەر بـوو کـە تووشـی برینداریيـەکی سـووك هـاتبوو, ئـەمین لـە شیعرێکیدا دەڵێت:

**ضــــربوا قـــرة عــيني و مــن أجلــي ضــــربوه**
**أخــــذ الله لقلـــــبي مــــن انــــاس حرقـــــوه**

**واتە:**

## لەپێناوی منا پێكرا گلێنەی چاوەكانی من خودا دەستێكی بشكێنێ كە سووتانی هەناوی من

پێویستە بوترێت كە خەریك بوونی ئەمین بە هەتیوەكانییەوە هەموو شتێكی تری لەبیربردبۆوە, مەسەلەیەكی وا كە كاریگەری خۆی هەبوو لە شكانەوەی سەنگی ئەو كێشەیەی لەسەر دەسەڵات لەنێوان خۆی و مەئمونی برایدا بوو, ئەو كێشەیەی بەكوشتنی ئەمین و سەركەوتنی مەئمون لەساڵی 198 ی كۆچی كۆتاییهات.

شایەنی باسە مەئمون كە تا ساڵی 218 ی ك دەسەڵاتی خەلافەتی عەباسی گرتەدەست, وێڕای ئەوەی كە بایەخێكی بێسنوری بە بەزمی كەیف و رابواردن لەگەڵ كەنیزەكەكانی دەدا, پاش هاوڕێیەتی و دۆستایەتی پەیداكردنی لەگەڵ یەحیا ی كوڕێ ئەكثم ی قازی بەسرە خووی شەڕ بوو و كەوتە هەتیوبازی[51].

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا یەحیا نێربازی لەڕووی شەرعەوە بەحەڵاڵ دەزانی و جگەلەوەی لەماڵدا چوارسەد هەتیوی لوسكەی راگرتبوو, لەدەریشەوە هەتیوی لەدەست دەرنەدەچوو و رەوشتی منداڵان و لاوانی شاری بەسرەی تێكدابوو, هەربۆیە خەڵكی بەسرە بەنیازی شكایەتكردن چوونە لای مەئمون و گازندەیەكی زۆریان لە یەحیا كرد و داوایان لێكرد لێیان دوورخاتەوە بۆئەوەی داواكارییەكەیان وەڵامێكی بدرێتەوە. هەربۆیە یەكێك لە شاعیرەكانی ئەو سەردەمە لە بەیتێكدا وتویە:

كنـــا نرجـــى أن نـــرى العـــدل طـــاهراً
فأتبعنــــــا بعـــــد الرجـــــاء قنـــــوط
متـــى تصـــلح الـــدنيا و يصـــلح أهلـــها
و قاضـــي القضـــاة المســـلمين يلـــوط[52].

واتە:

زۆر بەتـــەما بـــووین داد بەرقـــەرار بـــێ
کەچـــی بـــێهیوابووین لـــەم نیـــازە
چـــۆن خـــەڵك و دنیـــا بـــاش دەبـــن تـــازە
کـــە مـــوفتی ئیســـلام خـــۆی هـــەتیوبازە.

هەروەها سەبارەت بەم قازییە نێربازە وتراوە:

یـــا لیـــت یحیـــى لم تلـــده اكثمـــه
و لم يطـــــأ أرض العـــــراق قدمـــــه
الـــوط قاضـــي في العـــراق نعلمـــه
أي دواة لم يلقهـــــــــا قلمـــــــــه
و أي شـــعب لم يلجـــه ارقمـــه[53].

واتە:

خۆزیـــا قـــەت ئـــەکـــثم یـــەحیای نەبایـــە
پێـــی لەســـەر خـــاکی عێـــراق نەنایـــە
هـــەتیوبازترین قـــازی عێراقـــە
منـــداڵی تێکـــڕا خســـتۆتە فاقـــە


www.pertwk.com

**چ قنگـــــی مـــــاوە ئـــــەو نـــــەیکا لاقـــــە.**

پاش مردنی مەئمون, موعتەسەم بووە خەلیفە و تا ساڵی 227ك حوکمی کرد, دیارە سەردەمی موعتەسەم لەرووی بایەخدان بە غیلمان و راگرتنیانەوە بەخاڵی وەرچەرخان لە خەلافەتی عەباسیدا دادەنرێت, شایەنی باسە موعتەسەم کابرایەکی نەزان و نەخوێندەوار بوو(54), یەکێك لە سیفەتەکانی ئەوەبوو کاتێ تورەدەبوو دۆوودۆشاوی تێکەڵ دەکرد و کێی بکوشتایە وچی بکردایە گوێی لێنەبوو(55), کاتێك کە میر بوو خولیای کۆکردنەوەی غیلمان لەکەلەی دابوو, و وەك یەعقوبی دەڵێت لە سەمەرقەندەوە سێ هەزارێکی بۆ هاتبوو(56), دوای ئەوەی بووە خەلیفە تەواوی غیلمانەکانی بەغدای کۆکردەوە و داوای لە والییەکانیشی دەکرد لەو خێرە بەشی بدەن, هەربۆیە عەبدوڵڵای کوڕی تاهیری والی خوراسان ساڵانە دوو هەزار غیلمانێکی بۆ رەوانەی بەغدا دەکرد(57), ئەو غیلمانانەی کە زۆرینەیان لە رەگەزی تورك بوون و لەتاو بێحەیاییان موعتەسەم ناچاربوو شاری سامەرایان بۆ دروست بکات(58).

لەراستیدا ئەو غیلمانە تورکانە جگەلەوەی بەشێکی سەرەکی گاردی پاراستنی خەلیفە و سوپای دەوڵەتی خەلافەتیان پێکدەهێنا, بەقەولی نالی:

**ئـــەم تاقمـــە ممتـــازە کـــەوا خاصـــەی شـــاهن**
**آشـــوبی دڵـــی مملکـــت و قـــەلبی ســـوپاهن**

بەڵام هێندێکی تریان کە سپیپێست و سمت بەرز و ساف و لووس بوون وەك خزمەتکاری دەربار و نەدیمی خەلیفە هەڵدەسوڕان, هەربۆیە کە باسی موعتەسەم دێت ناکرێ ئەوە لەیادبکرێت کە ئەو خەلیفە پایەبڵندەی کە سوپای ڕۆمی تێکشکاند, لە دەرباردا هەمیشە بە عەشقبازی غوڵامێکییەوە کە ناوی (عجیب) بوو مەست بوو, وەك لە شیعرێکیدا دەڵێت:

لقد رأيت عجيباً
يحكي الغزال الربيبا
الوجه منه كبدر
والقد يحكي القضيبا
طبيب مابي في الحب
فلا عدمت الطبيبا
اني هويت عجيباً
هوى أراه عجيبا[59].

واتە:

عەجیبم بینی لە مێرگوزارێ
شۆخە ئاسکێکی نازداری دەدوان
ڕەنگ و ڕوخساری وەك مانگی چواردە
باڵای وەك سەرو, بەرز و ڕێك و جوان
گەر نازداری وا نوژداری دڵ بێ
بێباکم لە دەرمانی حەکیمان
عەجیبم خۆشویست چ خۆشەویستی
تاڕادەی عەشق و پەروانەسووتان.

دیارە هەتیوە توركەكان لە روو و روخسارەوە جوان بوون و كاریگەرییان لەسەر هەوەسبازان بەجێهێشتووە, هەربۆیە لەبەرهەمی چەند شاعیردا بەجوانی روو و قەدو بالای هەتیوی توركدا هەلدراوە, وەك (رودكی) شاعیری بەرزی ئێرانی كە لە سەدەی سێیەمی كۆچیدا ژیاوە وتویە:

**(ترك هزاران بپای پیش صف اندر**
**هریك چون ماه بردوهفته درخشان**
**باده هنده بتی بدیع ز خوبان**
**بچه خاتون ترك و بچه خاقان**
**از كف تركی سیاه چشم و پریروی**
**قامت چون سرو زلفانش چو چوگان)**[60]

**واتە:**

**چ غیلمانێكی جوان ماننند توركان**
**گلۆپ ئاسا وەكو بەدری درەخشان**
**شەرابگێڕن وەسف ناكرێ جەمالیان**
**بەچەی خاتوونی تورك, ئەولادی خاقان**
**كە مەستی چاوی مەست و زولفی خاوم**
**سەروقەد هەروەكو مەهتابە روویان**

هەروەها شاعیرێكی بەرزی وەك (ناصر خسرو) دەلێت:

**(خدایا راست گویم فتنه أز تست**
**ولی از ترس نتوانم جغیدن**
**أگر ریگی به كفش خود نداری**
**چرابایست شیطان أفریدن**
**لب دندان تركان راختارا**
**نبایستی چنین خوب افریدن**

کـــه از دســـت لـــب و دانـــدان ایشـــان
بـــه دنـــدان دســـت و لـــب بایـــد گزیـــدن
بـــه اهـــو میکنـــی غوغـــا کـــه بگریـــز
بـــه تـــازی هـــی زنـــی انـــدر دویـــدن)(61).

واتە:

خودایـــە ڕاســـت بڵـــێم گێچـــەڵ لـــە تۆیـــە
بـــەڵام ترســـم هەیـــە گـــەر ئاشـــکرابێ
کـــە بـــۆ خـــۆت ئادەمـــت کردۆتـــە کوێخـــا
ئـــیتر شـــەیتانت بـــۆ دەرد و بـــەڵابێ
ئەگـــەر لێـــو و دەمـــی تورکـــان خـــەتابێ
لەتۆیـــــە بۆئـــــەوەی دڵ موبتـــــەلابێ
چ لێـــوێ یـــا دەمـــێ هـــەروەك ئەوانـــە
کـــە داوو هـــەم کەدانـــە بـــۆ گـــەدابێ
لەلایـــــەك ئـــــاهووان هەڵدەبـــــەزێنی
هـــەتا ڕاویـــان لـــە بـــۆ تـــانجی ئـــەدابێ.

بەوچەشـنە کـە بینـرا هـەتیوبازی لـە خەلافـەتی عەباسـیدا لەلای خەلیفەکان و بگرە خـودی مـوفتی دەوڵەتیشـەوە ببـووە کـارێکی ئاسـایی، هەربۆیـە لـەپاش موعەتەسـەم زۆربـەی خەلیفـەکانی ئیسـلام ئـەو سـیفەتەیان تیـابووە، (الواثـق بـالله 227–232ك) کە بەدوا خەلیفەی سـەردەمی عەباسـی یەکـەم دادەنرێت لەناخـەوە عەشـقی هـەتیو بـوو، ئـەو شـەش سـاڵەی حـوکمی دەوڵـەتی عەباسـی کـرد لـەم هـەتیو بـۆ ئـەو هـەتیو بازیدەدا، ئەوەی لە هەموویان زیاتر دڵ و دەروونـی خەلیفـەی ئیسلامی داگیرکردبوو، غوڵامێکی میسری بـوو بـەناوی (مهـج)، ئـــەو غوڵامـــەی هێنـــد خۆشدەویســـت بـــەپیرۆزترین شـــتی

نەدەگۆڕییەوە, خەلیفە (الواثق) لە شیعرێکیدا بەسەر مهج دا دەڵێ:

**(مهـــج يملــــك المهـــج**
**بســـجی اللحـــظ والــــدعج**
**حســـن القــــد مخطـــف**
**ذو دلال و ذو غــــــــنج**
**لــــيس للعـــين اذ بـــدا**
**عنـــه بـــاللحظ منعـــرج)[62].**

واتە:

**مهـــج چـــەند جـــوان و چ شـــيرينێكە**
**گوڵاڵـــەی بـــاغی چ ئەوينێكـــە**
**بـــاڵای وەك ســـەرو ڕێـــك و بڵنـــدە**
**بـــە لەنجـــە دەڕوا نازەنينێكـــە**
**نيگـــای چـــاوەكەی وەك جـــادوو وايـــە**
**باشـــترين دۆســـت و هاوســـەرينێكە.**

دەگێڕنــەوە بەيانييــەك مهــج بــەناز و عيشــوەوە خــۆی‌كرد بەديوانی خەليفە واثق دا, واثق بەجارێك ئاگای لە كۆڕی ديوان و باس و خواسەكانی نەما و لەتاو مهج هۆشی لەبەربڕا و كەوتـە جيهانێكی ترەوە كە جيهانی خۆشەويستی سێكسی هـەتيوێكی ميسرييە و دەرگای ئيلهامی شيعری بۆخرايەسەر گازی پشـت و ناسكترين وشە بەزاری‌دا هاتن وتی:

**(حيـــــاك بـــــالنرجس والـــــورد**
**معتـــــــدل القامـــــــة والقـــــــد**
**فالهبـــــت عينـــــاه نـــــار الهـــــوى**

**و زاد في اللوعـــــــــة والوجـــــــــد..)[63].**

واتە:

**ســــــڵاوت لــــــێ بێ بــــــەنێرگز و گـــــوڵ**
**بــــاڵا نەونـــــەمام بەنـــــدی جــــەرگ و دڵ**
**نیگـــــای چــــاوانت نــــاز ئــــــەبارێنێ**
**ســـوتاوم وێنـــەی بولبـــول لەســـەر چـــڵ.**

شـایەنی باسـە شـەیدایی خەلیفـە بـۆ مهـج بەڕادەیـەك بـوو هــەتیوی لــەخۆبایی کــردوو وایلێکــرد ڕووی خــۆی لــە واثــق وەرگێڕێت و نەچێ بەدەمیەوە, مەسـەلەیەکی وا کـە خەلیفـەی شێت و هار کردبـوو, کـەس نەیـدەوێرا بچێتە سـڵاوی, چـەندی هەوڵ دا و کەسانی راسـپارد هـەتیوەی بـۆ نەهاتـەوە سـەربار, زۆری لێپاڕایەوە.. بابـە بـەس ڕوویـەکی خۆشـی تێکـە.. شـێت بووە و هاواردەکات, هـەتیوە نـەیکرد و نـەیکرد, پـاش ئـەوەی هەڵوێسـتی ناســازی مهــج گەیشــتەوە خەلیفــە, واثــق لــە دێڕەشیعرێکدا وتی:

**(یـــا ذا الـــذي بعـــذابي ظـــل مفتخـــراً**
**مـــا أنـــت الا مليـــك جـــار إذ قـــدرا**
**لـــو لا الهـــوى لتجارينـــا علـــى قـــدر**
**و ان أفـــق منـــه يومـــا فســـوف تـــرى)[64].**

واتە:

**ئەی کەسێ کـەوا بـە ئازاردانم دەکـەی شـانازی**
**تــۆ هــەتیوێکی بــێنرخی تــاکو لێــت نــەبم ڕازی**
**من شێتی ڕوویی ماهتم دەستی قەدەر بۆ نەشکی**

**گەربێـــدار بـــبم شـــتێکت نییـــە مـــن بکـــا رازی.**

لەڕاستیدا خەلیفە واثق بەجۆرێکی دەستیدابوویە لەسنوری تێپەڕانـدبوو, ئـەو لەلایەکـەوە کـە هـەتیوبازی و عەشـقی مهـج ئـارامی لـیّهەلگرتبوو, لەلایـەکی تـرەوە کـەوتبووە ئـازاردانی کەســانێك کـــە بۆچـــوونی فیکـــری و ئاینییـــان لەگەڵیـــدا یەکینەدەگرتـــەوە, بۆنموونـــە ئـــازاردانی (ابـــن حنبـــل) و هەڵواسینی (احمد بن نصر الغزالي) چونکە لایـەنگرییان لـە بیروڕای موعتەزیلەیی خەلیفە واثق نەدەکرد کە دەیوت: قورئان دروستکراوە. حاڵەتێکی وا کە دەوڵەتی خەلافـەتی شـێواندبوو, هەربۆیە شاعیرێك لەودەمانەدا وتویە:

**(أضـــــاع الخلافـــــة غـــــش الـــــوزير**
**و فســــق الأمــــير و جهــــل المشــــير**
**لــــــواط الخليفــــــة اعجوبــــــة**
**و أعجــــب منــــه خــــلاق الــــوزير**
**فهــــذا يــــدوس و وهــــذا يــــداس**
**كــــذاك لعمــــري خــــلاف الأمــــور..)[65].**

واتە:

**شـێواندی خەلافـەت غـەش و ئاکـاری وەزیـر**
**سوئی رەفتاری ئەمیر, جـەهل و نـادانی موشـیر**
**خـۆ هـەتیوبازی خەلیفـە خـەڵکی وا وڕکـردووە**
**لەوەزیاتر موتەعەجەب خولق و رەفتاری وەزیـر**
**یەکێ واپـێ لێدەنێ و یـەکێ بـۆ ژێـر پێیەکـەوا**
**دنیـا شێواوە سـەراپا چـی بڵێم رەبـی قـەدیر.**

بەوشێوەیە خەلیفەکانی عەباسی ئەوانەی پاش واثق هاتن کەمیان نەبێت ئەوانەی دییان تێکڕا هاوجنسبازییان کردووە و غوڵامی تایبەتی خۆیان بۆ جێگا و نووستن راگرتووە.

المتوکل باللە (232-247)ك وێڕای ئەوەی وەك سەرچاوەکان باسی لێوەدەکەن چوار هەزار کەنیزەکی هەبووە و سێکسی لەگەڵ هەموویان کردوە و لەجوانترین و رازاوەترین کۆشك و تەلاردا رایگرتبوون, چەندە غیلمانی ناسك و لووسیشی کردبوە هاودەم و هاوسەرینی, لەوانە یەکێکیان کە ناوی (شاهك) ە لە هەموویان بۆ متەوەکیل لەپێشتربووە, شایەنی باسە کاتێك خەلیفە گەیشتە تەمەنێك نەیدەتوانی لەبەرپیری بەئاسانی جوڵەی سێکسی ئەنجام بدات, حەوزێکیان لە جیوە بۆ دروستکرد و لەوڕووەوە گرفتەکەی چاسەرەکرا[66].

لەراستیدا کاتی بەسەرکردنەوەی سەرچاوە مێژووییەکان رووداوی وا دەخوێنینەوە کە چەندە جێی سەرسوڕمانە هێندەش عەنتیکە و خەندەبەخشە, بۆ نموونە (ابن الأثیر) لە رووداوەکانی ساڵی 252 ك واتە خەلافەتی (المعتز باللە 252-255ك) باسی راپەڕینێکی مەزن لە ناوچەی (بوازیج) ی موسڵ دەکات, کە (مساوری ئەلشاری بجلی) رابەرایەتی کردوە دژی خەلافەتی عەباسی و کوردەکانی ئەو ناوچەیەش بەشدارییان تێداکردووە و ساڵانێکی خایاندووە, هۆکاری ئەم راپەڕینە وەك ابن الاثیر ئاماژەی بۆدەکات ئەوەبووە کە مساور کوڕێکی هەبووە ناوی (حوثرة) بووە, ئەو کوڕەی لە زیندانی موسڵ دەگیرێت, پاسەوانێکی زیندان بەناوی (حسێن کوڕی بەکیر) بە حەوثرە فێردەبێ و هەمو شەوێ لە زیندانەکەی دەردەهێنێ و تابەیانی لەپاڵ خۆیدا دەینوێنێ, و بەیانی دەیباتەوە


www.pertwk.com

شوێنەکەی خۆی, کوڕەکە لەم کرداره بێزاردەبێت, نامەیەك بـۆ مساوری باوکی دەنێرێ و تێیدا دەنوسێ (أنا بالنهار محبـوس و بالليل عروس) واتە: من بە ڕۆژ گـیراوم و بەشـەو گـایراوم, ئـەو نامەیـــەی کـــە مســـاوری هانـــدا پـــەلاماری موســـڵ بـــدات و ڕاپەڕینەکەی هەڵگیرسێنێ(67).

خەلیفە المعتضـد بـالله (279–289ك) خەلیفەیـەکی تـری عەباسییە کە کرداری سێکسـی لـە نـان و ئـاو لا لەپێشـتر بـوو, ئەم خەلیفەیـە هێنـدەی کـرد تـا لەتەمـەنی 46 سـاڵیدا گیـانی دەرچوو, لە شاکارەکانی ئەم کابرایە, کەنیزەکێکی هەبوو ناوی (دریرە) بوو, لە یەکێك لە کۆشـکەکانی خۆیـدا دەریاچـەکی بـۆ دروست کردوبو کە شەست هـەزار دینـاری تێچـووبوو, خەلیفـە لەوکۆشـکەدا بـەدریرەوە خـەریك بـوو و کاروبـاری دەوڵـەت و خەڵك و خواکەشی لەپشت گوێ نابوو, هەربۆیە (ابـن بسـام) ی شاعیر لە هەقیدا وتویە:

**تـــــرك النـــــاس بحـــــيره**
**و تخلـــــــى في الـــــــبحيرة**
**قاعـــــداً يضـــــرب بالطبـــــل**
**علـــــى حـــــر دريـــــره**

واتە:

**خـــەڵکی بـــە کاســـی بەجێهێشـــتووە**
**لـــە دەریاچـــەیەکە لێـــی هەڵنیشـــتووە**
**بـــە خـــۆ پیاکێشـــان, بـــە تـــیری تـــەکان**
**قـــوزی (دریـــرە) ی کردۆتـــە نیشـــان.**

وێڕای دیرە و هاوشێوەکانی, معتضد عەشقی غولامێکی خۆی بوو کە ناوی (بدر) بوو و زۆریشی خۆشدەویست[68].

دیارە ئەم لادانە سێکسییە تەنیا لە دەوڵەتی خەلافەتدا خەلیفەکانی نەگرتبۆوە, بەڵکو شاعیر و عولەماکانیشی پێوەگلابوون و خەڵکە رەشۆکەکەش چاویان لەوان دەکرد, هەروەك دەوترێت کە ئەدەب ئاوێنەی گەلە. ئەدەبی سەردەمی عەباسیش کە چاخی زێڕینی دەسەلاتی خەلافەتی ئیسلامییە پڕێتی لە پیاهەڵدان و چرین بەسەر غیلمان و هەتیوانا, لەو شاعیرانەی هەتیو ئیلهامی شیعرەکانیان بووە: والبة بن الحباب, الحسین بن الضحاك, مصعب الکاتب, ابي جفنة الرقاشي, عمرو بن الملك الوراق, الثرواني الكوفي, العبادي..هتد) ئەمانە و جگە لە (أبو نواس) کە بە مامۆستای شیعری نێربازی عەرەب دادەنرێت و شیعرەکانی مەزنترین رەواجیان لای ئەدیبان و کۆڕە گشتی و تایبەتییەکاندا هەبووە و هاودەم و شاعیری دەرباری خەلیفە هارون ئەڵرەشید بووە.

(شابشتی) لە کتێبی (الدیارات) دا زۆرجار ئاماژەی بەو شاعیرانە داوە کە بەردەوام چوونەتە دێری مەسیحییەکان و بەدوای هەتیودا گەڕاون کە سواری بن یاخود سواری خۆیانیکەن, جارجارەش بەرهەمی هێندێکیان لەوبارەیەوە بۆ راگواستووین. لەوبارەیەوە باس لە شاعیری نێربازی عەرەب (مصعب الکاتب) دەکات و شیعرێکی دەهێنێتەوە کە دەڵێ:

**(انا الماجن اللوطي دين واحد**
**و أني لفي كسب المعاصي لراغبِ**
**اللوط ولا أزني فمن كان لائطا**


www.pertwk.com

**فـــأني لـــــه حتـــــى القيامــــة صــــاحب**
**اديـــن بـــدين شـــيخ يحـــي بـــن اكـــثم**
**و لســـت علـــى ديـــن الزنـــاة لنـــا كـــب)[69].**

**واتە:**

**هـــەیتوبازی و مـــەیلی کـــوڕ ڕێبـــازی ئێســـتا و دوورمـــە**
**خراپـــە و کـــاری بـــەد دائـــیم خـــولقی نزمـــی شـــوممە**
**بـــەلای مـــێدا نەچـــم تـــاکو هـــەتیوێ مابـــێ لـــەم دنیـــا**
**هـــەڤاڵینی کەســـی خۆشـــە لـــە نێربـــازی بکـــا خولیـــا**
**ئـــەمن ڕێبـــازی یـــەحیای ئـــەکـــثم گرتۆتەبـــەر هـــەردە**
**بە من چی فیعلی مێگاین, هەتیوبازی نەکەم چی بکەم.**

وەك لـە شـیعرەكەدا دەردەكـەوێت شـاعیر ڕێبـازی مـوفتی دەوڵەتی عەباسی یەحیای كوڕێ ئەكثمی گرتۆتەبەر و ئەوی بـە نموونەیەكی بەرزی خۆی داناوە و هەتیوبازی بە (زنـا) حیسـاب ناكـات, هەرلـەو كتێبـەی شابشـتیدا شـیعرێكی ئـەم شـاعیرە هاتووە كە شاعیر باس لەوە دەكات چۆن كـە دەچـێتە جێیـەك ریشـی بەردەداتـەوە و تەسـبیحێك دەگـرێ بەدەسـتیەوە و بەڕواڵـەت خـۆی بـە پیاوچـاك دادەنـێ و باوكـان منداڵـەكانیان دەنێرنەلای تا فێری خوێندەواری و ئەدەبیان بكات, زۆر نابـات رووی راستەقینەی دەردەكەوێت و دەستی نێربـازی خـۆی لـەو منداڵانە دەوەشێنێت, شیعرەكە بەم سەرەتایە دەستپێدەكات:

**و آمـــــر بـــــالمعروف لا مـــــن تقيـــــه**
**وكيـــــف و قـــــولي لا يصـــــدقه فعـــــل**
**اقـــول اذا لاقيـــــت قومـــــا الا اتقـــــوا**

**ولـــو عرفـــوا حـــالي لحـــل لهـــم قتلـــي..** (70)

**واتە:**

**کاتێ بە ڕیا ئـەمرێ بـە چاکە دەکـەم ئـەمما**
**کارم لەگـەڵ گوفتـارم بەقـەد عـەرز و سـەمایا**
**وەختێ کە خەڵك دێنە سڵاوم دەڵێم بـاش بـن**
**گەر کەشفم بکەن زوو دەبەن تـۆزم بەحـەوایا.**

سـەبارەت بـە شـاعیری مەینۆشـی و نێربـازی عـەرەب (ابونواس 145–198ك) کتێبـە ئەدەبییـەکان پـڕن لـە باسـی سەرەڕۆیی و لادانە سێکسیەکانی ئـەم شـاعیرە کـە بـە گیـان و جەستە عەشـقی سـێکس و چـێژی لـە لادانـەکانی وەردەگـرت, سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن چۆن بێپەروا خـۆیکردووە بـە مەیخانـەکانی جووەکانـدا و پـاش مەینۆشـین چـەند هـەتیوێکی لـــەخۆی کۆکردۆتـــەوە و پـــاش ئـــەوەی بەتـــەواوی رووتـــی دەکردنـەوەوە, لێـوی ئـەمی دەمـژی و رانـی ئـەوی دەگوشـی و گازی لەژێر باڵی ئەویدیکەیان دەگرت و پاشای داخڵـی تـەکێی چوارەمیان دەکرد, یاخود دوو هـەتیوی سـواری یـەك دەکـرد و خۆی دەبـووە تەماشاچـی تـا هەرامەکـەی هەڵدەسـتا و ئەوسـا دەسـت لـە دەسـت و قـوەت لـە.., یـان هـەتیوێکی سـواری کەنیزەکێ دەکـرد و لەپشـتەوە خـۆی بەسـەر هـەتیوەدا دەدا. دیارە لای ئەبونەواس هەتیو فەزڵی بەسـەر کەنیزەکـدا هـەبوو, وەك خۆی دەیوت:

**لعـــــل مـــــن ابســــــط حســـــــناته**
**انـــــــه لا يحـــــــيض و لا يبـــــــيض**

**واتە:**

**چـــاکترین فـــەزڵی مێردمنـــداڵی لـــووس**
**نە عادەی تووش دێ و نـە دەکـرێ ئـاووس.**

یان وەك دەیوت:

**(فـــأن قــــال حــــرام قــــل: حــــرام**
**ولکـــــن اللــــــذاذة في الحـــــرام)[71].**

**واتە:**

**ئەگــەر وتیــان حەرامــە بڵــێ: حەرامــە**
**کـە خۆشـی و چێژ هـەمووکات لـە حەرامـە.**

لـەکتێبی (لطـائف اللطـف) دا سـەبارەت بـە هـەتیوی لـوس دەڵـێ: (انهـم باللیـل عـرائس و بالنهـار فـوارس, وهـم للفـراش والهـراش وللسـفر والحضـر)[72], واتـە: هـەتیوی لـووس بەشـەو بووکن و بەڕۆژ شۆڕەسوار, بۆ شەڕ و بۆ جێگا و لەڕێگا و لەماڵ بەکەڵك دێن و هەمیشە حازربەدەستن.

دەگێڕنەوە جارێکیان ئەبونەواس لەعێراقەوە گەشـتێکی بـۆ خۆراســان کــردووە, لــەڕێگا چــۆتە کەنیســەیەك و لەگــەڵ کەشیشێکی سپۆرتدا یەکتریان ناسیوە و پێکـەوە خواردوویانـە و خواردوویانەتــەوە, ئەبونــەواس داوای لــە کەشــیش کــرد بیگۆڕنەوە, کەشیشی فیڵباز پاش ئەوەی ڕازی بوو تاکی خـۆی کردوو هەستایەسەرپێ نەیهێشت ئەبونەواس ئەسپی شەهوەتی

براني‌و ئەو فیلبازییەی هەستی ئەبەنەواسی جوڵاند و لەتاکە شیعرێکدا بەنەمری بۆی بەجێهێشتووین کە دەڵێ:

**(مـــا أنصـــف الراهـــب مـــن نفســـه**
**اذ نكـــــح النـــــاس ولا يـــــنكح)**[73]

واتە:

**بێئینصـــاف دەرچـــوو جـــەنابی کەشـــیش**
**تـــاکی خـــۆی کـــرد و پـــێم نـــەدرا لـــە شـــیش**

هەروەها شابەشتی قەسیدەیەکی 17 بەیتی ئەبونەواسی راگواستووە کە باس لە پەیوەندی سێکسی هاوجنسبازی شاعیر لەگەل هەتیوێکی مەسیحی دەکات کە ناوی (عبد يشوع) لەیەکێك لە دێرە کۆنەکانی قەدپاڵ شاخی عەقەبەی لای دەریاچەی (طبرية) سواری بووە[74].

(الحسين بن الضحاك)[75] شاعیرێکی تری عەرەبە کە لە دەرباری خەلیفە ئەمین و موعتەسەم و واثق دا ژیاوە و لەشیعرەکانیدا سەرەڕۆییە سێکسیەکانی لەگەڵ هەتیواندا بۆ هۆنییوینەتەوە, لەشیعرێکدا دەڵێت:

**(ســـقياً لليـــل أفنيـــت مدتـــه**
**ببـــارد الريـــق طيـــب النســـم**
**ابـــيض, مرتجـــه روادفـــه**
**مـــا عيـــب مـــن فـــرق الى قـــدم**
**ابـــاحني نفســـه وســـدني**

**یمـــــني يديـــــه و بـــــات ملتزمـــــی).**

واتە:

**شەوێك بۆم بوو بە ساقی و دۆست و هاوجێ**
**شـــــەرابی بـــــۆدەگێڕام هاتەســـــەرجێ**
**سـپی و ناسـك, پـەری شـێوە, درەخشـان**
**لـەبن پـێ تاسـەری بـێ عـەیب, بـەرز شـان**
**کـە خـۆی بەخشـی بەبەنـدە و دەسـتی گـرتم**
**لـــەناوجێ تـــا ســـپێدە مەســـتیکردم.**

(ابـن سـكرة) شـاعیرێکی دیکـەی ئـەو سـەردەمەیە کـە بـۆ چـێژوەرگرتن و هـەتیوبازی سـەردانی دێرەکـانی کـردووە و سـەرەڕۆییەکانی بەوێنـەی شـیعری پێشـکەش کـردووین, ئـەم شاعیرە وتویە:

**(مـــر لـــي في العمـــر يـــوم**
**لا أجازيـــــــه بشـــــــكر**
**بـــين غـــزلان النصـــاری**
**امـــزج الريـــق بخمـــر)[76].**

واتە:

**لەگشـــت ژیـــانم ڕۆژێکـــم دیـــوە**
**هـــیچ کـات خۆشـــی وام تێـدا نـــەدیوە**
**لـــەنێو چـــاو ئاســـکە مەســـیحیەکاندا**
**مەینۆشـــیم دەکـــرد لـــەپاڵ هـــەتیوا.**

وەك دەردەکـەوێت دیـاردەی نێربـازی لـەم قۆناغـەدا واپەرەیســـەندبوو مزگـــەوت و کـــۆڕی عولـــەما و مامۆســـتا

ئایینیەکانیشـــی گرتبـــۆوە. وەك دەڵـــێن کـــوڕی (المربـــد / ناوچـەیەکە لـە بەسـرە) پڕیبـووە لـە منـداڵی لـووس کـە بـۆ خوێندن روویان تێکردبوو, ئەو کوڕەی کاتێك شاعیری گـەورەی عـەرەب (الـبحتري) خـۆی پێـداکرد وتـی: (مـا أحسـن المسـجد بقناديله) واتە: مزگەوت چەند جوانە بە چراکانی.

هەروەها لە زانایەکی وەك (ابن درید) دەگێڕنەوە کە لەگـەڵ ئـەو هـەموو توندوتیژییـەیدا چاوپۆشـی لـەو منداڵـە جوانانـە کردووە کە کاتی خوێندنەوە بەردەوام هەڵەیان دەکرد, کاتێك لێیان پرسی بۆچی چاوپۆشی لـەو جوانانـە دەکـەیت و بۆچـی بانێکە و دوو هـەوا, لەوەڵامـدا وتویـە (لا تعجبـوا فـأن في وجهـه غفران لذنوبه) واتە: سـەرتان نەسـوڕێت, رووی جـوانی پۆزشـی هەڵەکانێتی. دیارە کۆڕی ابن درید ئەوەندە منداڵی جوانی تێـدا کۆببۆوە کە هێندێك هەوەسباز نەیاندەتوانی جێیبهـێڵن. یـەکێ لەوانە وتویە:

**مـــن يكـــن للظبـــاء طالـــب صـــيد**
**فعليـــــه بمجلـــــس ابـــن دريـــــد**
**ان فيـــــــه لأوجهـــــــا قيـــــــدتني**
**عـــن طـــلاب العـــلا بـــأوثق قيـــد**

واتە:

**ئـــەوەی کـــە خولیـــای راوە ئـــاهو کـــا**
**بـــا روو لـــە کـــۆڕی ابـــن دریـــد کـــا**
**مـــاە روخســـاری وای لـــــیکۆبۆتەوە**
**بەســــتوومیانەوە پـــێم بەکۆتـــــەوە**



www.pertwk.com

دیارە ئامۆژگاری و وەعظی دینی نەیاندەتوانی ڕێگا بە دیاردەی نێربازی بگرن لەنێو مزگەوت و کۆڕی زانستە ئاینیەکاندا, بەقەولی شاعیری پایەبەرزی ئێرانی (کمال خجندی):

**چشم أگر این است و ابرو این, ناز و عشوه این**
**الوداع ای زهد و تقوی, الوداع ای عقل و دین.**

واتە:

**چاو و ئەبرۆ گەر وەهابێ, وا بێعیشوە و نازەنین**
**تۆ لەکوێی ئەی زوهد و تەقوا, خوات لەگەڵ ئەی ئەقڵ و دین**

یان:

**ئاگری هەوەس رووکاتە هەرکەس**
**چەندە زاهید بێ دەیکا بە تەرەس.**

لەڕاستیدا بڵاوبوونەوەی نێربازی لە مزگەوت و خوێندنگا ئاینییەکاندا بەجۆرێك لە دوا قۆناغەکانی خەلافەتی عەباسیدا پەرەی سەندبوو کە بە قەولی (هندوشاه) پاش ئەوەی خەلیفە الناصر (575 – 622ك) زانی عولەماکانی خوێندنگای ناوداری (نظامیة) بە هەتیوبازییەوە سەرقاڵن, بڕیاریدا هەموویان لە خوێندنگاکە بکاتە دەرەوە و شوێنەکەشی بکاتە تەویلەی ئەسپ و هێستر و سەگی لێ ببەستنەوە(77).

وەك لە کتێبی (تجارب السلف) دا هاتووە, (أبو زکریا یحیی بن علی) کە بە خەتیبی تەبرێزی ناسراوە, مامۆستای ئەو خوێندنگایە بووە و شەوانە بەزمی مەینۆشی سازداوە و فەقێ

لووسـەکانی لـەخۆی کۆکردۆتـەوە, تـا بـە ڕاپۆرتێـك خواجـەی بەڕێوەبـەریان ئاگـادارکردەوە. خواجـە کـە سـەرەتا بـاوەڕی نـەدەکرد, شـەوێك بەدزییـەوە هاتـە خوێندنگاکـە و ڕاسـتی مەسـەلەکەی بۆدەرکـەوت, سـپێدە تـەبرێزی بـانگ کـردە لای خۆی و بۆئەوەی دلّی نەشکێنێ پێـی وت: ئـەوە مانگانەکـەمان بـۆ زیـادکردووی, ڕاسـتییەکەی تـا ئێسـتا نـەمانزانیوە بەشـەو کۆڕت ئەوەندە گەرمە و خەرجیشت هێندە گرانە[78].

لەڕاسـتیدا مـەیلی هاوجنسـبازی لای هێنـدێك لـە عولـەما و شاعیرو ئەدیبەکانی ئەم قۆناغە هێند بەتین بووە کە ئامادەبون لەپێناوی هەتیوەکانیاندا دەست لە هەموو شتێك هەلّگرن, یـان گەر ویصالیان بۆ ڕێنەکـەوێ شـەربەتی مـەرگ بنۆشـن و نـاوی خۆیان وەك هەتیوبازێکی شەهید لەمێژوودا تۆماربکەن.

لەو ڕووەوە ڕوداوی خۆشەویستی (سـعد الـوراق) ی ئـەدیب بۆ یەکێك لە شاگردە مەسیحیەکانی کە ناوی (عیسـا) بـووە لـە شاری (ڕەها) شـاراوە نییـە, عیسـا پـاش ئـەوەی مەسـەلەکەی ئاشـکرابوو سـەریخۆی هـەلّگرت, سـەعدیش بەتـەمای بینینـی چاوە کالّەکانی عیسا بەردەوام لـە هاتووچـۆی کەنیسـەدا بـوو, لەداخا دێوانەبوو, تا ڕۆژێکیان لەشوێنێکی نزیك بەکەنیسـەکەی ڕەها لاشەی مردوویان دیتەوە, پاش مردنـی سـەعد, جارجـارە عیسا بۆسەردانی بنەمالّەکـەی دەگـەڕاوە ڕەهـا, منـدالآنی شـار هـەمووجارێ سـەرەڕێگەیان لێـدەگرت و عیسـایان بـەردەباران دەکرد و دەیانوت: ئەی بکوژی سەعدی وەراق[79].

هـەروەها (شـرف العـلا) ی شـاعیر و ئـەدیب لـە عەشـقی کوڕێکی مەسیحیدا پشتی لە ئاین کرد و چـووە نـاو کەنیسـە و بەزمی مەینۆشی قبولّ کرد, (مدرك بن علي الشيباني) ی زاهیـد



www.pertwk.com

و ئەدیب عەشقی شاگردێکی مەسیحی خۆی بوو بەناوی (عمرو) و لەکاتی وانەوتنەوەیدا نامەیەکی پڕ خۆشەویستی و پاڕانەوەی بۆنووسی, عمر و گوێی نەدایە و کۆڕی دەرس خوێندنیشی بەجێهێشت, مەسەلەیەکی وا کە مدرکی دێوانە کرد و بەهەموولایەکدا کەوتە سۆراخی, کاتی شاگردەکانی تری مدرك پەشێوی مامۆستاکەیان زانی, کەوتنەوە گەڕان بەدوای, عەمرودا و رازییان کرد سەرێك لە عاشقەکەی بدات, عاشق کە بە دیداری مەعشوقی گەیشت, بەرگەی ئاگری سوتێنەری عەشقی نەکرد و نەعرەتەیەکی کێشا و گیانی سپارد[80].

( 2 / 3 )

## میسر و چەند نمونەیەکی نێربازی

ئاشکرایە کە میسر لە ساڵی 22 ی کۆچی و لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتابدا خوای لێبێ رازی, کەوتە ژێر سایەی دەوڵەتی خەلافەت و زیاتر لەگەڵ شام دا جۆرە یەکێتییەکی ئابووری و بەڕێوەبەرایەتییان پێکدەهێنا, ماوەیەکی زۆر لەژێر دەسەڵاتی سەنترالیزمی خەلافەتی ئەمەوی و عەباسیدابوو, پاش لاوازی و دەرکەوتنی خولیای سەربەخۆخوازی هەرێمەکان لە ناوەندی خەلافەت کە بەغدا بوو, میسریش قۆناغ بە قۆناغ دەچووە ژێر سایەی چەند بنەماڵە و دەسەڵاتی جیاوازی وەك: طولۆنییەکان, ئەخشیدییەکان, فاتمییەکان, ئەیوبییەکان و مەمالیك کە تا هاتنی عوسمانیەکان لە حوکمکردن بەردەوام بوون.

دیارە دەبێ دیاردەی نێربازی لە میسری خاوەن شارستانیەتی دێرین و دابەشبوونی چینایەتی توندوتیژ و

رژێمی کۆیلەیەتیدا هەبووبێ کە لە قۆناغەکانی حوکمی دەوڵەتی خەلافەتدا زیاتر پەرەیسەند و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆتە دیاردەیەکی زۆر ئاشکرا و میسرییەکان پێی ئاشنا بوون, ئێمە لێرەدا چەند نموونە لەو دیاردەیە لە چەند قۆناغێکی جیاوازدا دەخەینەبەرچاو کە مشتێ لە خەرمانێکی هەتیوبازین لەمیسردا.

( 1 / 2 / 3 )

## کوشتنی سوڵتانێکی هەتیوباز

ئاشکرایە کە سوڵتان (الظافر بالله ابو منصور) نۆهەمین سوڵتانی فاتمییە کە حوکمی میسری کردووە و ئەو مزگەوتەی کە ئێستا لە قاهیرە بەناوی (ظافر)ە بەناوی ئەوەوەیە, وەك سەرچاوە مێژووییەکان لەم سوڵتانەی دەگێڕنەوە, چونکە گەنج بووە و حەزی بە بەزم و کەیف بووە سالانی حوکمی پڕ ئاشووب و گێچەڵ بووە, سوڵتان (ظافر) مرۆڤێکی نێرباز بووە و حەزی لە کوڕە لووسکەیەکی وەزیری خۆی کردبوو کە ناوی (نصر) بوو, وەك لێی دەگێڕنەوە شەو و رۆژی لەگەڵ ئەو کوڕەدا دەبردەسەر و زۆر عاشقی بووە و شەوانە سەردانی ماڵەکەیانی دەکرد و تا بەیانی خەریکی کەیف بوون, پاش ماوەیەك هەتیوەکە و عەباسی باوکی بڕیاری کوشتنی ظافر دەدەن و پیلانی بۆ دادەڕێژن, ئەو پیلانەی کە نصر لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا لە ماڵەکەی خۆی لە قاهیرە جێبەجێی کرد, پاش ئەوەی سوڵتانی هێنایە ماڵەوە و پاش شەراب نۆشین دای بەسەر خۆیدا و ئینجا خەنجەرێکی لە ورگی چەقاندوو بە پارچەپارچەکراوی هاویشتیە بیرێکەوە, پاش ئەوەی خەڵکی قاهیرە مەسەلەکەیان زانی خۆپیشیاندانیان کرد و داوای تۆڵەیان لە عەباسی وەزیر و هەتیوەکەی دەکرد,



www.pertwk.com

هەربۆیە وەزیر و کوڕەکەی بەرەو شام هەڵاتن, ئەم ڕووداوە ساڵی 554 ك ڕوویدا[81]. هەربۆیە ناچارین پارچە شیعرێکی شێخ ڕەزا بەو سوڵتانە هەتیوبازە بڵێین:

**عاجز مەبە نەك بۆتۆ, وەفایان نییە بۆ کەس**
**مەعلوومە کە ئەم تاقمە وەك تاسی حەمامن.**

( 2 / 2 / 3 )

### سەلاحەددین هەتیوباوێزی لەخواترس

نامانەوێت هیچ درێژدادڕییەك لە باسی مەزنی سەلاحەدین و کارەکانی بۆ عەرەب و ئیسلام بکەین و قارەمانی و شۆڕەسواری ئەو سوڵتانە بخەینەبەرچاو, چونکە ئەوە مەسەلەیەکی شاراوە نییە و بەشێرەوە دەرخواردمان دراوە, بەڵکو لێرەدا تێکستێکی مێژوویی (الذهبي) دەخەینەبەرچاو کە باس لە ساڵی 595 ك دەکات و سەبارەت بە (الملك الناصر صلاح الدين صاحب مصر) دەڵێ:

(ئەوەندە پیاوێکی لەخواترس بوو, ڕۆژێکیان هەتیوێکی تورکی بانگ کردە ژوورەوە کە ناوی أبو شامة بوو و هەزار دیناری پێدابوو, سەیری جوانی و قەدوباڵای کرد و داوای لێکرد خۆی ڕووت و قووت بکاتەوە, ئینجا دەرپێکەی خۆی داکەنی تا کارێکی بەد بکا بەڵام خودا فریایکەوت و بەپەلە چووە لای کەنیزەکەکانی و خۆی خاڵیکردەوە, پاشتر گەڕایەوە هەتیوەکە هەر چاوەڕێی ئەکرد. فەرمانی پێکرد خۆی لەبەرکاتەوە و بڕواتەدەرەوە)[82]. دیارە سەلاحەدین شەریفەکەیان بووە و دەبێ ئەوانی دیکە چۆن بووبن.

( 3 / 2 / 3 )

## شێخێکی ئەنگوستیلەباز

لە پێغەمبەر (د.خ) دەگێڕنەوە کە وتویە (بئس المال في آخر الزمان المماليك)واتە: قەڵبترین ماڵ لە ئاخرزەماندا مەمالیکە, وەك ئاشکرایە قۆناغی حوکمی مەمالیك لەمیسردا لەپاش ئەییوبییەکانەوە دەستپێدەکات و تا ساڵی 1516 بەردەوام دەبێت کە عوسمانییەکان هێرش و پەلامارەکانی خۆیان لە ڕۆژئاوا وەستاند و ڕوویانکردە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و میسریشیان خستەژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

لەراستیدا سوڵتانەکانی مەمالیك لە میسردا لەڕادەبەدەر بایەخیان بە کۆیلە و کڕینی مەملوکی سپی پێست دەدا و لەماڵەکانی خۆیاندا رایاندەگرتن. هەر لەم ڕووەوە سوڵتان (کتبغا) کە لە شەستەکانی سەدەی حەوتەمی کۆچیدا دەسەڵاتی میسری گرتەدەست, لە ساڵی 665 ك پێشوازی لە دە هەزار ماڵێك کە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتبوونە میسر و بە (الأويراتية) ناسرابوون, مەسەلەیەکی وا کە بووەهۆی ویتەویتی خەڵك و ناوی سوڵتان بەخراپی لەسەر زارو و زمانان دەگەڕا[84] , سوڵتانەکانی مەمالیك ژمارەیەکی زۆریان لە منداڵە جوان و لووسکەکانی مەملوکی بۆخۆیان گلدەدایەوە و ناویان لێنابوون (الخاصكية / تایبەت)[85].

وەك (مقریزی)باسی لێوەدەکات سوڵتان ناصر محمد بن قەلاون لەڕادەبەدەر لە کڕینی غولامی مەملوکیدا

دەستبڵاوبووە, ناوبراو (100000) درهەمی دایە هەتیوێك, بەقەولی کابرای عەرەب:

**اذا كان رب البيت بالطبل ضارباً**
**فلا تلم الصبيان فيه على الرقص**

واتە:

**گەر باوك لەماڵ کەوتە دەف لێدان**
**چ لۆمەی منداڵ دەکرێ لە سوڕدان.**

میرەکانیش لاسایی سوڵتانیان دەکردەوە و کەوتنە هەتیوکڕین, مەسەلەیەکی وا کە نرخی هەتیوی لە قاهیرەدا فڕاند بۆ سی تا چل هەزار درهەم, مەسەلەکە لەوەش تێپەڕی, سوڵتان ناصر, (ملكتمر الحجازی) مەملوکی کڕی بە (100000) درهەم[86].

دیارە پەرەگرتنی مەسەلەی کۆیلایەتی و هەتیوکڕین و ڕاگرتنیان لە کۆشك و دەربارەکانی سوڵتان و میرەکاندا بەواتای زیاتر بڵاوبوونەوەی هاوجنسبازی و بوونی بەدیاردەیەکی باوی کۆمەڵگا لە میسر, نمونەشمان بۆئەوە (شێخ شرف الدين أبو الربيع) ی شاعیر و زێرەنگەرە کە لە هەمەدان لەدایك بووە و لە هەولێر پەروەردە بووە و دەواتر چۆتە میسر و یەکێك بووە لە شاعیرەکانی دەرباری سەلاحەدینی ئەیوبی و لەسەردەمی مەمالیکەکانیشدا ژیاوە.

(ابن تغربردی) سەبارەت بەو شێخە دەڵێت: (دەگێڕنەوە جارێکیان هەتیوێکی مەملوکی جوانی مەلیك ئەشرەف موسا چۆتە لای و پێیوتووە: ئەنگوستیلەیەکت هەیە بۆ پەنجەم,

ئەویش لە وەڵامدا وتبوی: ناوەڵا نیمە, بەڵام پەنجەیەکی جوانم هەیە بۆ ئەنگوستیلەکەت)!![87].

لەراستیدا تێکستێکی وا دەریدەخات کە هەم سوڵتان و هەم شێخی شاعیر هەردووک ئەنگوستیلەباز بوون, ئەنگوستیلە, ئەو زاراوەیەی تا ئێستاش لە هەولێر بۆ منداڵی حیز بەکاردەبرێ.

( 4 / 2 / 3 )

## قازییەکی حیز و چەند پۆزشێك

(الأبشيهي) لە دەروازەی حەفتاو شەشەمینی کتێبەکەیدا چەند سەرگوزشتەیەکی عەنتیکە سەبارەت بە هێندێك لە قازییەکانی چەرخی زێڕینی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی دەگێڕێتەوە, لە دواپەڕەگرافی بەشی سێیەمی ئەو دەروازەیەدا, باس لە قازییە حیزەکەی شاری (حمص) ی شام دەکات و دەڵێت کە بازرگانێك سەردانی ئەو شارەی کردووە و گوێی لە بانگ بێژ بووە وتویە (اشهد ان لا الە الا الله و ان أهل حمص يشهدون ان محمداً رسول الله) بازرگان ئەم شێوازە بانگدانەی لا سەیر دەبێ و دەچێتە لای ئیمام بۆ شکات, کە دەچێتە مزگەوت دەبینێ ئیمام لەسەر پێیەك پێشنوێژی دەکات, کابرا زیاتر سەری سوڕدەمێنێ و دەچێتەلای موحتەسیب بۆ شکات, کە دەگاتە لای موحتەسیب سەیردەکا قورئانێکی لەکۆشدایە و کوپەیە شەرابیشی بەدەستەوەیە دەیفرۆشێ و بە قورئانەکە سوێند دەکا کە شەرابەکە بێ غەل و غەشە, کابرای بازرگان کە ئەمە دەبینێ پشتاوپشت دەگەڕێتەوە و بڕیاردەدا بچێتەلای قازی شار کە گەورەترین دەسەڵاتی شەرعی و یاساییە, کاتێ دەگاتە لای قازی تەماشا



www.pertwk.com

ئـــەکات قـــازی لەســـەردەم پـــاڵ کـــەوتووە و مێرمنـــداڵێکی بەســـەرەوەیە و خـــەریکێتی, کـــابرا دەڵێـــت: خـــوا حمـــص ژێرەوژوورکا, قازی لە بازرگان دێتـە وەڵام و دەڵـێ ئـەوە چـی بووە؟ بازرگان تێکڕای مەسەلەکان باس دەکات, پاش ئـەوەی لـێدەبێتەوە, قـازی دەڵـێ: کـەرە تـۆ خـراپ تێگەیشـتووی, سەبارەت بە بانگبێژەکە, ئەمڕۆ بانگبێژەکەمان نـەخۆش بـووە و کابرایەکی جوویان بەکرێگرتووە لە شوێنی ئەو بانگ بـدا کـە نابـێ شـایەتومان بێنــێ, مەسـەلەی ئیمـامیش, کاتـێ لـەماڵ هاتۆتـــەدەر, پێیـــەکی کەوتۆتـــە نـــاو پیســـاییەوە و کـــاتی پاکردنـــەوەی نـــەبووە, جـــا لەبەرئـــەوەی خەڵکەکـــە نوێـــژی جەماعـەتی نەفـەوتێ لەسـەر پـێ پاکەکـەی ئیمامەتییەکـەی بۆکردوون, ئەوەکەی موحتەسبیش ئەوەیە کە لە مزگەوتێکدایە بەرهـەمی ئـەو مزگەوتـە تـەنیا ترێیـەکی خراپـە و نافرۆشـێ, هەربۆیە دەیگوشێ و دەیکاتە شەراب و دەیفرۆشێ و پارەکـەی بۆ قازانجی مزگەوت و خوێندنگا و فەقێیەکان سـەرف دەکـات. سەبارەت بە خۆشم, ئەوە منداڵە هەتیوە و باوکی دوای مردنـی مـــاڵ و داراییـــەکی زۆری بەجێیهێشـــتوون و میراتەکـــەیان وەســـتێنرابوو, ئێســـتا کەســـوکارەکەی هـــاتوون و دەڵـــێن منداڵەکەمان باڵق بووە, ئەوا منیش بۆ دڵنیـایی لەسـەر خـۆمی تاقیدەکەمەوە!!, بازرگـان کـە ئەمـە لـە قـازی دەبیسـتێ لـە حمـص دەردەچـێت و سـوێند دەخـوا تامـاوە نەچـێتەوە بەوێدا(88). دیارە کابرای بازرگان گـەر بـە ئاشـکراش نـەیوێرابێ لەدڵی خۆیدا وتویە:

**قـازی لـەژێر هـەتیوا, سـوڵتان دەسـتی بەخەنجـەر**
**حوکم بەردەستی زۆردار, دادمان لەدەستی قوندەر.**

( 3 / 3 )

## ئێران یا وڵاتی نێربازان

ئاشکرایە کە ئێران وڵاتی ئاری ڕەگەزان و مەڵبەندی دێرینی شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب و پاش شەڕی قادسیە و نەهاوەند کەوتە چنگی دەوڵەتی خەلافەت لەکاتێکدا شەقاوێکی گەورەی لە گەشەکردنی کۆمەڵگا و مەیینی چینەکانی و پرۆسەی دەسەڵات و بەڕێوەبردن و دواتر شارستانیەت بەهەردوو لایەنە مادی و مەعنەویەکانییەوە هاویشتبوو, هەربۆیە چینی هەڵبژاردەی ئێرانی مەسەلەی روخاندنی دەوڵەتی ساسانییان بە کارەساتێکی گەورە و هاتنی عەرەب و ئیسلامیان بە نەگبەتییەکی مەزن لەقەڵەمدا و لەڕووی دەروونییەوە تووشی تێکشانێکی گەورە هاتن و گیانی بەرگرییانی بزواند.

لەبەرئەوە شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە کە بەدرێژایی حوکمی خەلافەتی ئەمەوی کە خەلیفەکانی پان عەرەبیزم بوون, ئێران ببێتە پێگەیەکی مەزنی ڕاپەڕین و شۆڕش دژی دامودەزگای دەوڵەتی خەلافەت, لەوەش زیاتر پلانی رووخاندنی دەوڵەتی ئەمەوی لەئێراندا چنراو لەلایەن ڕەگەزە ئێرانییەکانەوە جێبەجێکرا, کە سەرەنجام دواخەلیفەی ئەمەوی (مروان الحمار) کوژرا و بناغەی دەوڵەتی عەباسی دامەزرێنرا کە دەتوانرێت بەدەوڵەتی (فارس و عەرەب) لەقەڵەم بدرێت, چونکە بنەماڵەکانی (آل فضل) و (آل سهل) ڕۆڵی سەرەکیان لە بەڕێوەبردنی دام و دەزگاکانی خەلافەتدا دەبینی و پاش نەمانی ئەو دوو بنەماڵەیە نفوزی ڕەگەزە ئێرانیەکان هەر لەو دام و دەزگایانەدا هەستیپێدەکرا.



www.pertwk.com

لەلایەکی ترەوە ئێران کەپێشتر لە چەند رەگەزی ئاری وەك (فارس, کورد, بلوچ) پێکدەهات لـە قۆنـاغی دواییەکانـدا بـووە شوێنی نیشتەجێبوونی چەند رەگـەزی دیکـەی وەك (عـەرەب, تورك, ئەرمەن, تورکمان و ئـازەر.. هتـد) کـە رۆڵیـان لـە زیـاتر ئاڵۆزبوونی کێشەکانی وڵات و باری سیاسی ناوچەکەدا هەبوو.

پـــاش لاوازبـــوونی ســـەنترالیزمی خەلافـــەتی عەباســـی و ســـەرهەڵدانی جوڵانـــەوە ســـەربەخۆییخوازەکانی هەرێمـــەکان, رەگـــەزە ئێرانیـــەکانیش زووبـــەزوو کەوتنـــەخۆ و جگـــە لـــە دامەزرانــدنی چــەند ســەڵتەنەتی وەك (تاهیرییــەکان 205 – 259ك), (سەففارییەکان 254–289) (سـامانییەکان 261– 389), (غەزنەوییەکان 351–585ك) بنەماڵـەی (بـۆیهی) یـە فارســـە شـــیعەکانیش توانیـــان بۆمـــاوەی 27 ســـاڵ (320– 347ك) خۆیان بەسەر دەستگای خەلافەتدا بسەپێنن و تەواوی رۆژهەڵاتی ئیسلامی حوکم کەن. کە دواتر ئێران دەکەوێتـە ژێـر دەســـەڵاتی ســـەلجوقییە تورکـــەکان و تـــا هـــاتنی مـــەغۆل ئـــەو دەســـەڵاتە بـــەردەوام دەبێـــت, دواتـــر حـــوکمی بنەماڵـــەکانی (قرەقونیلـو / 1408–1467 / مـەڕی رەش) و (آق قونیلـو / 1467–1501 مەڕی سپی) لەئێراندا دەستپێدەکات تا سـاڵی 1501 کـــە شـــێخ ئیســـماعیل ســـەفەوی دەچـــێتە تـــەورێز و دەوڵەتی سەفەوی دادەمەزرێنێت و ئێـران پـێ دەخاتـە چـاخی نوێوە.

ســەبارەت بــە دیــاردەی نێربــازی لــە ئێرانــدا, دەتوانرێــت بوترێـــت کـــە تەمـــەنی ئـــەو دیاردەیـــە درێـــژایی تەمـــەنی شارستانییەتی دێرینی ئێرانە, لەم رووەوە نـاکرێ چـەند شـتێ لـەبیر بکرێـت یەکـەم دابەشـبوونی توندوتیـژ و مێژینـەی چـینە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران, دووەم نەبوونی ئـازادی تێکـەڵاوبوونی

ڕەگـــەزی نێرومێـــی کۆمـــەڵگا بەشـــێوەیەکی ســـاغڵەم یـــان بەمانایەکی تر داخراوی کۆمەڵگا و چەپاندنی بیسنووری لاوان, ســـێیەم گەنـــدەڵی تـــەواوی دەربـــاری ســـوڵتان و ئـــەمیر و دەســـتوپێوەندەکانیان کـــە لـــەپێناوی چـێژوەرگرتن لـــە هـــیچ ڕەفتارێ نەپرینگاونەتەوە, چوارەم, داباریینی ڕەگـەزی تـورك و گەرمبوونی بازاڕی کۆیلایەتی, مەسەلەیەکی وا کـە هـانی چـینە خواپێداوەکانی دەدا منداڵـە تـورکی سـپی و سـۆڵ بکـڕن و بـۆ خزمەتی خۆیان سوودیان لێـوەرگرن بەبـەزمی ناوجێگەشـەوە, حاڵەتێکی وا کە ڕۆڵێکی گـەورەی لـە بڵاوبوونـەوەی نێربـازیدا هـەبوو لـەنێو تێکـڕای چـینە کۆمەلایەتییەکانـدا بەتایبـەتی لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـت و تـا نزیکـەی سـەد سـاڵ لەمەوبـەرێك, نموونەی مێژوویی و ئەدەبیش بۆ گەواهیدان لـەم ڕاسـتیە هەنـد زۆرە کەوا لە هەر لێکۆڵەرێك بکات پـاش خوێندنـەوەیان ئێـران ناوبنێ وڵاتی نێربازان کە بە فارسـی: أمـرد پرسـتی, بچـەبازی, غلامبارگی و سادەپرستی پێدەڵێن و وا لێرەدا چەند نموونەیەك دەخەینەبەرچاو:

( 1 / 3 / 3 )

**نموونەی مێژوویی:**

( 1 / 1 / 3 / 3 )

**ڕیسوایی ئەبو نەعیم**

(ابو فضل بیهقي) لە کتێبە مێژوویەکەیدا دەگێڕێتەوە کە لە دەرباری سوڵتان مەسعودی غەزنەویدا کابرایەك هەبووە پیـاو و نـەدیمی سـوڵتان بـووە بـەناوی (أبـو نعـیم), ئـەم کابرایـە دڵـی چۆتەســـەر غـــولامێکی جـــوان و دڵگـــیری ســـوڵتان کـــە نـــاوی

(نوشتیکن) بوە و بەدزییەوە جارجار تەماشای دەکرد, ڕۆژێک سوڵتان بەو غولامەیدا چەپکە گوڵێک بۆ ئەبونەعیم دەنێرێ, ناوبراو کاتی وەرگرتنی گوڵەکە دەستی غولام دەگوشێ, نوشتکین زۆری پێناخۆش دەبێ و دەڵێ: ئەوە چ بێئەدەبیەکە کە بە پەنجەی خیانەت دەستی غولامان بگوشرێ؟ ئەم قسەیە دەگاتەوە سولتان مەسعود و دەبێتەهۆی دڵڕەنجاندن و توڕەبوونی و فەرمان دەدا ئەبونەعیم وەك سەگ پەت کەن و لە قەڵای بهاوێژن و ماڵ و داراییەکی کە هەیەتی بە نوشتکینی ببەخشن, شایەنی باسە ئەبونەعیم لەسەر دەستگوشینێکی نوشتیکین کەوتە بەر رق و نەفرەتی سوڵتان و ماوەیەکی زۆر ریسواکرا, تا بە هیمەتی پیاوچاکان سوڵتان لێیخۆش بوو و گێڕایەوە دەربار, ڕۆژێك کە سوڵتان لەبەزمی مەینۆشیدا بوو, ئەبونەعیمیشی لەگەڵدا بوو, سوڵتان رووی‌تێکرد و پێی وت: ها بونەعیم ئێستا سەیری نوشتکین ناکەی؟ لەوەڵامدا بونەعیم وتی: قوربان لەسەر تەماشایەکی جاری پێشوو بەدەردێ نەچووم تا دووبارەی بکەمەوە, سوڵتان دایە قاقای پێکەنین[89].

دیارە نمونەیەکی وا ئەوەدەگەیەنێت کە سوڵتانەکان جگەلە بەزمی هەتیوبازی, هەتیوەکەشیان بەبەشێك لە هەیبەتی شایانەیان زانیوە و ئامادەبوون بەتوندترین شێوە سزای نزیکترین کەس بدەن کە بەچاوی (خراپ) نیگا بکات, نیگاکەرێك کە پێوست بوو بیوتایە:

**لـێم مـەرەنجێ گـەر ئەوەنـدەت بـۆ بـڕوانم دڵنیابـــە لێـــت تێرنابـــێ چـــاوەکانم.**

(2 / 1 / 3 / 3)

**ئەمیر یوسفی برای سوڵتان مەحمود و طغرلە لووس**

(بیهقـی) لـە شـوێنێکی تـری کتێبەکەیـدا رووداوێکمـان لـەدەرباری سـوڵتان مـەحمودی غەزنـەوی (338–421ک) دا بۆدەگێڕێتەوە کە باس لە ئەمیر یوسفی برای سـوڵتان مـەحمود دەکات کە حەزی لە غولامێکی لووسی سوڵتان بـووە کـە نـاوی (طغرل) بووە, ئەو غولامەی کە لەلایـەن خـاتوون ئەرسـەلانەوە کرابووە دیاری بـۆ سـوڵتان و لەبـەر جـوانی و ناسـکی سـوڵتان کردبوویە شەرابگێڕ و هاوجێگەی تایبەتی, ئەمیر یوسف کە لـە کۆڕێکی مەینۆشی سوڵتاندا لـە بـاغی فـەیروزی ئامـادە دەبێـت بۆئەوەی هەست بە خۆی بکات شێت و شەیدای طغـرل دەبێـت و تـەنیا سـاتێکیش چـاوی لـێناتروکێنێ, مەسـەلەیەکی وا کـە سوڵتان توڕەدەکات و ناچاردەبێت بە یوسف بڵێ: تا ئێستا من چەندە چاکە و پیاوەتیم بەسەرتەوەیە, چـۆن دەبـێ لـە کـۆڕی مەینۆشـی منـدا بێئـەدەبی وا بکـەی؟ تـۆ خـۆت پێـت خۆشـە کەسـانی دی بەوچەشـنە لـە بـەزمی مەینۆشـیدا سـەیری هەتیوەکانت بکەن؟ بەڕاسـتی ئەگـەر حورمـەتی بـاوکم نەبوایـە ئێستا خراپم بەسەردەهێنای, ئەمجارەیان لێت دەبـوورم و بـڕۆ ئـەوە طغـرل یـش بۆخـۆت چـونکە ئێمـە لەوبابەتـەمان زۆرە, هۆشیاربە جارێکی دی هەڵەی وا دووبارەنەکەیتەوە, یوسف کە



www.pertwk.com

ئەمەی بیست سەری‌سوورما و سەری‌دانەواند و ماچی خاکی بەرپێی سوڵتانی کرد و بڕیاری‌دا شتی وای هەرگیز لێ‌دووبارەنەبێتەوە[90].

( 3 / 1 / 3 / 3 )

## سوڵتان مەحمود و ئەیازی چاوباز

خۆسەویستی و عەشقی سوڵتان مەحمود بۆ ئەیازی تورك داستانێکی ئاشکرایە و لەمێژوو و ئەدەبیاتی ئێراندا رەنگی‌داوەتەوە, وەك (نظامی عروضی) باسی لێوەدەکات ئەم ئەیازە زۆر شیرین و جوان و لەسەرخۆ و رێك ئەندام و جوان پۆش بووە و لە زەمانی خۆیدا بێ‌هاوتابووە بەجۆرێك دڵ و دەروونی سوڵتانی داگیرکردووە, شەوێکیان سوڵتان مەحمود زۆر سەرخۆش دەبێ و لە بێ‌ئاگاییەوە فەرمان بە ئەیاز دەدا قژە درێژەکەی لە ناوەڕاستدا ببڕێت, سپێدە کە دێتەوە هۆش خۆی و دەزانێ چ هەڵەیەکی دەرهەق بە مەعشوقەکەی کردووە زۆر شپرزە دەبێت و هاواردەکات کەسێ دڵخۆشی بداتەوە, لەوکاتەدا حاجی عەلی قەریبی سەرکاری دەربار (عنصری) شاعیر ئاگادار دەکاتەوە و دەینێرێتەلای سوڵتان, عنصری کە دەچێتە ژوورەوە سوڵتان پێی‌دەڵێ وەرە بزانە چی رویداوە و شتێ بڵێ با داخم لە دڵ دەرچێ, عروضیش دەڵێ:

**کی عیب سر زلف بت از کاستن است**
**چه جای بغم نشستن و خاستن است**
**جای طرب و نشاط و می خواستن است**
**کاراستن سرو زپیراستن است**

واتە:

**چ کـــات کـــورتی زوڵـــف بۆتـــە عـــەیبی جـــوان**
**بۆچـــــــی غـــــــەمخۆری و دەرون ئــــــــازاردان**
**گـــــەرمی کــــەین کـــۆڕی بــــەزم و مەینۆشـــی**
**ســــــەرو هەڵپاچــــین باشـــــە بـــــۆ هەڵــــدان.**

دوای ئەوە سوڵتان مەحمود فەرمان دەدا دەمی شاعیر سێ جار پڕ لە گەوهەر بکەن و گۆرانیبێژانی بانگ کرد و ئـەو ڕۆژە تـا ئێـوارێ شـەرابیان دەنۆشـی و ئـەو دوو بەیتـە شـیعرەیان بەگۆرانی دەوت[91].

هـەروەها لـە بەشـی پێنجـەمی (گلسـتان) ەکـەی (سـعدی شـیرازی) دا کـە لەسـەر عەشـق و لاوێتییـە, یەکـەمین چـیرۆك لەسـەر عەشـقی سـوڵتان مـەحمود بـۆ ئـەیاز, وەك سـعدی دەگێڕێتەوە لە (حسن میمندی)ی وەزیری سـوڵتانیان پرسـیوە کـە بۆچـی ئـەیاز لـەلای سـوڵتان لـە گشـت غولامـەکانی دی لەپێشـترە, لەکاتێکدا جوانی و شـیرینی هـەروەك ئـەوانی دی وایـە, لەوەڵامـدا حسـن وتویـە: هەرچـییەك بکەوێتەبـەردڵ, لەچاودا جوان دەنوێنێ. ئینجا سعدی خۆی دەڵێ:

**هرکـــــه ســــــلطان مریـــــد أو باشـــــد**
**گـــــر همـــــه بدکنـــــد, نکوباشـــــد**
**وانکـــــــه را پادشـــــــا بینـــــــدازد**
**کســـــش أز خیـــــل خانـــــه ننـــــوازد[92].**

**واته:**

**یـــەکێ کـــە ســـوڵتان بیکاتـــە دۆســـتی**
**چـــەندە بـــەدکاربێ, هـــەر جـــوان دەنوێنـــێ**

**کەسێکیش پادشا بیخاتە پشت گوێ**
**لە گوند و شارا کەس نایدوێنێ.**

( 4 / 1 / 3 / 3 )

## سزای نێربازی لای تورکانی غوز

تورکە غوزەکان لەمێژەوە هاوسێی ئێران بوو و جارجارەش لە باکوور و باکووری رۆژهەڵاتەوە پەلاماری سنورەکانی ئێرانیان دەدا. ئەم تورکانە خەریکی شوانکارەیی بوون و مەڕ و بزن و ئەسپیان بەخێودەکرد. لەسەفەرنامەکەی (ابن فضلان)دا هاتووە کە کابرایەکی بازرگانی خوارەزمی چۆتە ناوچەی پادشای تورکە غوزەکان کە ناوی (گودزکین) بووە بەنیازی کڕینی بزن و مەڕ, پاش ماوەیەك مانەوە لە ماڵی خانەخوێکەی حەز لە کوڕەکەی دەکات و کرداری سێکسی لەگەڵ ئەنجام دەدات, شەوێك کابرای خانەخوێ کوڕەکەی خۆی لە باوەشی کابرای خوارزمی‌دا دەگرێت و دەچێتە لای گودزکین شا و داوای تۆڵە دەکات, گودزکین دەڵێت گەر دەتەوێت بەحەق دادتان بکەم, پێویستە بازرگان و کوڕەکەت هەردووکیان بکوژرێن, کابرای تورکەکە کوشتنی کوڕەکەی پێ‌خۆش نابێ و داوای مەسلەت دەکات, لەئاکامدا سزای ئەو پەیوەندییە سێکسییەی نێوان بازرگان و کوڕە تورکەکە

گوێرەکەیەکە بۆ باوکی کورە و چوار سەد دانەش بۆ پادشای تورك, هەربۆیە مەسەلەکە لەسەر بازرگانە خوارەزمییەکە چوار سەد و یەك گوێرەکە کەوت, تەسلیمی کرد و بەناوچەی تورکاندا نەچۆوە[93].

( 5 / 1 / 3 / 3 )

**سوڵتان سنجەری سەلجوقی.. نێربازێکی سادی**

سەلجوقییە تورکەکان ئەو بنەماڵەیە بوون کە پاش بۆیهییەکان بۆماوەیەکی درێژ حوکمی ناوچەی رۆژهەڵاتی ئیسلامییان کردووە, سوڵتان سنجەریش (491–537ك) یەکێکە لە ناسراوترین و بەهێزترین سوڵتانەکانی ئەو بنەماڵەیە کە بەپێی ئاماژەی سەرچاوەکان نێربازێکی سادی واتە ئازاردەربووە, ئەم سوڵتانە جگەلە مەینۆشی بەردەوامی هەر جارەی غولامێکی جوان و لووسی دەکردە هاودەم و دەستەراستی خۆی و تەواوی ماڵ و دارایی و کاروبارەکانی دەوڵەتی دەخستەبەردەست, پاش ئەوەی تەواو لێی تێردەبوو و غولامە لەخۆی بایی دەبوو, ئەمیرەکانی بانگ دەکرد و فەرمانی کوشتنی غولامەکەی دەدانێ و ئەوانیش بێ سێ و دوو کارەکەیان رادەپەڕاند و غولامەیان وەك مەڕ کەوڵ دەکرد. سوڵتانیش کە بێهەتیو حەوانەوەی نەبوو جارێکی دی و سەرلەنوێ لەگەڵ غولامێکی تردا دەستی پێدەکردەوە. لەم رووەوە هاودەمی سوڵتان سنجەر و (سنقر) ی غولامی شایەنی باسکرنە.

سوڵتان پاش ئەوەی ئەو غولامەی بە (1200) دینـار کـڕی و دیارییـەکی زۆری‌دایـە خاوەنەکـەی، فـەرمانی‌دا کەژاوەیـەکی وەك ئەوەی خۆیی بـۆ دروسـت کـەن و لـەکاتی چـونەدەرەوەدا هــەزار مــەملوکی بخەنەشــوێن و گەنجینەیــەکی وەك ئــەوەی ســوڵتانی بخەنەبەردەســت و دە هــەزار ســوارە بخەنــە ژێــر فەرمانییەوە، بەشێوەیەك سنقر لەخۆی غـەڕا بـوو کـە وەڵامـی کەسی نەدەدایەوە، پاش دوو سـاڵ سـوڵتان تاقـەتی لـە سـنقر نـەما و میرەکـانی بـانگ کـرد و فـەرمانی کوشـتنی پێـدان و بەخەنجـەر پارچەپارچـەیان کـرد، دیـارە سـنقر تـەنیا قوربـانی نێربازێکی سادی وەك سنجەر نەبوو، بەڵکو ئەو سـوڵتانە چـەند غولامی دیکەی وەك (قایماز کـچ کـلاە) و (اختیـار الـدین جـوهر التاجي) بەدەردی سنقر برد[94].

( 6 / 1 / 3 / 3 )

## سوڵتان جلال الدین منکبرنی و تەرمی هەتیوەکەی

ســوڵتان جــەلال الــدین (617–628) کــە دوا ســوڵتانی خوارەزمییە کەسـایەتییەکی نـاودار و لـە بەربـەرەکانی جمـانی مەغۆلەکانــدا دلاوەری و ئازایــەتی بێهاوتــای نوانــدووە، ئــەم سوڵتانە غولامێکی هەبوو زۆری خۆشدەویست ناوی (قلج) بـوو، ئـەم غولامـە بەرێکـەوت مـەرگ بـووە میـوانی، سـوڵتان کـە بـە مردنی قلـج وەك شـێت و هـاری لێهـات، فـەرمانی‌دا تەرمەکـەی بەرەو تەورێز بەڕێکەن و داوای لە تێکڕای وەزیر و ئـەمیرەکانی کرد بەپێ دوای تەرمەکە کەون، خۆشی لە زۆربەی ڕێگادا بەپێ دەڕۆیی و زۆریان لێدەکرد تا سواری ئەسـپەکەیان دەکـردەوە، کە تەرمی قلج گەیشتە تەورێز، سوڵتان فـەرمانی‌دا کـە دەبێـت

تێکڕای خەڵك نوێژی لەسەر کەن و ئەوانەی نەهاتن بەتوندی سزادران, ئینجا کاتی سپاردنی تەرمەکە بەخاك, سوڵتان بەسەریدا دەگریا و سەری‌دەنا بەسنگییەوە و نەیهێشت بینێژن, بەڵکو بۆ هەرکوێیەك دەڕۆیی تەرمەکەی لەگەڵ خۆی‌دەبرد, جارجارە کە خواردن و خواردنەوەی بۆ دەهات, هێندێکی بۆ قلج جیادەکردەوە و بۆی‌دەنارد, بێئەوەی کەس بوێرێ بڵێ مردووە, ئەوەی هەڵەی وای لە زار دەرچووبا لەسەری‌دەدا, ئەبوایە بڵێن: قوربان قلج خاکی بەرپێتان زیارەت دەکات و دەڵێت شوکور حاڵم لە جاران باشترە[95].

دیارە مردنی قلج بەڕادەیەکی زۆر کاری لە سوڵتان کرد و لە حاڵەتی ئاسایی کردیە دەرەوە و تا مردیش بەوداخەوە دەینالاند و دەیوت:

**لەدڵدا ئاگری فەوتت وەکو هەیجانی بورکانە**
**فیراقت کوشتمی, جەرگت بڕیم و دڵ پەرێشانە.**

( 7 / 1 / 3 / 3 )

**کینە تۆزی دوو هەتیو**

لەبەرگی دووەمی (بدایع الوقائع) دا هاتووە کە لە شاری (هرات)ی ڕۆژهەڵاتی ئێران, کوڕێکی لووس و گوڵ روخسار لە ساڵی (889ك) پەیدابووە ناوی (میرك زەعفەران) بووە, ئەم کوڕە کابرایەکی کەرەووس فرۆش عاشقی ببوو بەناوی (سەرخك). هەر لەودەمەدا کوڕێکی لووسی تر لە شاری هرات بوو بەناوی (شامحەمەد), ئەم شامحەمەدە ڕۆژێ بە لەنجەولار بەبازاڕدا دەڕۆیی و چاوی بەسەرخکی کەرەووس فرۆشکەوت و


www.pertwk.com

پێی وت: ئەرێ تۆ بە چ ئەقڵێکەوە دوای مێرک زەعفەران کەوتووی؟ خەڵکی تر هەن کە قەدری تۆ زۆر لەو زیاتر دەزانن, لەوەڵامدا سەرخك وتی: راست دەفەرمووی:

**هەردم چو بیوفایان نێوان گرفت یاری**
**مایيم زخاك کویش تا جان زتن برآمد**

واتە:

**هەردەم لەبێوەفایان ناتوانی بگری یارێ**
**دەستم بەدامەنت بێ تا گیان دەچێ بەجارێ.**

هەواڵی ئەم چاوپێکەوتنە گەیشتەوە زەعفەران, ئەویش چەند شولکێکی داربی هێنا و لەئاوا داینا, رۆژێکی سارد و کرێوە سەرخك پەیدابوو, زەعفەران وتی: ها جەناب ئەوە لەکوێی دیارنی؟ سەرخك هەوڵیدا پۆشز بکات, زەعفەران وتی: تا بەم شولکە دووسەد شەلاقت لێنەدەم چاوەڕێی ئاشنایەتیکردنم مەبە, سەرخك کە ئەوەی بیست خۆی بۆ رووتکردەوە, زەعفەران دەستی بە شولك لێدان کرد و کە گەیشتە بیست, وتی چەندە؟ سەرخك وتی: وائەزانم پێنجە, زەعفەران وتی: نەخێر دە بوو, سەرخك وتی: با لەسەرەوە دەستپێبکەینەوە, چەند جارێ مەسەلەکە بەوشێوەیە دووبارەبۆوە تا زەعفەران سۆزی جولا و سنگی روت کرد و نایبەپشتی سەرخکی عاشقەوە و بەگریانەوە پێی وت: ئەی

گیانی شیرینم لە عیشقی من چۆن هەراسان دەبی کە لەجیاتی فرمێسك خوێناو لەچاوت دەبارێ[96].

لەڕاستیدا ئەم نمونەیە بەتەنیا دیاردەی هاوجنسبازییەکە لەوشارەدا و لەو سەردەمەدا بەدیار ناخا, بەڵکو حاڵەتی دەروونی ئەو دوو هەتیوە و مەیلی خۆشەویستی حیزەکەشمان بەلای نێربازەکەدا بۆدەخاتەڕوو کە شتێکە زۆر کەم هاوتایە.

( 8 / 1 / 3 / 3 )

## نێربازی لای حەشاشەکان

حەشاشەکان یاخود ئیسماعیلیەکان ئەو تاقمە تیرۆریستە بوون کە لە باکوری ئێران و لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا دەسەڵاتێکی بەرفراوانیان هەبوو. ئەوانە خەڵکیان بە مادەی حەشیشی بێهۆشکەر هەڵدەخەڵەتاند و کاری تیرۆریستیان پێئەنجام دەدان, بۆخۆشیان هەر خەریکی رابواردن و مەینۆشی و پیلانگێڕان بوون.

یەکێك لە نوسەرانی ناوەڕاستی سەدەی حەوتەم باس لە دیاردەی نێربازی دەکات لە دەرباری حەشاشەکان و دەڵێت دوای ئەوەی (حەسەن مازندەرانی) کە لاوێکی جوان بووە, لەدەست سوپای مەغۆل هەڵاتووە هاتۆتە لای (علاء الدين) ی ئیسماعیلی, ئەویش حەسەنی لەبەر جوانییەکەی کەوتۆتەبەر دڵ و یەکێك لە کەنیزەکەکانی خۆی داوەتێ و وەك وەزیرێکی دەستەڕاستی دەسەڵاتێکی بەرفراوانی پێبەخشیوە, بەرامبەر بەوەی بتوانێ شەوانە لەگەڵ حەسەندا بنوێ و چ کاتێکیش دڵی گرتی بچێتەلای ژنەکەی! ![97]. ئەو حەسەنەی کە دواتر تێکڕای حەشاشەکانی لەژێر نفوزیدا کۆکردەوە.



www.pertwk.com

( 9 / 1 / 3 / 3 )

## نێربازی لە دەرباری سەفەویدا ( 1501-1722ز)

بنەماڵـەی سـەفەوی کـە بـۆ (شـێخ صـفی الـدین اسـحاق الأردبلـي 650–735ك) دەگەڕێتـەوە کـە کابرایـەکی مرشـدو متەسـەوفێکی ئـازەری بـوو, پـاش مردنـی وەچـەکانی شـێخایەتیەکەیان کـردە جوڵانەوەیـەکی سیاسـی و ڕێبـازی شـیعەگەرێتییان گرتەبـەر و لەگـەڵ سـوڵتانەکانی آق قونیلـو کەوتنە کێشەوە, تا شا ئیسماعیل توانی ساڵی 1501ز بچێتە تـەورێز و لەسـەر بنـەمای: شـیعەگەرێتی ئیمـامی, سـیادەت, و ئێرانی بوون دەوڵەتی سەفەوی دابمەزرێنێت کە لـە ماوەیـەکی کەمدا پەلی بەهەر چوارلای ئێرانـدا هاویشـت و بـۆ دەرەوەش و بـەرەو کوردسـتان و عێـراق و ئاسـیای بچـوك و فراوانخـوازی دەسـتپێکرد. ئـەم بنەماڵەیـە خۆیـان بـە وەچـەی ئیمـای عـەلی کـوڕی ئـەبوتالب دەزانـی و دەسـەڵاتێکی ڕەهـا و زۆردارانـەیان بەسەر گەلانی ئێراندا سەپاند.

ڕاسـتیەکی دی کـە نکـوڵی لـێناکرێ ئەوەیـە کـە تـەواوی سەڵتەنەت و دەربارەکانی بنەماڵە حاکمـە یـەك لەدوایەکـەکانی ئێران زۆردار و گەندەڵ بوون, بـەڵام هیچیـان هێنـدەی شـاکانی سەفەوی و دەربارەکانیان زۆردار و گەندەڵ نەبوون, مەگەر لەم نێوەدا هەر قاجارییەکان بوێرن خۆدەرخەن. ئەو بنەماڵـەی کـە دواتر شوێنی سەفەوییەکانیان لە حوکمی ئێراندا گرتەدەست.

بەهەرحاڵ ئێمە لێرەدا نامانەوێت لە زۆرداری و خوێنڕێژی و دڵڕەقـی و نەخۆشـییە دەروونییـەکانی شـاکانی ئـەم بنەماڵەیـە بدوێین, هێندەی دەمانەوێت چەند تیشـکێك بخەینەبەرچـاو کـە

دیاردەی نێربازیمان لەنێو دەربارى ئەو بنەماڵەیەدا بۆ روونبكاتەوە.

لە سەفەرنامەی (ونیزیان) سەبارەت بە دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەوی دا نوسراوە (لە جاری دووەهەمدا كە شائیسماعیلی سەفەوی گەڕاوە تەورێز، كارێكی زۆر گرنگی ئەنجامدا، ئەو فەرمانی دا دوازدە منداڵی جوانی بۆ بێننە كۆشكی (هەشت بەهەشت) و لەوێ بەدرەفتاری لەگەڵدا كردن، دوایئەوەی ئیشی خۆی تەواوكرد، ئینجا هەموویانی بە ئەمیرەكانی خۆی بەخشی، هەركەمێك پێش ئەوە فەرمانیدا دە منداڵی جوانی چەند بنەماڵەیەكی بەڕێزی شار دەستگیر بكرێن و بۆی رەوانە كەن)[98].

هەروەها سەبارەت بە (شا ئیسماعیلی دووەم 1576-1577) كە دوای مردنی شا تەهماسبی باوكی هاتەسەركار و تەنیا هەژدە مانگ حوكمی كرد، مێژوونوسان باس لە دڵڕەقی لەڕادەبەدەری ئەم كابرایە دەكەن كە سەرەتای حوكمی بەكوشتنی براكانی: مصطفی، امامقلی، سلطانعلی، محمود و أحمدی دەستپێكرد، هەروەها ئاماژەش بەوە دەدەن كە ئیسماعیلی دووەم هەم تلیاكی بووە هەم نێرباز، و سەریشی لەوپێناوەدا دانا، چونكە دوژمنەكانی شا بەهۆی هەتیوەكەیەوە كە ناوی (حسن بگ) بوو، ژاریان بۆ كردە ناو تلیاكەكەیەوە و لە شەوێكی ئەنگوستەچاودا شابەسەر هەتیوەكەیەوە گیانی سپارد[99].

سەبارەت بە قۆناغی سەفەوی دەتوانرێت سوودێكی زۆر لە بەرهەمی ئەو گەڕیدە و گەشتیارە بێگانانە بكرێت كە سەردانی ئێرانیان كردووە و بەوردی دیاردە كۆمەلایەتییەكانیان بۆ


www.pertwk.com

راگواستووین و قسەیان لەسەرکردووە, لەوانە هەردوو گەڕیدەی فەرەنسی (شاردن) و (تاورنیە) کە لە زەمانی شاعەباسی گەورە و (1588–1629ز) پاشی ئەو سەردانی ئێرانیان کردووە.

(تارونیە) باس لە رووداوێك دەکات لە دەرباری شاعەباسدا و دەڵێت کە سەردارێکی دەربار بەناوی (پیرقلی بیگ) حەزی لە غولامێکی شا کردووە و هەوڵیداوە بەرامبەر پارەیەکی زۆر کاری سێکسی لەگەڵدا بکات, غولامە رازی نابێ و لای شاعەباس شکاتی لێدەکات, شاعەباسیش ئەو کارەی لەگەڵ غولامێکی خۆیدا بە دەسەتدرێژی بۆ سەر دەربار و شا داناوە و سزایەکی توندی بۆ پیرقولی دەرکرد, بەوەی لەدەرباردا و بەدەست غولامە سەریان پەڕاند (100) لەکاتێکدا خودی شاعەباس هێندەی هەتیوبازی کرد کە بەنەخۆشی سۆزەنك گیانی سپارد.

هەروەها لەشوێنێکی دیکەی کتێبەکەیدا باس لە شاری تەورێز و قاوەخانەکانی دەکات کە هەتیووی گورجی لووس نەبێت بۆ کارکردن رایناگرن, ئەو هەتیوانە بەشێوەیکی سێکس ئەنگێز خۆیان دەگۆڕن و شەوانە بەزمی گۆرانی و سەما دەگێڕن و ئەو قاوەخانانە دەکەنە مەزنترین سەنتەری هاوجنسبازی(101).

(شاردن)یش لە سەفەرنامەکەی خۆیدا باس لە شاری ئەسفەهان و ئافرەتە لەشفرۆشەکانی دەکات لە ساڵی 1666زاینیدا و دەڵێت کە پیاوانی وا هەبوون شەوان دەهاتنە

دەر و ئاوڕیان لەو ئافرەتانە نەدەدایەوە, بەڵکو ئەوانە وەدووی هەتیوی لووسدا دەگەڕان[102].

کاتێك باس لە دیاردەی نێربازی لە دەرباری سەفەویدا دەکرێت پێویستە ئەو ڕوداوانەش بخرێتەبەرچاو کە خاوەنی کتێبی (رستم التواریخ) بۆی ڕاگواستوین, ئەویش چۆنێتی لێخستنی دوای شای سەفەویەکانە بەناوی تەهماسبی دووەم (1729–1736) لەلایەن (نادر قولی) ی ئەفشارەوە کە لەوسەردەمەدا حاکمی فیعلی ئێران و ڕۆڵێکی بۆ شاکانی سەفەوی نەهێشتبۆوە, هەرچەندە بەناوی تەهماسبی دووەم حوکمی دەکرد.

پوختەی ڕوداوەکە ئەوەیە, کاتێك نادرقولی خولیای لابردنی تەهماسب و لەسەرنانی تاجی شاهێتی کەوتەسەر, هەستا بە سازدانی کۆڕێك و جگە لە تەهماسبی دووەم و خزمەتکارەکانی. تەواوی ئەمیرەکان و سەردارەکانی سوپای بانگکرد, پاش ئەوەی شەرابێکی زۆر نۆشکرا, تەهماسب سەرخۆش بوو و فەرمانیدا هەتیوەکانی لەسەر ئەژنۆ بۆی بکەون, ئینجا (لعابچی / تف لێدەر) هات و پاشی هەتیوەکانی بە تف سواغ دا تا هەرامەکەی شا بەئاسانی بێت و بچێت و ئازاری پێنەگا. تەهماسب گوڕیدایە خۆی و لەم هەتیو بازی دەدایە سەر ئەویدی, ئینجا نادرقولی ڕوویکردە ئەمیرەکان و وتی بەڕێزان ئەمە ئەو ڕابەر و پێشڕەوەیە کە لەسایەیدا وڵات بەوچارەنووسە ڕەشەی گەیشتووە و ئێرانی لەدەستی دوژمن هاویشتووە[103].

پێم وابێ بەوەندە نمونەی مێژووی سەبارەت بە دیاردەی نێربازی لە دەرباری شا و حاکمەکانی ئێران وازبێنین, ئەو



www.pertwk.com

دیاردەیەی کە لە چاخی پەهلەوی و دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانیش لەساڵی 1979دا هەرماون و مێژوونووسان لێرە و لەوێ ئاماژەیان بۆکردووە[104].

( 2/3/3 )
## نمونەی ئەدەبی

زێدەڕۆیی نیە گەر بوترێت زۆرینەی بەرهەمی کەڵەشاعیرەکانی ئێرانی و فارس زبان لەسەدەی سێیەمی کۆچییەوە تادەگاتە سەدساڵ لەمەوبەرێك لەپیاهەڵدان و باسی عەشبقازی لەگەڵ منداڵی کوڕ بەدەرنییە, بەڵکو لەزۆربەی کاتەکانی ئەو قۆناغە مێژووییەدا ئەوەندەی باس لە جوانی کوڕ و شەراب نۆشین لەگەڵ هەتیوان و وەسفی چاو و لێو و قەدوباڵای غولامان کراوە, ئەوەندە باس لە کچ و خۆشەویستی لەگەڵ رەگەزی بەرامبەردا کە مێیە نەکراوە, بەتایبەتی لەسەدەکانی ناوەڕاستی پڕ ئاشوب و ئاژاوەی ئێراندا, بەڵکو خوێنەری شیعری ئەو شاعیرانە دەگاتە بڕوایەك کە ئافرەت لە ئەدەبیاتی ئەم قۆناغەدا جێیەکی ئەوتۆی نەبووە و شوێنی شیاوی تەنیا چێشتلێنان و منداڵ بوون بووە.

هەربۆیە دەتوانرێت ئەدەبیاتی تەغەزولی ئێرانی لەم قۆناغەدا بە (ئەدەبی نێربازی) لەقەڵەم بدرێت کە بۆخۆی کاردانەوەی ئەو بارە ناقۆڵا کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵگا بووە کە دابەشبوونی چینایەتی توندوتیژ و مەحرومییەتی جنسی و گەندەڵی و بێکارەیی سوڵتان و دەربارەکان دیاردە سەرەکییەکانی بون و بەنموونەی مێژوویی باسمان لێکرد.

بەهەرحاڵ, ئێمە پێشتر لەباسی نێربازی خەلیفە موعتەسم و غولامــە تــورك رەگــەزەکانی چــەند بــەیتێکی هــەردوو کەڵەشــاعیری کەڵەشــێرمەزەبی فارسمــان راگواســتووە کــە (رودکـی و ناصـر خسـرو)ن و هەوڵـدەدەین چـەند بەرهـەمێکی شاعیرەکانی وەك: سنایی, فرخـی سیسـتانی, عراقـی, مسـعود سعد سلمان بخەینەبەرچاو.

(سـنایی) شــاعیری نــاوداری نیــوەی یەکــەمی ســەدەی شەشەمی کۆچی لە شیعرێکیدا باسی ئەوە دەکات چۆن لەگـەڵ هەتوێکـدا رێکـەوتووە و بردوویەتییـە ماڵـەوە و کلچـێوکی لـە کلدان چەقاندووە و دەڵێت:

**(... گفتم او را از کجایی و بگو نام تـو چیسـت**
**گفــت از بلخــم و نامســت مــرا قلــب کــریم**
**گفــتم, ای جــان پــدر ایــی مهمــانی پــدر؟**
**گفـت چـون نـایم و رفـتیم همـی تـا سـوی تـیم**
**هــردو در حجـره شـدیم انگـه و درکـرده فـراز**
**خــوب شــد انهمــه دشــوار و شــدم کارسـلیم**
**دست شـادی و طـرب کـردن و مـی خـوردن بـرد**
**او چــنان مــیر و مــنش راســت بماننــد نــدیم**
**چون بشـد مسـت و زبـاده سـرو او گشـت گـران**
**کــرده ســواس مــراد در دل شــیطان رجــیم**
**گفـتم او را کـه, سـی بوسـەدهی ای جـان پـدر**
**گفت خـواهی شـش بگشـای در کیسـەی سـیم..**
**بنــد شــلوارش بگشــاه نگــه کــردم مــن**
**جفتــه ای دیــدم اراســته باهرچــه نعــیم**



www.pertwk.com

سینه بر خاك نهاد ان بت باریك میان
تا به ماهی برسید از بر سیمینش نسیم.

واتە:

وتم تۆ خەڵکی چ کام لایەکی و ناوی تۆ چیە
وتی خەڵکم بەلْخم و ناوی شەریفی من کەریم
هەر کە پێمان نایە ماڵ و دەری ژوورمان کردەوە
هاتە بەر کاری سەلیم سوپاس لەبۆ رەبی رەحیم
کاتی سەرمەستی بە مەیخۆری جولاوە هەوەس
وەسوەسەی کرد لە دلّی بەندەدا شەیتانی رەجیم
وتم سێ ماچم لەلێوت دەدەیە بەندی دلّم
وتی شەش ماچیش لە لێوم بەری من دەربەست نیم
کاتێ شەلواڕی شۆڕی گولّزەریم پێداکەنی
بینیم دوو سمتی سپی, باغی ئیرەم چەشنی نەعیم
سنگی بۆنام بەزەویێوە, کەمەری چەشنی قەمەر
شرع الفاعل بالفعل و ضرب في الصميم.

هەروەهاسنایی لە چوارێنێکیدا دەڵێت:

(بردیم بازار مسلمانی زهی کافر بچه
گردیم بندی وزندانی زهی کافر بچه
بارخی چون چشمه خورشید و زولفی چون صلیب
تازەکردی دین نصرانی زهی کافر بچه[105].

واتە:

لە بازاڕی موسڵمانی دەریکردم کوڕی کافر
بەرەو چاڵی رەشی زیندان پەلیگرتم کوڕی کافر
بەهۆی روخساری وەك مانگی بەزوڵفی شێوەی خاچی

**لەدین دەرچووم و دەهری کرد مێگاور کوڕێ کافر.**

(فرخی سیستانی) شاعیری دەربارى غەزنەوییەکان, شاعیرێکی دیکەی ئێرانییە کە سەراپای شیعرەکانی غەزەلن بەسەر کوڕی جوان و توندخوو بێوەفا هەڵداوە, کە ئەمە چەند نمونەیەکێتی:

**ای پسر گرد دل من کرد همی خواهد شاد**
**از پس بادە مرا بوسە همی باید داد**
**نقل بابادە بود بادە دهی نقل بدە**
**دیرگاهیست کە این رسم نهاد انکە نهاد..**
**وقت آن آمد کزبادە مرامست کنی**
**گاە آن آمد کز بوسە مرابدهی داد**

**واتە:**

**ئەی کوڕ دەزانی کەی دڵشاد دەبم**
**کاتێ دوای شەراب ماچێ بدەی پێم**
**بەزمی مەیئۆشین بێ مەزە نابێ**
**ئیتر تۆ بۆچی حەرام دەکەی لێم**
**کاتی ئەوەهات مەستم کا شەراب**
**هەتا بەدوویدا دەم لە دەمت نێم.**

هەروەها سیستانی لەشوێنێکی دیکە دەڵێت:

**یاد باد آن شب, کان شمسە خوبان طراز**
**بە طرب داشت مرا تا بە گەبانگ نماز..**
**گە بە صحبت برا و با بر من بستی عهد**

گــه بــه بوســه لــب مــن بــا لــب او گفتــی راز

واتە:

شـــەوی یـــادت بـــەخێربێ تـــا بـــەیانی
کــە خۆشمـــان رابـــوارد, بـــەزم و گـــۆرانی
بـــەگوفتار و قســـەی شـــیرین و خەنـــدە
لەگـــەڵ ماچـــا نەوەســـتاین هەربەوەنـــدە

سەبارەت بە بێوەفایی هەتیوەکەی سیستانی نوسیویە:

دل مـــن همـــی داد گفتـــی گـــوایی
کـــه باشـــد مـــرا روزی از تـــو جـــدایی
مـــن ان روز راداشـــتم چشـــم و زیـــن غـــم
بنوســـت بـــاروز مـــن آشـــنایی..
بـــدین زوری از مـــن چـــرا ســـیر گشـــتی
نگـــارا بـــدین زود ســـیری چـــرایی
دریغـــا دریغـــا کـــه آگـــا نبـــودم
کـــه تـــو بیوفـــا درجفـــا تـــا کجـــایی(106).

واتە:

دڵـــم بەخشـــی لـــەپێناوت کەچـــی تـــۆ
بەهەنـــدت وەرنـــەگرت و پێـــت نـــەزانی
هـــەموو عـــومرم ئومێـــدێکم لـــەدڵ بـــوو
هەتاســـەر پێکـــەوە گیـــانی بـــەگیانی
ئەمێســـتا بێـــژە چـــۆن تێربـــووگی وا زوو
لـــەبیرت چـــوو شـــەوانی کامـــەرانی
بـــەداخۆ پێـــت بڵـــێم ئاگـــام نـــەبوو لێـــت

**کـــە هێنـــدە بێوەفـــا و نـــاو و نیشـــانی.**

(مسـعود سـعد سـلمان) شـاعیرێکی دیکـەی سـەدەکانی ناوەڕاستی ئێرانە کە تێکڕای شیعرەکانی لەسەر کوڕی لووسـە، مسعود لە چوارینێکیدا دەرهەق بە کوڕە سۆفییەك دەڵێ:

**آن را کـه ز عشـق تـو بلانیسـت بلانیسـت**
**آن را کـه زهجـر توفنـا نیسـت فنـا نیسـت**
**سەبوسە همی خواهم منعم مکن ای دوسـت**
**تـو صـوفئی و منـع بـه نـزد تـو روانیسـت**

واتە:

**ئەوانـەی وا لـە عیشـقت بوونـە مـەجنون**
**کـە سـوتاون لـە هیجـرت بوونـە مـەفتوون**
**دەروحمـێ کـە بەبەنـدە بەخشـە سـێ مـاچ**
**تۆ سۆفی، سـۆفیش هـەر ئـەهلی عطـا بـوون.**

مسعود لەبارەی کوڕە ئاسنگەرێکەوە دەڵێ:

**اگـــر اهنگریســـت پیشـــەء تـــو**
**بـــا مـــن ای دلریـــای دردەتـــن**
**از دل خـــــویش و زدلم برســـــاز**
**از پـــــی کـــــارکورە و آهـــــن**
**کـــاهنی نیســـت ســـخت چـــون دل تـــو**
**کـورەء نیسـت گـرم چـون دل مـن**[107] **.**

واتە:

**ئەگـــەر ئاســـنگەریت کردۆتـــە پیشـــە**
**لـــەحیمی کـــە دڵـــی خـــۆت و دڵـــی مـــن**
**بـە زەوقـی خـۆت لەهـەردووردڵ دروسـت کـە**
**نیگـاری عاشـقی جـەرگ و هـەناوی کـون**
**دڵـی پـۆڵات کـە هێنـد بـێ بـاك و بـەردە**
**بســوتێ بــۆ گــڕی کــورەی دڵــی مــن**

(شێخ فخرالدین عراقی) کە یەکێکە لـە گـەورەترین شـاعیرە سۆفی مەسلەکەکانی سەدەی حەوتەمی کۆچـی بـە دڵ و گیـان عاشـقی کـوڕی جـوان بـوو, ئەگێڕنـەوە ڕۆژێـك لـەڕۆژان کـە بـە وانەوتنەوە خەریك بوە گـوێی لـێبووە چـەند لاوێك گۆرانییـان وتــوە, شـێخیش کـە دەچـێتە دەرەوە و سـەیردەکا, لـەنێو لاوەکاندا یەکێکی زۆرجوانی تێدا دەبینێت و دەکەوێتە بەردڵی, شـێخ هەوەسـی دەبـزوێ و ئـاگری عەشـق و خۆشـی جـۆش و نەشـئە بـە دڵ و دەروونـی دەدا و خێـرا جبـە و عەمامەکـەی دادەگرێ و دەچێتە نێو لاوەکانەوە و ڕوودەکاتە کوڕەجوانەکە و دەڵێت:

**چـە خـوش باشـد کـە دلـدارم توباشـی**
**نـــدیم و مـــونس و یـــارم توباشـــی**
**زشـــادی در همـــەء عـــالم نگـــنجم**
**اگــر یــك لحظــە غــم خــوارم توباشــی.**

**واتە:**

**ئــەی جــوان چ خۆشــە تــۆ دڵــدارم بــی**
**یـــار و یـــاوەر و هـــەم میـــوانم بـــی**

**ئەوکاتـــــە شـــادم مـــن لـــــەجیهانا**
**کـــە تـــۆ بـــۆ ســـاتێ غـــەمخوارم بـــی**

پـاش ئـەوەی لاوەکـان هەمـەدانیان بەجێهێشـت و بـەرەو ئەسفەهان بەرێکەوتن, شـێخ وازی لـە کـۆڕی تـەدریس هێنـا و وەدوویان کەوت, ئەوانیش بۆئەوەی لەگەڵ خۆیانی بەرن سمێڵ و برۆی شێخیان تاشی و تێکڕا ڕێگەی هیندستانیان گرتەبەر.

دیـارە شـێخ مـەیلی نێربـازی جوانپەرسـتییەکەی ئەوەنـدە بـەهێز بـوو, تـا دەهـات شیعرەکانی پـاراوتر و سەرنجڕاکێشـتر دەبوو, نموونەش بۆئەوە:

**ســـر بـــە ســـر از لطـــف جـــانی ای پســـر**
**خوشـــتر ازجـــان چیســـت؟ انـــی ای پسـر**
**میـــل دلهـــا جملـــە ســـوی روی تســـت**
**روکـــــە شـــیرین دلســـــتانی ای پســـــر**
**زان بـــــە چشـــم مـــن در ایـــی هرزمـــان**
**کــــز صـــــفا اب روانـــــی ای پســــر..**
**نیســـت در عـــــالم عراقـــــی رادمـــــی**
**بـــی لـــب تـــو زنـــدگانی ای پســـر[108].**

واتە:

**دەسـا لوتفـێ بـە رۆح و دڵ کـە ئـەی کـوڕ**
**لـە گیـان زیـاتر هەیـە بـۆ تۆبـێ ئـەی کـوڕ**
**هـــەموو مـــەیلی دڵـــم پـــاکی بـــۆ تۆیـــە**
**چ شـیرین و چ خـۆش روخسـاری ئـەی کـوڕ**
**مـــژینی ئـــاوی لێـــوت چـــەندە خۆشـــە**
**وەکـو ئـاوی حـەیات بـۆ ژینـە ئـەی کـوڕ**


www.pertwk.com

عێراقـــی ئـــەو دەمـــە زۆر کامەرانـــە
کــە لێــوی جــووتی لێــوی تۆبــێ ئــەی کــوڕ

دیارە شتێکی سەرنج ڕاکێشە گەر بزانین مەزنترین شاعیری نەتـەوەیی ئێـران و خـاوەنی (شـاهنامە) کـە (فردوسـی)یـە و نازنـاوی شـیعری (دقیقـی)یـە, کابرایـەکی نێربـاز بـووە و خۆشەویسترین کەس لەلای هەتیوێکی تورك بوو, کە ڕۆژێکیـان لـە بـەزمی مەینۆشـیدا فرسـەتی لـە فردوسـی هێنـا و کوشـتی, بـەوەش مـەزنترین ئەسـتێرەی ئاسمـانی ئـەدەبیاتی ئێرانـی کوژایەوە. وەك وتویە:

دقیقـــی چـــار خصـــلت برگزیـــدە
دریـــن گیتـــی زهـــر خـــوبی و زشـــتی
لـــب یـــاقوت رنـــگ و نغمـــە چـــنگ
مـــی چـــون رنـــگ و کـــیش زرتهشـــتی

واتە:

لــە چــوار خەسـڵەت دەقیقـی بەهرەمەنـدە
لـــە کـــاری بـــاش و پیســـی ئـــەم جیهانـــە
مـــژینی لێـــوی لـــەعل و دەنگـــی ناســـك
شـــــەراب و ئـــــاینی زەردەشـــــتیانە

بەم شێوەیە تێکڕای شاعیرانی ئێرانـی تـا چـەند سـاڵێکیش لەمەوبەر بەشێکی بەرهەمەکانیان بۆ پیاهەڵدانی منداڵی لـووس تەرخانکردووە, (انوری) ی شاعیر دەڵێت:

سـاقی انـدر خـواب شـد خیـز ای غـلام
بـــادە انـــدر جـــام مـــن ریـــز ای غـــلام

بـــیش از ایـــن بـــدخویی و تنـــدمکن
ســـاعتی بامـــا بیـــاویز ای غـــلام[109].

واتە:

ئەمێستا چاوی ساقی چۆتە خەو دەی ڕاپەڕە ئـەی کـوڕ
لـەبۆم تێکـە شـەرابی کامـەرانی دەم بـەدەم ئـەی کـوڕ
بەســـیە بـــەدخویی لـــەوەزیاتر ڕوویـــە لـــە مـــن بکـــە
ئـەی هـەتیو بـۆڕێی خـودا ڕەحمـێ بـە حـاڵی مـن بکـە

(فوقی‌یزدی) دەڵێت:

مـا بنگـی و زنـد و بچـەبازیم
دیوانـــە روی خـــوش قماشـــیم

واتە:

ئێمـــە تلیـــاکی و ڕەنـــد و نێربـــازین
عاشـــقی ڕوویـــی ســـاف و چـــاوبازین

لەوانەیە ئاشکراترین نمونەی شیعری نێربـازی لای شـاعیری گەورەی ئێرانی (ایرج میرزا) بێت کە بی‌پـەردە هـەموو شـتێکی خستۆتەڕوو, ایـرج کـە لـە نیـوەی یەکـەمی سـەدەی بیسـتەمدا ژیاوە لە شیعرێکی‌دا دەڵێت:

دیشـــب دو نفـــر از رفقـــا امـــده بـــودن
در محضـــر مـــن ســـاخته بامـــا حضـــر از مـــن
همـــراه یکیشـــان پســـری بـــود کـــه گفتـــی
چشـــمانش طلـــب مـــی کنـــد ارث پـــدر از مـــن

از در نرســــــید بهمـــــــان نظـــــــره أول
دیــن و دل و دانــش بربــود آن پســر از مــن
خــرد آمــد و مشــغول شــدند آن دو ولی مــن
در حیله که خوش دل شود این یکنفر از مـن
پاسی چـو شـب رفـت و زجـا جسـتم و دیـدم
خابنــد حریفــان همگــی. بــی خــبر أز مــن
آهســته بــه سرچــنجه شــدم زیــر لحــافش
افتـــاده از نفـــس در شمـــر از مـــن..
قربــان تــو ای درد و بــلای تــو بــه جــانم
عفــوم کــن و آزرده مشــو ایــن ســفر أز مــن
کاریسـت گـــذشـت و سبوئیسـت شکستسـت
بیخــود مــبر ایــن رخ مختصــر أز مــن[110].

واتە:

دوێ شـــەو دوو کــوڕی ناســـك و لـــووس بونـــە میـــوانم
ڕۆشـــــن بـــــوو ســـــەروخوار و دەرو ژوور و دیـــــوانم
یـــەکیان کـــە بـــە چـــاوی وەکـــو بـــازی نـــەزەری کـــرد
ئـــــەنگاوتی بـــــە موژگـــــانی دڵ و جـــــەرگی ســـــوتانم
هەردووك کە بە جووت مەستی قسەوباس بوون هەتاشەو
بێئاگـــا لـــــەوەی مـــن کـــە تـــــەمای کامـــە پـــیلانم
تاقـێ لــە شەویشــمان گــوزەری کــرد و کــە هەســتام
هـــــەردووك لەخـــــەویدابوون لـــــەنێو ژووری میـــــوانم
بێورتـــــە, بەئەســـــپایی کشـــــام بـــــۆ بنـــــی لێفـــــە
جـــووتم کـــرد لـــە دووڕانـــی کـــوڕی نـــەرم و نیـــانم
ئـــەی یوســـفی کـــەنعانێ کـــە نیگـــات ئەســـەریکرد

**بمبەخشـــە لـــەوەی پـــەردەی شـــەرمێ کـــە دڕانم**
**قوربـــانی لـــەبت بم ئـــەی بـــرۆ تـــاقی چـــاو مەســـت**
**بـــێهودە نـــەبوو ئـــاوێ کـــە ئـــەمجارە رژانم.**

لەراسـتیدا لـەنێو شـاعیرە فارسـەکاندا ئـەوەی نێربـازی راسـتەقینەش نـەبووە و توانیویـەتی لەبەرامبـەر ئـەو شـەپۆلە بەتینـەی نێربـازی و واقیعـی چـەپێنراوی کۆمەڵایـەتی ئێرانـدا خۆڕاگرێت, ئەو ڕێبازێکی تری هەڵبژاردوو کـە لـەنێوان هـەردوو حاڵەتە ئاسایی و نائاساییەکەدایە, کە ئەویش تەنیا شیعر وتنـە بەسەر جوانی کوڕ و خۆدوورخستنەوە لە پەیوەندی نامەشـروع و لادانە سێکسیەکە, کە لـە ئـەدەبیاتی ئێرانیـدا (نظـربـازی یـا جمال پرسی / چاوبازی یا جوانپەرسـتی) پـێدەڵێن. ئینجا چ کچ بێ کە لەماڵ خزێنرابوو, یا کوڕ کە لەبەردەست و لـە کـۆڕی دانیشـتن و مزگـەوت و دەرەوەی ماڵـدا بـوو. ڕێبـازێکی وا کـە ئـەفلاتونی یونـانی و (المتـنبی) شـاعیری گـەورەی عـەرەب لەژیانیاندا تاقیانکردبۆە و لەئێرانیشدا ببووە ڕێبـازی سـۆفی مەسـلەکەکان و بەقسـەی خۆیـان مەبەسـت لـە جوانپەرسـتی و سـەیری جـوان کـردن ستایشـکردنی خالقـە نـەك مـەخلوق. لـە کەڵەشاعیرە چاوبازەکانی ئێران:

(حافظ) ی شیرازی دەڵێت:

**صـــوفیان جملـــە حریفنـــد و نظـــربـــاز ولی**
**زیـن میـان حـافـظ دلسـوختە بـدنام افتـاد**

**واتە:**

**سـۆفیان تێکـڕا رەدیـف و هـەم نـەزەربازن بـەڵام نەگبـەتی لـەم نێـوەدا هـەر (حـافظ)ە بـەدناوبووە.**

**میخـــواره و سرگشـــته و رنـــدیم و نظـــربـــاز**
**وان کس که چوما نیست در این شهر کدام است؟[111]**

**واتە:**

**سەرگەشـتە و مـەیخۆر و چـاوگێڕ و نـەزەرباز**
**هەرکەس کە وەکو ئێمە نەبێ کێیـە لەشـارا؟**

(سعدی شیرازی) شاعیر و ئـەدیب و فەیلەسـوف و خـاوەنی (گلستان و بوسـتان) نـەزەربازێکی بلیمـەت بـووە, سـەعدی لـە بەشی پێنجەمی گلستاندا کە بـەناوی (در عشـق و جـوانی)یـە و بیست و یەك چیرۆکمان بۆ رادەگوێزێ کە بەتەنیا دووانی باسی رەگـەزی مـێ دەکـات و نۆزدەکـەی دی لەسـەر هـەتیوبازی و چاوبازیە, سـوڵتان مـەحمود, قـازی هەمـەدان و چـەند زاهیـد و مامۆسـتایانی مزگـەوتی کردۆتـە هـەتیوباز و شـەیدای غـولام و فـەقێکانیان و خۆشـی لـە چـیرۆکی (6 , 10 , 16) دا بـە نەزەربازێکی عاشـق نیشـانداوە, سـەعدی لـە دێـڕە شـیعرێکیدا دەڵێت:

**کـه گفـت بـر رخ زیبـا نظـر خطاباشـد**
**خطـا بـود کـه نبینیـد روی زیبـارا**

**واتە:**

**کێیە کە دەڵێ سەیری جوانان کە خەتایە**
**هەرکەس کە ڕوولادا لە جوان حەقی جەزایە.**

شێخ رەزاکەی خۆشمان لە هێندێك شوێندا نەزەربازییەکەی لە حاڵەتە جوانپەرستیەکە تێدەپەڕێت و بەلای هەوەس و مەیلی سێکسیدا لەنگەر وەردەگرێت, کاتێك لەمەڕ هەتیوە سنەییەکەوە دەڵێت:

**جیبەجێ هەروەك موهەندیس دامەبەر مەددی نەزەر**
**هەر لە تەوقی سەریەوە تا نووکی پەنجەی خوارو ژوور**
**چۆن بەحەسرەت گورگی برسی سەیری دووگی مەڕ بکا**
**سەمتی سمتیم گرتەچاو و, تێیدەفکریم دووربەدوور.**

( 4 / 3 )

**نێربازی لەسایەی خەلافەتی عوسمانیدا**

عوسمانیەکان بنەماڵەیەکی بەرەگەز تورکن و لەکۆتایی سەدەی سێزدەهەمی زایینیدا لەژێر فشاری مەغۆلەکان ئاسیای ناوەڕاستیان بەجێهێشت و لە گۆشەیەکی تەسکی باکوری رۆژئاوای ئاسیای بچوکدا نیشتەجێ بوون و وردەوردە لەسەر حسابی بیزەنتیە مەسیحییەکان فراوانخوازییان دەستپێکرد و لەماوەیەکی کەمدا ئیمپراتۆریەتێکیان بەناوی (الدولة العلیة العثمانیة) دامەزراند. سوڵتانەکانی ئەم بنەماڵەیە لەسەرەتای سەدەی شازدەهەمەوە بەرەو رۆژهەڵاتی ئیسلامی جمان و لەماوەیەکی کەمدا کوردستان و تەواوی ئاسیای بچوك و عێراقی عەرەب و حیجاز و شام و میسر و باکوری ئەفریقایان

گرتەدەست و تا ساڵی 1918 و تێکشکاندیان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەردەوام بوون.

شایەنی باسە یەکێك لەو فاکتەرانەی کە رۆڵی لە بەهێزبوونی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و سەرکەوتنەکانیدا هەبوو، ئەو بەرنامەیە بوو کە سوڵتانی عوسمانی بۆ دامەزراندنی هێزێکی تۆکمە و نوێ بەناوی (أنکشاری) پیادەیکرد. سەرچاوەی ئەو هێزە منداڵە مەسیحییەکانی ئەورووپای رۆژهەڵات بوو کە لەدایك و باوکیان جیادەکرانەوە و دەگوێزرانەوە خوێندنگای تایبەت و هەریەکە و بەپێی توانای جەستەیی و ئەقڵی وانەی سەربازی و بەڕێوەبەرایەتییان پێدەوترا و جوانەکانیشیان وەك خزمەتکار و نەدیم لە حەرەمسەرای‌سوڵتان و دەربـاردا بەکاردەهێنران. ئەوانە هەمیشە جلی ئەتلەس و بریسکەداریان دەپۆشی و ناوی لە بابەت گوڵەسوورە، مێخەك، سونبول و نێرگزیان لێدەنرا. ئەوەش سەربازی فاکتەرەکانی دی زەمینەیەکی لەباری بۆ بڵاوبوونەوەی نێربازی پێکدەهێنا، ئەگەر زانیمان ئەندامانی سوپای ئینکشاری و خزمەتکارەکانی دەربار رێگەی ژنهێنانیان پێنەدەدرا.

سەبارەت بە بارەگاکانی سوپای ئینکشاری (نوێل باربەر) دەڵێت: (هەموو رۆژێك دەیانپشکنین بۆئەوەی نەوەکا شیرمەنی و دەرمانیان حەشاردابێ، بەتایبەتیش دەرمان کە هێزی جنسییانی دەوروژاند، هەروەها بۆئەوەی نەوەکا نامەی دڵدارییان لە کوڕانی دیکەوە پێگەیشتبێ، لەبەرئەوەی ئەو لاوانە بەهیچ شێوەیەك جنسیان لەگەڵ ئافرەتاندا نەبوو، بێگومان هاوجنسبازی لەنێو ئەو لاوانەدا لە برەودا بووە و، بۆ

سـولّتانەکانیش کـە خۆشـیان چـێژیان لـەم کـارە دەبـرد, ئـەوا فێرگەی ناوبراو دەبێ شوێنێکی باش بووبێ بۆ ڕاوکردنی کوڕی جوانکیلە..)[112].

ئاشکرایە کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەردەمی سـولّتان سـولەیمانی قـانونیدا (1520–1566ز)لـە پۆپـەی توانـا و چـاخی زێڕینـی دابـوو, سـنوری لـە دەروازەکـانی ڤیاننـاوە تـا یەمـەن و عـەدەن و لـە سـنوری ئێرانـەوە تـا شـاری ئـۆران لـە جـەزائیر درێـژبـبۆوە, ئـەم سـولّتانە وەك مێژوونووسـان باسـی لێوەدەکەن پەیوەندییەکی نائاسـایی لەگـەڵ غـولامێکی خۆیـدا هەبووە کە مەسیحییەکی یۆنانی بوو, ناوی لێنرابوو (ئیـبراهیم) پـاش ئـەوەی سـولەیمان لەسـەرتەختی سـەڵتەنەت دانیشـت ئیبراهیمی بـردە دەربـار و پـاش ماوەیـەك خوشـکێکی خۆشـی دایە و کردیە سەرەك وەزیرانی دەوڵەتی خەلافەت.

لـەم بارەیـەوە (باربـەر) نوسـیویە: (لەگـەڵ پتـەوبوونی دۆستایەتی نێوان ئیبراهیم و سلێمان و بەنێوبانگ بوونی خێرای ئیـبراهیم پێدەچـوو هـەم نێوبـانگی ئیـبراهیم پـتر بێـت و هـەم دۆستایەتیەکەی لەگەڵ سولەیمان دا پتـەوتر بێـت, هەنـدێجار ئـەم دووکەسـە جلـی یەکـدییان دەپۆشـی و کاتـێ لێکـدیش دووربانایە نامەی دۆستانەیان بۆ یەکدی دەنـارد, زۆربـەی کـات لەیەك ژوور دەنوستن, جێی سەرسوڕمان نییە ئەگـەر دەربـاری عوسمانی لەو پەیوەندییە بـەقین دا بچـێ و تەنانـەت مقۆمقـۆی ڕیسـوایی دەبیسـترا, ئـەم دووانـە.. لـەکاتی جەنگیشـدا لەیـەك چادر و تەنانەت لەسەر یەك جـێ دەنووسـتن لەبەرئەوەشـە کـە هەنـدێ لـە مێژوونووسـان پێیـان وایـە پەیوەنـدی جنسـیان لەنێواندا هەبووە, نابـێ ئـەوەشمان لەبیربچـێ کـە کـارێکی وا و

لەوسەردەمەدا شتێکی ئاسایی بووە و بەقەدەر ئێستا بەناماقوڵ و دوور لە ڕەوشت لەقەڵەم نەدەدرا(113).

(تارونیە) ی گەڕیدەی فەرەنسی کە لەسەرەتای سەدەی حەڤدەهەمی زاینیدا سەردانی ناوچەکەی کردوە ئاماژەی بەوەدا کە نێربازی لە دەوڵەتی عوسمانیدا بێ لێپرسینەوەیە و لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بە تاوان حیساب ناکرێ(114).

(علی الوردي) یش وەك پێشتر ئاماژەمان بۆدا پەروەردەی انکشارییەکان و دواتر هێنانی مەمالیکەکان بەسەرچاوەیەکی سەرەکی نێربازی لەقەڵەم دەدات, الوردي دەڵێت کە ئەم دیاردە زۆر بەربڵاوبووە لەعێراقی سەردەمی عوسمانیدا و نزیکەی نیوەی خەڵکی عێراق مومارەسەیان کردوە. هەروەها ئاماژە بەوەدەدات کە زۆر کەس نێربازییان بە ئازایەتی زانیوە و ڕێزیان لە نێربازان گرتووە. لەوسەردەمەدا چایخانە و قاوەخانەکان, سەربازگەکان, مزگەوتەکان شوێنی هەتیوبازی بوون, کابرای هەتیوباز لە قاوەخانە دادەنیشت و هەتیوەکەی لەپاڵ خۆیدا دادەدا و شتی بۆ دەکڕی و شانازی پێوەدەکرد. هێندێکیان جلوبەرگ و خەرجی ڕۆژانەشیان دەدایە هەتیوەکانیان. جاری وا هەبووە هەتیوێك لەو هەتیوانە شانسی سەری‌دەگرت و دەبووە کاربەدەستێکی مەزنی دەوڵەت, ئەوەش وای لە خەڵك دەکرد بڕوایان بەوەبێ کە هەرکەس حیز نەبێ پلەوپایەی گەورەی چنگ ناکەوێ(115). دیارە مەسەلەیەکی وا لەنێو کوردەواریشدا ڕەنگی‌داوەتەوە و وتویانە (لە شانسی حیز گەزۆ دەبارێ).

هەروەها دەگێڕینەوە لەسەردەمی عوسمانیدا لاوێك چاوی بە پیرەهەتیوبازێك کەوتووە و سڵاوی گەیاندوێتێ, پیرە هەتیوباز وتویە: تۆ کێی, لاوەکە لەوەڵامدا وتبوی: من ئەو منداڵە جوانەی دراوسێتان بووم کە چەند ساڵ لەمەوبەر زۆرت بۆ حەولدام و نەتتوانی بمکەی بە تەڵەوە, پیرە هەتیوباز لەوەڵامدا وتبوی: ئینجا چیت قازانجە, ڕۆڵە ئەوانەی کە من بە منداڵی گاومن ئێستا گەر وەزیر نەبن, ئەوا هەریەکەیان لەشوێنێك والییە ! !

دیارە لە واقیعێکی وادایە کە شێخ ڕەزا ڕوودەکاتە دەسەڵاتدارانی عوسمانی و دەڵێ:

**قازی ڕەئیسی ئەوەڵ, تۆش موردەدەعی عمومی**
**ئەم کارە چۆن سەرئەگرێ لەعنەت لەبابی ڕۆمی**

پاش نمایشکردنی ئەم کورتە مێژوویە خوێنەر دەتوانێ قەزاوەت بکا و بزانێ کە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بەدرێژایی هەزار و چەند سەد ساڵێکدا لەسایەی کام دەوڵەت و بە ڕێنوێنی کام دەسەڵاتداران ژیانیان گوزەراندووە, ئەگەر خەلیفەکانی نوێنەری خودا و پێغەمبەر و سوڵتان و ئەمیرەکانی پارێزەرانی ئاین و شاعیرە بەتوانا و ئەدیبە لێهاتووەکانی قۆناغە مێژووییەکە بە نێربازی و شەراب نۆشییەوە خەریك بوبن, ئیدی دەبێ ئەو گەلانە چ جۆرە ژیانێکیان لەسایەی ئەو پەیوەندییە گەندەڵە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییانە بردبێتەسەر, دیارە زۆر گروپ و کەسانی بێئاگا یاخود مەبەستدار هەن کە دەیانەوێت ڕەوڕەوەی مێژوو بۆ دواوە


www.pertwk.com

بگێڕنەوە و بمناخەنەوە سەردەمی وەلید و ئەمین و موعتەسەم و واثق... یا سوڵتان محمود و قازی هەمەدان و شاتەهماسب و جارێکی دی سەردەمی نێربازی بکەنەوە رێباز و نیاز.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

1- عبدالله, سامي, النشاط الجنسي لدى الرجال والنساء في ظواهره السوية والشاذة, مؤسسة المعارف بيروت, ص 230.
2- الوردي, على, دراسة في طبيعة المجتمع العراقي, الطبعة الأولى, ص 324.
3- عبدالله, سەرچاوەی ناوبراو, ل 237-238.
4- هەمان سەرچاوە, ل 236.
5- مسعود محمد لە کتێبی (المجتمع البشري لماذا يشبه مستشفى المجانين) دا ئەو ناکامییەی مرۆڤی بۆ سروشتی تێکدەرانە و گێرەشێوێنانەی خودی مرۆڤ گێراوەتەوە و دەڵێت لەکۆڕێکدا کابرایەك هەستاوە لەرووی زانستی و تەندروستی و کۆمەڵایەتیەوە زیانی نێربازی شیکردۆتەوە, خێرا سەرۆکی یەکێ لە باندە هاوجنسبازەکانی لێ‌راست بۆتەوە و لەجیاتی رونکردنەوە یەك جرتی نایابی بۆلێداوە.
6- رواندی, مرتضی, تأریخ اجتماعی ایران, جلد هفتم, چاپ سوم, ص 379.
7- الوردي, سەرچاوەی ناوبراو, ل 323.
8- هەمان سەرچاوە, ل 322.
9- هەمان سەرچاوە, ل 322.
10- رواندی, سەرچاوەی ناوبراو, ل 389.
11- شایەنی باسە لەنێو بوونەوەرانی دیکەدا, گا لەو گیانەوەرانەیە گەر بێتو لە مێ دابڕێ پەنا بۆ هاوجنسی



www.pertwk.com

خۆی دەبا, کەڵەشێریش هەر بەوشێوەیە, مەیمون دەسپەڕ بە سەلامەت تر دەزانێ.

12- لەم رووەوە شێخ رەزای تاڵەبانی دەڵێت:

کێر کە هەستا نە لە بێگانە دەپرسێ نە لە خوێش

گوزی خۆی هەردەوەشێنێ چ لە پاش و چ لە پێش.

13- الوردي, علي, لمحات اجتماعية من تأريخ العراق الحديث, الجزء الأول. مطبعة الارشاد, ص 152.

14- بڕوانە: دیوانی کوردی, مستەفابەگی ساحێبقران, چاپخانەی کوردستان, هەولێر.

15- ابن خلدون, عبدالرحمن بن محمد, مقدمة ابن خلدون, الجزء الثالث, القاهرة, ص 877-880.

16- مرعشی, تأريخ طبرستان, چاپ أول, ص 107.

17- رواندی, سەرچاوەی ناوبراو, ل 419.

18- المنجد, الدكتور صلاح الدين, الجنس عند العرب, الطبعة الرابعة, بغداد, ص 10.

19- عبدالله, سەرچاوەی ناوبراو, ل 232.

20- هەمان سەرچاوە, ل 237.

21- الكتاب المقدس, دار الكتاب المقدس, لبنان, ص 20.

22- القرآن الكريم.

23- بڕوانە:

الشورابي, عبدالحميد, جريمة الزنا في ضوء القضاء والفقه, الأسكندرية. دار المطبوعات الجديدة, ص 121-122.

24- محمود, د. ضاري خليل, تفاوت الحماية الجنائية بين المرأة والرجل في قانون العقوبات المقارن والشريعة الاسلامية. مبطعة الجاحظ, بغداد, ص 5.

25- رواندی, سەرچاوەی ناوبرا, ل 378.

26- الشريف, الدكتور محمد, الأسلام والحياة الجنسية, دار مكتبة الهلال, ص 109-110.

27- محمود, سەرچاوەی ناوبراو, ل 47.

28- المسعودي, أبو الحسن على, مروج الذهب ومعادن الجوهر, بيروت, الجزء الرابع, ص 230.

29- الثعالبي, ابى منصور عبدالملك, لطائف اللطف, تحقيق: الدكتور عمر الاسعد, بيروت, دار المسيرة, ص 86.

30- وەرگيراوە لە: رواندی, سەرچاوەی ناوبراو, ل 376-377.

31- العلي. الدكتور صالح أحمد, محاضرات في تأريخ العرب, الجزء الأول. الفصل العاشر.

32- المنجد, سەرچاوەی ناوبراو, ل 12.

33- هەمان سەرچاوە, ل 24.

34- الأبشيهي, الأمام شهاب الدين بن محمد, المستطرف في كل فن مستظرف, مؤسسة عزالدين, بيروت, ص 511-512.

35- المنجد, سەرچاوەی ناوبراو, ل 26.

36- هەمان سەرچاوە, ل 35-36.

37- الذهبي, سيرة اعلام النبلاء, الجزء الثالث, ص 251.

38- الثعالبي, سەرچاوەی ناوبراو, ل 39.




www.pertwk.com

39- الأطرقضي, رمزية الحياة الأجتماعية في بغداد منذ نشأتها حتى نهاية العصر العباسي الأول. الطبعة الأولى, بغداد, ص 162-163.

40- الخطيب البغدادي, الحافظ ابوبكر أحمد بن على, تأريخ بغداد أو مدينة السلام, تصحيح: محمد الحامد الفقى, الجزء الأول, ص 277.

41- ابن جوزية, المنتظم في تأريخ الملوك والأمم, الجزء الثامن, ص 4.

42- ابن عبد ربه, أحمد بن محمد, العقد الفريد, الجزء الأول, دار أحياء التراث العربي, ص 168.

43- المنجد, سەرچاوەی ناوبراو, ل 47.

44- هەمان سەرچاوە, ل 47.

45- هەمان سەرچاوە, ل 44-45.

46- الذهبي, سەرچاوەی ناوبراو, ل 77.

47- ابن الأثير, على بن أحمد بن ابي كرم, الكامل في التأريخ, الجزء السادس القاهرة, ص 120.

48- الأطرقچی. سەرچاوەی ناوبراو, ل 168.

49- التنوخي, الفرج بعد الشدة, الجزء الثاني, ص 22.

50- السيوطي, جلال الدين, تأريخ الخلفاء, حققه و قدم له و خرج آياته: قاسم الرفاعي و الشيخ محمد العثماني, دار القلم, بيروت, ص 340-236.

51- المنجد, سەرچاوەی ناوبراو, ل 53.

52- هەمان سەرچاوە, ل 27.

53- هەمان سەرچاوە, ل 27.

54- العيون والحقائق بأخبار الحدائق (المعتصم) بأعتناء ما بهستين, ليدن, ص 150.

55- الطبري, على بن جرير, تأريخ الرسل والملوك, الجزء الحادى عشر, ص 7.

56- اليعقوبي, كتاب البلدان, ص 23.

57- ابن خزذابة, المسالك والممالك, ص 39.

58- بۆ هاتنى رەگەزى تورك بۆ رۆژهەڵاتى ئیسلامى بڕوانە: محمود شريف, د. حسن أحمد و أحمد ابراهيم, العالم اللأسلامي في العصر العباسي. الطبعة الأولى, دار الفكر العربي.

59- السيوطي, سەرچاوەى ناوبراو, ل 381.

60- بڕوانە: رواندى, سەرچاوەى ناوبراو, ل 380.

61- هەمان سەرچاوە, ل 375.

62- السيوطي, سەرچاوەى ناوبراو, ل 387.

63- هەمان سەرچاوەى ناوبراو, ل 389.

64- هەمان سەرچاوە, ل 387.

65- فودة, دكتور فرج, الحقيقه الغائبة, ص 128.

66- المنجد, سەرچاوەى ناوبراو, ل 55.

67- ابن الأثير سەرچاوەى ناوبراو, ج 7, ل 174-175.

68- السيوطي, سەرچاوەى ناوبراو, ل 423, المنجد, سەرچاوەى ناوبرا, ل 56.

69- الشابشتى, أبو الحسن على بن محمد, الديارات, تحقيق: گورگيس عواد, دار الرائد العربي, الطبعة الثالثة, ص 193.

70- هەمان سەرچاوە, ل 195.


www.pertwk.com

71- المنجد, سەرچاوەی ناوبراو, ل 60, دیوان أبی نواس, تحقیق الأستناد محمود کامل, ص 205.
72- الثعالبي, سەرچاوەی ناوبراو, ص 47.
73- راوندی, سەرچاوەی ناوبراو, ل 399.
74- الشابشتي, سەرچاوەی ناوبراو, ل 205-206.
75- بۆ زیاتر لە ژیانی ئەم شاعیرە:
ابو فرج الاصفهاني, الأغاني, الجزء السادس, ص 165-205.
76- المنجد, سەرچاوەی ناوبراو, ل 66-67.
77- راوندی, سەرچاوەی ناوبراو, ل 325.
78- وەرگیراو لە: مجتبی مینوی, نقد حال, نظام الملك, ص 222.
79- راوندی, سەرچاوەی ناوبراو, ل 390-391.
80- مهدی محقق, رهنمای کتاب, تیرماه 1339, ص 224.
81- بن تغريبردي, جمال الدين أبي المحاسن, النجوم الزاهرة في ملوك مصر و القاهرة. مصر, الجزء الخامس, ص 288-289.
82- الذهبي, شمس الدين بن محمد, تاريخ الأسلام و وفيات المشاهير والأعلام, الطبعة الأولى. تحقيق: د. عمر عبدالسلام تدمري, دار الكاتب العربي, ص 188-189.
83- الابشيهي, سەرچاوەی ناوبراو, ل 512.
84- المقريزي, السلوك لمعرفة دول الملوك, الجزء الأول, ص 813.
85- العريني, د. السيد الباز, المماليك, دار النهضة, ص 134.

86- المقريزي, سەرچاوەی ناوبراو, ج2, ص 525-536.
87- بن تغريبردی, سەرچاوەی ناوبراو, ج7, ل 321.
88- الابشيهي, سەرچاوەی ناوبراو, ل 764.
89- أبو فضل بيهقي, تأريخ بيهقي, تصحيح: على أكبر فياض, چاپ أديب, ص 417-418.
90- هەمان سەرچاوە, ل 252.
91- عروضی, نظامي, ضهار مقالة, چاپ أول, ص 32-34.
92- شيرازی, سعدی, گلستان, گزينەو سخن فارسی.
93- سفرنامەو ابن فضلان, ترجمه: أبو الفضل طباطبائي, چاپ أول, ص 334.
94- رواندی, سەرچاوەی ناوبراو, ل 406-407.
95- اقبال, عباس, تأريخ غول, ص 338.
96- واصف, بدايع الوقائع, جلد دوم, ص 1222.
97- جەوينی, عطا ملك, تأريخ جهانطشا, بة اهتمام سيد جلال تهران, جلد سوم, ص 139.
98- باربارو, جوزفا, سفرنامەو ونيزيان, ترجمه: منوچهر اميری, چاپ أول, ص 429.
99- فلسفی, نصرالله, زندگی سياسی شاعباس, جلد أول, انتشارات علمی, ص 31.
100- تارونيه, زندگی سياسی شاعباس أول, جلد سوم, ص 55-63.
101- هەمان سەرچاوە.
102- شاردن, ژان, سياحتنامەو شاردن, ترجمەء محمد لوی عباس, جلد دوم, ص 214.

103- رستم الحکما, رستم التواریخ, به اهتمام محمد مشیری, ص 200.

104- سەبارەت بە دەربارى پهلوى دەتوانرێت ناوى (آرنست پروین) ى سویدى هاودەمى محەمەد رەزاشا و (تقى امامى و امیر علائى) بهێنرێت کە بە (راسبۆتینى ئێران) نێویان دەرکردبوو, بەقەولى (کارمن درایفوس) ئیمامى ئومەتیش واتە (خومەینى) لە خەتابووە, بڕوانە:

فردوست, ارتشبد حسین, ظهور و سقوط سلطنت پهلوى, جلد أول, انتشارات أطلاعات, ص 46-47, 58-59 , 197-198" درایفوس, روبرت کارمن, رهینە خمینى, مطابخ المخابرات الأنگلو أمریکیة, ترجمة و تقدیم: الدکتور على شمس الدین الناصر, استاذ في العلوم السیاسیة, الو ظبي, ص82.

105- وەرگیراوە لە: رواندى, سەرچاوەى ناوبراو, ل 383-386.

106- بڕوانە: دیوان فرخى, به اهتمام دبیر ساقى, چاپ أول, ص 107.

107- وەرگیراوە لە: رواندى, سەرچاوەى ناوبراو, ل 387-388.

108- نفیسى, سعید, دیوان عراقى, مقدمه, چاپ چهارم, ص 42-49 , 209.

109- صفاء ذبیح الله, تأریخ ادبیات ایران, جلد دوم, ص 71.

110- دیوان ایرج میرزا, به اهتمام دکتر محمد جعفر محجوب, ص 196.

111- رواندى, سەرچاوەى ناوبراو, ص 376.

112- باربەر, نوێل, فەرمانڕەوایانی قۆچی زێڕین, وەرگێڕانی: ئازاد کەریم وەلی, چاپی یەکەم, هەولێر, 2001, ل 31-32.
113- هەمان سەرچاوە, ل 23-35.
114- تارونیە, سەرچاوەی ناوبراو, ل 55-56.
115- الوردي, دراسة في طبيعة.. ل 323-234" لمحات اجتماعية, ل 152-153.


www.pertwk.com